

دیڤید ئۆین

دەسەڵات و نەخۆشی

وەرگێڕانی
شێرزاد هەینی

دیڤید ئۆین

دەسەڵات و نەخۆشی

کتێبێکە باس لە بڕیارە سیاسییەکانی سەرۆکە نەخۆشەکان دەکات لە
سەدەی ڕابووردوودا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
شێرزاد هەینی

المرض والسلطة

تأليف: د. ديفيد اوين

ترجمة واعداد: محمد حسن ومحمد امين



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب: دەسەڵات و نەخۆشی
- نووسەر: دیڤید ئۆین
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی
- بابەت: مێژوو
- پیتچنین: شێرزاد هەینی
- هەڵەبڕی: ئەحمەد مەحمود
- دیزاینی ناوەرۆک: نزار نوری
- بەرگ: ئاگام عەلی
- تیراژ: ٧٥٠
- زنجیرە: ٢٦٨
- چاپخانە: کانۆ
- چاپ: چاپی یەکەم ساڵی (٢٠١٠)
- ژمارەی سپاردن: (١٨٦٠) ساڵی (٢٠٠٩)

پێرست

بەشی یەکەم
پەیوەندیی نێوان سیاسەتو پزیشکیو سیاسییەکانو دکتۆرەکان چییە...؟

بەشی دووەم
شای ئێران ساڵی ١٩٧٣ تووشی کانسەری لیمفە رژێنەکان بووە

بەشی سێیەم

شا بەرنامەی وابوو تا ساڵی ١٩٨٣ لە دەسەڵات بمێنێتەوە

بەشی چوارەم

فرانسوا میتێرانو کانسەری پڕۆستات

به‌شی پێنجه‌م

رۆماتیزم له‌بری كانسه‌ر

به‌شی شه‌شه‌م

میتێران له‌كاتی شه‌ڕی كه‌نداودا چالاك بوو، شوێنه‌واری نه‌خۆشیشی پێوه‌ دیارنه‌بوو

بەشی حەوتەم
ئەنتۆنی ئایدن و نەخۆشی

بەشی هەشتەم
ئایدن لە کاتی قەیرانەکەی ئەلسوێس دەرمانی زۆرتری خواردووە

بەشی نۆیەم
لە وڵاتانی دیموکراتیدا هەتا هەتایی نهێنییەکان بە شاراوەیی نامێنێتەوە

بەشی دەیەم

كەنەدی نەخۆشییەكەی لە ئەمریكییەكان دەشارێتەوە

بەشی یازدەهەم

ئەو دكتۆرەی چارەسەری كەنەدی دەكرد، مۆڵەتی كاری نەمابوو

بەشی دوازدەهەم

بۆش‌و بلێر لوتیان بەرزبوو

بەشی سیازدەهەم

پاوڵ: پرسیبووی کەسی مەعقول هەیە بەدیلی سەدام بێت...؟

بەشی چواردەهەم

فشارە بەهێزەکەی رەوشی عێراق بلێری دووچاری نەخۆشی دڵ کردبوو

بەشی پازدەهەم

بۆش و بلێر لە نەفامییەوە تووشی لوتبەرزی هاتن

بەشی شازدەهەم

بۆش و بلێر لەرووی سیاسییەوە گەمە بە کارتی ئایین دەکەن

بەشی حەڤدەهەم

دەڵێن گوایە سەرۆك بۆش گەڕاوەتەوە سەر مەی خواردنەوە

لە نێوان دوو کەوانەدا

(ئـەم کتێبـە لەلایـەن لـۆرد دیڤیـد ئـۆین بـە زمـانی ئینگلیـزی نووسراوەو چاپکراوەو لە رۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی بە زنجیرە لـە رۆژانـی ٢٧ی مـایۆ تـا ١٢ی یونیـۆی سـاڵی ٢٠٠٩ بـە زمـانی عـەرەبی بڵاوکراوەتەوە. دیارە کەوا کتێبەکە چەندین لاپەڕەو راستی مێـژوویی بڕیـارە سیاسـییەکان‌و دەسـەڵاتی سـەرۆکە نەخۆشـەکانی جیهـانی باسـکردووە، بـەڵام وا دیـارە چـەند بەشـێکی حیسـاباتی خـۆی لەگـەڵ حکومەتەکەیـدا کـە ماوەیـەك تێیـدا وەزیـری دەرەوەی بریتانیـا بـووە ساغکردبێتەوە. ئەو لە سەردەمی حکومەتی جیمس کالاهان لە سـاڵانی حـەفتاکانی سـەدەی رابـردوو وەزیـری دەرەوەی بریتانیـا بـووە. بەشـداربووە لـە دامەزرانـدنی حیزبـی سۆسـیال دیمـوکراتی بریتـانی، ماوەیەکیش سەرۆکی ئەو حیزبـە بـووە، ئێسـتاش دوا پۆسـتی ئەنـدامی ئەنجومـەنی لۆردانـە، ماوەیـەکی زۆر سـەرقاڵی بـاری تەندروسـتی سەرۆکەکان بووە. نووسەرەکە چەندین کتێبی تری لـە بـواری سیاسیدا

هەیە، وەك (ئۆدیسای بەلکان)و (رەوشتی لوتبەرزی)و چەندی تریش.

من وا هەست دەکەم ناوەرۆکی ئەم کتێبە بابەتێکی زیندووەو کەم لە کوردستان‌و ناوچەکەمان ئازایانە ئاوڕی لێ دراوەتەوە، چونکە ماوەی حوکمڕانی سەرۆکەکانی ئەم ناوچەیە، تا مردنە لە کورسییەوە بۆ نەخۆشخانە، یان یەکسەر بۆ گۆڕستان بووە، لەو ماوەیەشدا کەس باسی نەکردوون‌و توێژینەوەی بابەتییانەیان لەسەر نەنووسراوە.

شێرزاد هەینی

ستۆکهۆلم

هاوینی ٢٠٠٩

بڕیارە مێژووییەکان کە لەلایەن سەرکردە نەخۆشەکانەوە دراون

پێشەکی

کتێبی دەسەڵات و نەخۆشی، کە لە لایەن وەزیری دەرەوەی بریتانی پێشووتر (دیڤید ئۆین) نووسراوەو لە ڕۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر باندۆری سەرۆکە نەخۆشەکانی جیهان. بابەتێکە لەسەر باندۆری نەخۆشییەکان و چارەسەرکردنەکانی بەدەنی و دەروونییان، لەسەر بەڕێوەبردنی دەسەڵات و دەرکردنی بڕیارەکان، کە ئەنجامی بڕیارەکان کوێرانەو گێژانەو گەوجانە بووە.

نووسەرەکە بایەخی بەو سەرکردانە دابوو کە نەخۆشی ئاساییان نەبوو، کارو فەرمانەکانیان بە شێوەیەکی باش بەڕێوە دەبرد، بەڵام ئەوانە لەگەڵ لوتبەرزی و زۆرداری هاوسۆزبوون، ئەوەیان لە ڕەوشتیان دیاربووە، ئەوانە کەمیی وزەیان هەبوو، بڕوایان بە خۆیان نەبوو بۆ چارەکردنی کێشەکان، بۆیەش هیچ جۆرە ئامۆژگارییەکیان وەرنەدەگرت، ئامادەش نەبوون داوای هاوکاریش بکەن.

دکتۆر دیڤید ئۆین ماوەیەکی زۆریش سەرقاڵی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسەت و پزیشکی بووە، خەریکی بەدواداچوونی نەخۆشی

سەرکردەکان بووە، کە ئەو نەخۆشیانە چۆن لەگەڵ ژیانیاندا گونجاوە، چـۆن دەکـرێ ئـەو کۆمەڵگایانــە لــەو ســەرکردە نەخۆشــانەو لــە نەخۆشییەکان بپارێزن.

ئەم کتێبە لـە بەشی یەکـەمو دووەمیـدا بـاس لـە نەخۆشـییەکانی سەرۆکی وڵاتەکانی سەدەی بیستەم دەکات، بەتایبەتی ئـەو سـەرۆکانەی لە مـاوەی سـاڵانی ١٩٠١ تـا ٢٠٠٧ دەسـەڵاتیان بـە دەسـت بـووە، هـەروەها کتێبەکە پێنج بەشی تێدایە کە رووداوە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە، لـە بەشێکیشـدا بـاس لـە نەخۆشـی سـەرۆك وەزیرانـی بریتـانی (ئـەنتۆنی ئایدن) دەکات، بەتایبەتی لە کاتی رووداوەکەی کەناڵی سویس. بەشێکی تریشی باس لە هەڵسوکەوتو نەخۆشـییەکەی (جـۆن کەنـەدی) دەکـات لـە سـاڵی ١٩٦١ لـە کـاتی کێشـەکەی دوورگـەی بـەرازەکانو کێشـەی مووشەکە کوبییەکانو دیمانەی سەرۆکی سۆڤیەتی خرۆشۆف. هەروەها بەشێکی تایبەتە بە نەخۆشـی سـەرۆکی پێشـووتری فەرەنسـی فرانسـوا میتێران، کە لە کاتی سەرۆکایەتیەکەیدا نەخۆشی کانسەری پرۆسـتاتی هـەبووەو مـاوەی ١١ ساڵ بـە دەسـت ئـەو نەخۆشـییەوە ناڵاندوویـەتی. بەشێکی تری کتێبەکە تەرخانە بە رەوشتی لوتبەرزیو خۆبەزلزانینی جۆرج بۆشو تۆنی بلێر.

بەشی یەکەم

پەیوەندیی نێوان سیاسەت و پزیشکی و، سیاسییەکان و دکتۆرەکان چییە...؟

٣

من وەك پزیشكێك ماوەیەك سەرقاڵی پەیوەندی سیاسەتمەداران و دكتۆرەكان بووم، بە درێژایی ژیانم لەگەڵ ئەو بابەتەدا خەریك بووم، لەبەرئەوەی من خۆشم پزیشك بووم بۆیە بایەخم بەو لایەنە داوە، ئاورم لە نەخۆشی سەركردەكان داوەتەوە كە بە درێژایی ژیانیان لەگەڵیاندا بوون. نەخۆشییەكان زۆر مەسەلەی گرنگیان ورووژاندوەو كاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاری ترسناك هەبووە، شاردنەوەی راستی نەخۆشی سەركردەكان لە سیستەمە دیموكراسییەكان و دیكتاتۆرەكان ئاسان نەبووە، دكتۆرەكانیش كە چارەسەری ئەو سەركردە نەخۆشانەیان كردووە، بەرپرسیەتیان دەكەوێتە سەرشان، ئایا ئەوان تەنها مەبەستیان خزمەتكردنی نەخۆشەكانیان بووە، وەك چۆن باو بووە...؟ یان مەبەستیان لە پاراستنی تەندروستی سەركردەكان هۆیەك بووە بۆ باش جێبەجێكردنی سیاسەتی وڵاتەكەیان...؟

ماوەیەكی دوورو درێژە ئەندامانی بنەماڵەكەمان پیشەی پزیشكیان هەبووە، یان كاریان لە پیشەیەكی تر كردووە كە لەو بوارەوە نزیك بووە، زۆریشیان لە سیاسەتدا كاریان كردووەو لەسەر ئاستی لۆكاڵیش رۆڵیان هەبووە، هەندێكیان سیاسەت و پزیشكییان بەیەكەوە كردووە.

پزیشكی و سیاسەت

بۆیە منیش وا دەزانم و بە ئاساییشی دەزانم كە بواری پزیشكی و سیاسەت رۆڵی شەریكی لە ژیانی خەڵكدا ببینێت. ئەگەرچی سیاسەت لەسەر بوارە پزیشكییەكەم زاڵ بووە، من پەیوەندیم لەگەڵ سیاسەت هەر گەرم بووە، من پۆستی وەزارەتی دەرەوەم بینیووە، من خۆم لەناو دیكۆمێنتە رەسمییەكاندا بە لێزانی تەندروستی پێناسە كردووە، من هەر پۆستە سیاسییەكەم بە كاتیی زانیوە، من هەرگیز سیاسەتم نەكردۆتە پیشە، من لە هەموو پرۆسەكانی هەڵبژاردنەكاندا بەشدار دەبووم، هەموو كاتێكیش وام زانیوە لەو پرۆسەیەدا سەرناكەوم، دڵنیا نەبووم لەوەی دەردەچم، بەڵام لە كۆتاییدا ماوەی ٢٦ ساڵ وەك ئەندامی ئەنجومەنی عموم مامەوە، ئەوەش لە ماوەی هەموو هاوڕێیەكانم درێژتر بووە.

سەرەتا

ژیانی من لە سەرەتاوە ئاوێتەیەك بوو لە پزیشكی و سیاسەت، من لە نەخۆشخانەی (سانت تۆماس) لەسەر رووباری تایمز بەرامبەر كۆشكی ویستمنستر لە لەندەن دكتۆرێكی نوێ بووم، بە شێوەیەك لە شێوەكان پزیشكی منی بردە ناو پۆلیتیك، من لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ یەكەم جار بۆ هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان كاندید كرام. من كە خوێندكاری كولێژ بووم لە سیاسەت نزیك بووم، كە ژیانی نالەباری هاوڵاتیانی

خـوارووی لەنــدەنم بـینی کـە دەکاتــە ناوچـەی خزمەتگوزاریــەکانی نەخۆشخانەی سانت تۆماس، برسیەتی ئەوانم هەست پێکرد، نـەبوونی یەکەی نیشتەجێیم زانی، بوومە ئەنـدام لـە حیزبـی کرێکاران، کـە لـە سـالی ١٩٦٢ خوێنــدنم تـەواو کـرد، حیــزب داوای لــە مـن کـرد وەك پالێوراوی ناوچەیەکی لادێی گەورە خـۆم کاندیـد بکـەم، ئێستا زۆرم لا سـەیرەو بـڕواش ناکـەم مـن چـۆن ئـەو بیرۆکەیـەم قبـوول کـردو خـۆم کاندیـد کـرد، رەنگـە هۆکـاری سـەرەکی کـە مـن خـۆم هاویشـتۆتە ئـەو بازنـەیە ئـەوەبوو کـەوا زۆر سـەرقالی پزیشکی نـەبم، ژیـانم تـەنها لـەو بوارەدا سەرف نەکەم، چونکە ئەوەم باش دەزانی کەوا زۆر لـە هاورێیـە دکتۆرەکـانم لـە ژیـانی خۆیـان لـەو بـوارەدا ئەوەنـدە سـەرقال دەبـوون ئاگایان لە هیچ بـواری تـر نـەدەما، زانیارییـان لـە لایـەنی ژیـانی گشتی نــەبوو، رۆژنامەیــەکیان نەدەخوێنــدەوە، گوێیــان لــە رادیۆیــەك رانــەدەگرت، سـەیری بەرنامەیـەکی تەلـەڤزیۆنییان نـەدەکرد، بـواری هیچیان نەبوو، هەموو ژیانیان لـە نەخۆشـخانەکان سـەرف دەکـرد. مـن لە سالی ١٩٦٤ بۆ کـاری هەلبژاردنـەکان مـاوەی سێ هەفتـە مۆلـەتی بێ مووچەم لە دائیرە وەرگرت، تا خەریکی بازنـەکانی هەلبژاردن بم، بەلام لـەو هەلبژاردنــەدا دەرنەچـووم. بۆیــەش کـە گەڕامـەوە نەخۆشـخانە لەسەر پۆلیتیك و خۆپالاوتن سارد بوومـەوەو زۆرتـر ڕووم لە پزیشکی کردەوە، بەلام دوا بڕیارم نەدابوو، من لـە هەلبژاردنەکـەی سـالی ١٩٦٦دا لە پرۆسەیەکی چاوەڕوان نەکراودا بوومە ئەنـدام پەرلەمان.

له پەرلەمان و له نەخۆشخانەدا

دوو ساڵ له نەخۆشخانەو له پەرلەمانیش کارم دەکرد، بەڵام کە بوومە وەزیری دەریاوانی لە ساڵی ١٩٦٨ دوە مەسەلەکە گۆڕا، چونکە لەودەمانەدا نەدەکرا کەسی وەزیر بێجگە لە کاری وەزارەت هیچ پۆستو کاری تر بکات، بۆیە سەرقاڵی وەزارەت بووم، بەڵام کە حیزبەکەمان حیزبی کرێکارانی بەریتانی هەڵبژاردنەکەی دۆڕاندو حکومەتەکەمان لە دەست نەما، منیش لە پۆستی وەزارەت نەمام، تەنها وەك پەرلەمانتارێك لەو حیزبە مامەوە، بۆیە بوارم بۆ سازبوو، وەك دکتۆرێك بگەڕێمەوە نەخۆشخانە، تا ساڵی ١٩٧٤ بوومە وەزیری تەندروستی، بەڵام کە لە ساڵی ١٩٧٧ تا ساڵی ١٩٧٩ پۆستی وەزارەتی دەرەوەم وەرگرتبوو، زۆر رازی بووم هەرگیز ئەوەندە بە وەزیفەکەم دڵم خۆش نەبووم، ئەوەندە بە کارەکەم شادمان نەبووم، هەروەها کە لە پۆستەکانی سەرۆکی حیزبی دیموکراسی کۆمەڵایەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٧و لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٨و سەرۆکایەتی هاوبەشی کۆنفراسی تایبەت بە یۆگۆسلاڤیای پێشوو لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٥ کارمکردووە.

پەیوەندییە نهێنییەکان

ماوەی چەند ساڵێك وەك پزیشك لەو بوارەدا کارمکردووە، لەو ئەزموونە جوانەدا زۆر شت فێربووم، لەگەڵ چەندین پزیشك کارمکردووەو سیاسەتمەداری گەورەم چارەسەرکردووە، راستەوخۆ وزەو خۆماندوکردنی رۆژانەی کاری سیاسەتم هەست پێکردووەو لە پەیوەندییە نهێنییەکەی نێوان سیاسەت و دکتۆرەکان باش تێگەیشتووم، زۆریشم دیوە.

سیاسەتمەداری پایەدارم لە خولیابوون بە ئەلکحول چارەسەرکردووە، کەسانی سیاسیم دیوە دووچاری خەمۆکی دژوار هاتووە، زۆریان دەیانپرسی ئەو ئەرکە گرانانە چەند باندۆریان لەسەر باری تەندرستی هەیە، ئەو کارە قورسانە چەند نەخۆشمان دەخات، نەخۆشم لەوانە دیوە ماددەی سڕکەریان هەڵمژیوەو خولیای موخەدەرات بوون.

لەوماوەیەی کە دکتۆر بووم و لە سیاسەت نزیك بووم باش شارەزا ببووم کە بڕیاری گرنگ لەسەر ئاستی سیاسی باڵا بدەم، لە ساڵی ۱۹٦۲ ئاگاداری تەنگژەی مووشەکەکانی کوبا بووم، لە شەڕەکانی ڤێتنام نزیك بووم، کە لە ساڵی ۱۹۷۲ لە وەزارەتی بەرگری کارمکردووە کتێبێکم لەسەر پرۆسەی بڕیاردان و مەترسییەکانی ئەو بڕیارانەو هەڵەکانی ئەو پێشهاتانەم نووسیبوو. هەمووتان ئەو قسە بە نرخەی (لۆرد ئاکتۆز) دەزانن کە وتبووی:

پاوەر بۆگەن دەبێت و دەسەڵاتی رەها هەمووی بۆگەنییە. یان قسە بە نرخەکەی مێژوونووسی ناودار (باربارە توشمان) دەزانن کە وتبووی: (هێز و پاوەر گەوجی بەرهەم دەهێنێت).

وەزیری دەرەوە

کە من بوومە وەزیری دەرەوە، تێگەیشتم نەخۆشی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر پرۆسەی بڕیاردانەکان لەناو حکومەتدا، ئەوەم لە زۆر بۆنەدا هەستپێدەکرد، زۆریش بە سەرکردە تەندروست باشەکان سەرسام بووم، ئەوانە هەستی پێزانینیان باش‌و کارامەبوو، بەلام ئەوانە نەخۆشییەکی تریان هەبوو، ئەویش لووتبەرزی بوو، لە ولاتە دیموکراسیەکان ئەوەیان بە چاودێری‌و پەرلەمان‌و حکومەت‌و میدیاوە لە بن دەستی ئەو سەرکردە زۆردارانە دەرهێناوەو کۆنترۆلیان کردووە. ئەو دیاردەیە لە ولاتانی تری سیستەم دیکتاتۆریەت، کە چاودێری دیموکراسی‌و پرینسیپ تێدا نەبووە، تەنها کودەتای سەربازی هەبووە، یان گەمارۆو بایکوت‌و فشاری نێودەولەتی کاریگەری هەبووە، دیارە کە چارەنووسەکە بەرەو داگیرکردنی بێگانە تەواو بووەو بوونەتە چەندین هێمای پرسیار بۆ سەرکەوتنەکان‌و دەربازبوون.

گەندەڵی دەسەلات

من بەختیاربووم کە لە حکومەتەکەی سەرۆك وەزیران (هارۆلد ویلسۆن)و (جیمس کالاهان) بەشداربووم، چونکە ئەوانە گەندەڵیان تێ نەکەوتبوو، یەکەمیان لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ۱۹۷۹ شکستی خواردو دووەمیشیان لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ۱۹۷۹ شکستی بەرکەوت. ئەزموونەکە دژواربوو. بەلام کەسی سیاسی وەك چۆن کەسێکە بۆ

خزمەتی میللەتەکەی کار دەکات، بڕواشی وایە هەر دەمێك میللەتەکەی ئەو متمانەی لێوەرگرتەوە، پێی ئاساییەو لە پۆستەکەی دەکشێتەوە.

لە ماوەی پۆستەکەیدا لە نێوان سالانی ١٩٦٤ تا سالی ١٩٧٠ ویلسۆن دەسەلاتی رەهای هەبوو، ئەگەرچی ئەو لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو، لەسەرەتای حەفتاکانەوە چەند گرفتی تەندروستیشی هەبوو. کە لە سالی ١٩٧٤ دەسەلات وەردەگەڕێتەوە، دەسەلاتی بیرکردنەوەی لاواز بوو، بۆیەش کۆمەلێك کێشەی سیاسیو ئابووری لەگەل گرفتە تەندروستییەکەی هاتووتە پێش، بەلام ئەو لە سالی ١٩٧٩و لەناکاو دەست لەکار دەکێشێتەوەو واز لە دەسەلاتەکەی دەهێنێت. ئەو پاش چەند سالێك تووشی نەخۆشی زهایمر دەبێتو چالاکی مێشکی نامێنێت. پاش ئەو جیمس کالاهان دەبێتە سەرۆك وەزیران، ئەو بە تەمەن لە ویلسۆن گەورەتر بوو، ئەو لە سالی ١٩٧٢ نەشتەرگەری پرۆستاتی بۆ دەکەن، کە چاك دەبێتەوە لە سالی ١٩٧٤ دەبێتە وەزیری دەرەوە، کە دەبێتەوە سەرۆك وەزیران تەندروستی باش بووە، پاشان لە بەرامبەر مارگرێت تاتشر لە سالی ١٩٧٩ هەلبژاردنەکە دەدۆڕێنێت، بە شەرەفو بە کەرامەت لە داونینگ ستریت دەچێتە دەرەوە.

من لەگەل چوار سەرۆك وەزیران بووم لەوانە ئیدوارد هیپو مارگرێت تاتشرو جۆن میجەرو تۆنی بلێر. من کۆششم کردووە تەندروستیو نەخۆشی سەرۆك حکومەتەکانی هەموو جیهان سۆراخ بکەم، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیم پێوەیان هەبووە، ئەوەشم بۆ ئەوە بوو تا خوێنەرەکانم چاك بزانن کە چ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو دوو میتۆدەدا دەسلاتو نەخۆشی هەیە.

ئاوەزو جەستە

قسەکردن لەسەر نەخۆشی جەستەیی سەرکردە سیاسییەکان بە ئاشکرا جیاوازە لەگەڵ ئەو سەرکردانەی نەخۆشی دەروونییان هەبووە، ئەوانەی ئاوەزیان تەندروست نەبووە، چونکە خەسڵەتەکانی نەخۆشە دەروونیـــەکانی وەك شـــێتیو وڕێنـــەو وەهمگـــریو لوتبـــەرزیو خۆبەگەورەزانین، لە کەسایەتییە زۆردارەکانی وەك (ئەدولف هیتلەر)و (عیدی ئەمین)و (ماوتسی تۆنگ)و (سلۆبودان میلوسفیتش)و (رۆبرت موگـــابی)و (ســـەدام حوســـێن) دا هـــەبووە. لەولاشـــەوە ســـەرکردە دیموکراسیخوازەکانیش وەك (تیودور رۆزفلت ٢٧ ی ئوکتۆبـەر ١٨٥٨ - ٦ ی یەنایـــەر ١٩١٩)و (لینـــدون جۆنســـۆن ٢٧ ی ئۆگســـتی ١٩٠٨ - ٢٢ ی یەنایەری ١٩٧٣)و (ریتشارد نیکسۆن ٩ ی یەنایەری ١٩١٣ - ٢٢ ی ئـەپریل ١٩٩٤)و (مارگرێـت تاتشـر ١٣ ی ئوکتۆبـەری ١٩٢٥)و (تـۆنی بلێـر ١٩٥٣)و (جۆرج بۆشـی بـاوك ١٢ ی یونیـۆی ١٩٢٤) ئەوانـەیان هـەبووە، بـەڵام لـە رووێکـی تـرەوە ئـەوان جیـاواز بـوون. میـدیاکانو رای گشـتی زمانێـك بەکاردەهێنن ئەو زمانـە لەلایەن پزیشکەکانەوە راستکراوەتەوەو یان نەماوەو یان قەدەغەبووەو بەکار نەهاتووە، زۆر لەسەرکردەکان تووشی خـەمۆکیو دلگرانـیو نەخۆشـیە دەروونییـەکان دەبنـەوە، بـەڵام لـە راپەڕاندنی کاری پۆستەکانیان سست نابنو شکست نـاخۆنو بەکـەڵکی دەسەڵات دەمینن، سەیرە کە حاڵەتی (ئابراهام لینکۆلن ١٢ ی فبرایـری ١٨٠٩ - ١٥ ی ئـەپریلی ١٨٦٥) دەبیـنین، ئەگەرچـی نەخۆشـی خـەمۆکی هـەبووە بـەڵام دەسـەڵاتی تۆکمـە بـووە. زۆرن ئـەو سـەرکردانەی وەك لینکۆلن دووچاری ئـەو نەخۆشـیەش هاتوون، بـەڵام ئـەو رازی نـەبووە

دەسبەرداری دەسەڵاتەکەی ببێت. ئەو هەر لە گەنجییەوە مەزاجی تەواو نەبووەو زۆریش رەوشی خراپ بووە، جارێکیان لە وتارێکدا ئاماژەی بەوە دابوو کەوا نیازی خۆکوشتنی هەبووە، بەڵام ئەو کە لەگەڵ خەڵکدا بووە زۆر ئاسایی بووە بەڵام تەنهاییەکەی بێزارو سەخڵەتی کردووەو دڵگران بووەو تا رادەیەك نەی وێراوە یەك چەقۆی بچووکیش هەڵگرێت. ئەو یەکێکە لە مەزنترین سەرکردەکانی ئەمریکی کە توانیویەتی لەگەڵ نەخۆشییەکەی خۆی بگونجێنێت و کەسایەتی خۆی ساز بکات، یەکێك لە نووسەرانی کتێبەکانی لینکۆلن دەڵێت:

ئەو کەسێکی شێت نەبووە، بەڵام رەنگە جۆرێك لە ناهاوکێشەییەکی تێدا بووە، هەروەها رۆزفلت و خرۆشوفیش ئەومیان هەبووە.

دەستنیشانیان پێ ناکرێت

ئەگەر دکتۆرەکانیش دەستنیشانی شێتی سەرکردەکانیان کردبێت ئەوا هاوڵاتیان بڕوایان نەکردووەو سەرکردە مەزنەکانیان لەبەرچاو نەکەوتووە، ئەوان وەك سەرکردەی نەتەوەیی سەیریان کردوون. بەپێی راپۆرتێکی پزیشکی کە لەم دواییانەدا بڵاوکراوەتەوە هەر یەك لە سەرۆك تیۆدۆر رۆزفلت و لیندون جۆنسۆن بێ مەزاج بووینەو هەستیان بە دڵتوندی کردووەو لە ماوەی سەرۆکایەتییاندا ئەو نەخۆشیانەیان هەبووە. بەڵام رای گشتی ئەومیان قبووڵ نەبووە کە بە

سەرکردە نەتەوەییەکانیان بڵێن نەخۆش بوون، یان لە ڕۆژانی حکومڕانیاندا ناڕەحەت بوون.

دەڵێن وینستۆن تشرشل هەمان نەخۆشی دەروونی هەبووە، بەلام کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کەوا ئەو جۆرێک لە خەمۆکی هەبووە، کە خۆی ناوی لەو حاڵەتە دەروونییەی خۆی نابوو (سەگە ڕەشەکە)، بەلام رازی نەبوو بە لوتبەرزیو بەخۆ بە زلزانین بلێت ئەوە نەخۆشییە.

زۆر لە نووسەرەکانی شانۆ باسیان لە لوتبەرزی دەسەلاتدارەکان کردووەو ئاماژەیان بەو نەخۆشیە داوە، ئەوەشیان بە هەلزانیوە باس لە نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی لە سەردەمە ئالۆزەکاندا لەو ڕووانگەوە بکەن، شکسپیر یەکێك بووە لەوانەی زۆر داهێنانی لەو بوارەدا کردووە. ڕەنگە هاولاتیان ئەوە لەسەرکردەکانیان بخوازن کەوا کەسانی زۆر نائاسایی بن، کەسانێك بن بیانەوێ زۆرترین کات کار بکەنو ماندوو نەبن، کەسانی وا بن زۆر بڕوایان بە کەسایەتی خۆیان هەبێت، بە کورتی ئەو جۆرە ڕەوشتو خەسڵەتانەش لەلای پیشەوەرانی پزیشکی جۆرێکە لە شێتی. سەرکردەکان هیوادارن وەك چۆن میللەت دەخوازێت ئەوان وا بکەن، هیواو مەبەستەکانیان جێبەجێو مەیسەر بکەن، ئەو میللەتەش قبوڵ ناکات ئەو سەرکردانەیان بە کەسانی شێتو کاڵفام وەسف بکەن، ئەگەر سەرکردەکان پشتیوانی رای گشتیشیان نەمینێت ئەوا ئەوان ئامادە نین، ئەو نازناوەی دکتۆرەکان بە سەرۆکەکانیان دەڵێن ئەوان قبووڵی بکەن.

جهماوهرو پزیشکیو سهرکرده

پزیشکیی وهك جاران باس له شێتبوونی خۆبهزلزانین وهك نهخۆشییهك ناكات، بهلاّم جهماوهر بهردهوام ئهو دهستهواژهیه بهكاردههێنێت، منیش جارێكیان لهلایهن رۆژنامهنووسێكهوه بهوه تاوانبار كرام، كهوا من دووچاری شێوهیهك له شێوهكانی شێتبوونی خۆبهزلزانین هاتووم كه رازی نهدهبووم حیزبی دیموكراسی كۆمهلاّیهتی لهگهلّ حیزبی كرێكاران له ساڵی ١٩٨٧ یهكبگرنهوه، گوایه من له ئاكامی تهنگژهی عهقلّییهوه تووشی دهبهنگی هاتووم. كه دكتۆرهكان ئهو دهستهواژهیه بهكارناهێنن مانای ئهوه نییه جهماوهرهكهش بۆیان نییه ئهوه بهكاربهێنن، شێتی خۆبهزلزانین ئهگهر لهلایهن سیاسهتمهدارانهوه پهیرهو كرا ترسناكه، بهتایبهتی ئهگهر لوتبهرزیشی لهگهلّدا بوو، رهنگه وهك بابهتێكی نوێ له پیشهی پزیشكیدا لێكۆلّینهوهی لهسهر بكرێت، بهلاّم هێشتا دیاردهی لوتبهرزی نهبوویته زاراوهیهكی پزیشكی.

لهدهستدانی كارامهیی

من وا دهزانم ئهو سهركردانهی لووتیان بهرزهو خۆیان به گهورهو كاریزما دهزانن، كهسایهتییان لاوازهو كارامهییان نییه، له پۆستهكانیشیان ناوهشێنهوه بۆیه ئهو دیاردهیان پێوهیه، ئهوانه زۆر بروا به خۆیان دهكهن، گاڵتهیان به ئامۆژگارییهكان دێت، سهیرو ئاوڕ

لە دیدی بەرامبەریان نادەنەوە، هەندێ جاریش بە چاوی کەمیش سەیری ڕێنمایی‌و ئامۆژگارییەکانیش دەکەن. من دەمەوێ ئەوە بزانم ئایا ڕەوشتی لوتبەرزی هەندێك لە سەرکردەکان بەندە بە کەسایەتی‌و ڕەوشتی خۆیانەوە، کە بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکەن‌و بەرامبەرەکانیان بەو چاوە دەبینن، یان ئەو دیاردەیە وا دەکات ئەو کەسە لوتبەرزانە بەو شێوەیە دەجوڵێنەوە، یان ئەوانە هەر کە دەگەنە دەسەڵات‌و پۆستە باڵاکان وەردەگرن، دەگەنە ئەو ڕەوشتەو بە شێوەیەکی ئاسایی ئارەزووی ئەو گەورەبوونە دەکەن. یان ئەو جۆرە سەرکردانە هەر گەیشتنە سەر کورسییەکەی دەسەڵات دەگۆڕێن‌و دەسەڵاتەکەیان هزریان دەشێوێنێت...؟

چ کاتێك سەرۆك لووتی بەرزدەبێت

ئەوانەی دووچاری ئەو دیاردەیە دەبن، حەز دەکەن‌و کار بۆ ئەوە دەکەن ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر کورسی دەسەڵات بمێننەوە. من وا دەزانم ۳ تا ٤ لە دیاردەی ئەو نەخۆشییە پێوە دەبێت:

◄ سەیرکردنی جیهان وەك کۆڕمپانێك بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکە بۆ نەمری‌و شکۆیی، نەك پێگە کە وا ببینێت کێشەو گرفتی زۆری لە پێشەو پێویستی بە شێوازی براگماتی دوور لە نێرمیی هەیە بۆ کارکردن.

◄ ئەوانە لە خۆڕسکەوە مەیلی ئەوەیان هەیە، خۆیان لێهاتوو کارامە نیشانبدەن.

◄ ئەوانە لە خۆرسکەوە مەیلی ئەومیان هەیە وێنەی خۆیان جوان بکەن.

◄ ئەوانە بایەخی زۆر بە وێنەو شێوەی خۆنیشاندان بە جەماوەر دەدەن.

◄ ئەوانە شێوازی تەبشیری لە قسەکردن لەسەر کارەکان و مەیلکردن بۆ شکۆدارکردنی خودی خۆیان هەیە.

◄ ئەوانە خۆیان وا بە دەوڵەتەوە دەنووسێنن، وەك دوو دیاردەی گیربوو (من دەوڵەتم و دەوڵەت منم).

◄ ئەوانە کە قسە دەکەن ئارەزوو دەکەن ئامرازی (ئێمە) بەکاربهێنن.

◄ ئەوانە بڕوابوونی ڕەهایان بە خودی خۆیان هەیە، کە دەتوانێت دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێکدا بشکێت، ئامۆژگاریی و ڕەخنەکانی ئەوانی تر بە کەمی و بە ڕقەوە سەیر دەکەن.

◄ ئەوانە زێدەڕۆییان لە هەستکردن بە مەزنی کارکردن و کارامەیی خۆیان تێدایە.

◄ بڕوابوون بەوەی کە ئەوان لە بەرامبەر یاسا بەرپرس نین و ڕای گشتی ئەوان ناگرێتەوە، یان لە بەرامبەر خوداو مێژووش بەرپرس نین.

◄ بڕوابوون بەوەی کە حوکمی خوداو مێژوو دەستیان ناگاتە ئەوان.

◄ ئەوانە بڕوایەکی پۆلایین و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەهێز و هەڵچوونیان تێدایە.

◄ ئەوانە تەواو لە واقیع دابڕاون، ئەوەش تەریبە لەگەڵ تەنهایی‌و دوورکەوتنەوە لە هەموو بوارەکانی جیهان.

◄ ئەوانە کار بۆ ئەوە دەکەن هەموو بۆچوونەکانی پابەند بە راستی ئەخلاقی‌و کارنامەکان لە لایەنەکانی تایبەتی‌و ئەنجامە نەخوازراوەکانیان نەکۆڵێتەوەو بە شێوەیەکی رەها ئەو جۆرە رامانانە رەفز دەکەنەوە.

◄ لەبەر کەماسی لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکان کە جۆرێکە لە بۆگەنی چەقیو، واتە ئەوانە لە کارەکانیاندا لەبەر بڕوابوونی رەها بە کارەکانیان هەڵەی زەق دەکەن، دەستدەکەن بە پەردە دانان لەسەر دانوستانی باشەو خراپەکانی سیاسەتەکەی.

نەخۆشی دەسەڵات

ئەو جۆرە کەسانە ئەو رەوشتەیان هەر لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە پێوە دەبێت تا دەمرن، ناکرێ بوونی دیاردەی لوتبەرزی بە دیاردەیەکی تایبەتی بناسرێت، ئەوەش لە کەسایەتی سەرکردەکانەوە دەبینرێت کە دەگەنە دەسەڵات، بەتایبەتی کە سەرکردەکە بۆ ماوەیەك دەسەڵاتەکەی بەهێز دەکات‌و، ئەوەش بە نەمانی دەسەڵاتەکەی هەمان کەس ئەو دیاردەیەی نامینێت، بە کورتی ئەو نەخۆشیەکەی بەندە بە دەسەڵاتەوە، نەك بە کەسایەتییەکەیەوە. دیارە کەوا ئەو کەش‌وهەوایەی کەسەکە دەگەیێنێتە دەسەڵات رۆڵی هەیە لە تەسلیمبوونی سەرۆکەکە بەو دیاردەیە. فاکتەرە دەرەکییەکانیش

کەسەکە سەرکەوتوو دەکات بۆ گەیشتن بە دەسەلآت و مانەوەی لەو پۆستەدا، ئەوەش سەرۆکەکە دەست والآ دەکات بۆ شکاندنی کۆتە سیاسییەکان تا ئازادانە دەسەلآتە تایبەتییەکەی وەك خۆی و وەك دەیەوێت بەکاربهێنێت، هەر ئەو فاکتەرانەش رۆڵیان هەیە لەوەدا کە ئەو سەرکردەیە ماوەی چەند ساڵ لەسەر کورسییەکە دەمینێتەوە.

کۆمەڵگای پزیشکی ئامادە نییە، ئەو دیاردەیە، لوتبەرزی خۆ بەگەورە زانینە لە لیستی نەخۆشییەکان تۆمار بکات، وەك چۆن خەڵکەکە بە جۆرێك لە شێتبوون و گەوجیی دەزانن، بەلآم ئەو کۆمەڵگە (پزیشکییە) زۆر بە دیسپلینە (لەوەشدا لەسەر حەقە) بۆ شێوەی بەکارهێنانی زمان، ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو جۆرە رامانانە لەلایەن فەیلەسوف و پارێزەرەکانەوە بەکاردێت، هەروەها لەلایەن پزیشکانیشەوە، من نالێم لەم کتێبەدا وەڵامی ئەو رامانەم داوەتەوە.

بەشی دووەم

شای ئێران ساڵی ١٩٧٣ تووشی کانسەری لیمفە ڕژێنەکان بووە

نەخۆشییەکەی بەنهێنی مایەوە تا ساڵی ۱۹۷۹و، تا باری تەندروستی خراپ نەبوو ئاشکرای نەکرد

رووخانی شاو هاتنە سەرکاری خومەینی لە ساڵی ۱۹۷۹ لە ئێران او و کارەساتێکی جیۆپۆلتیك بوو، کە تا ئەمڕۆش هەموولایەك لە ...ەنجامەکەیدا دەژین، من ئەو دەمانە وەزیری دەرەوەی بریتانیا ...ووم. ئەو دەمانە پەیوەندییەکانی شاو وڵاتانی ئەوروپی ئاڵۆزو بێ شیرازە بوو، وڵاتەکە لە ناوچەکەدا پێگەیەکی زیندوو بە بەرژەوەندی ئابووری و ستراتیژی هەبوو لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا، بەڵام ئەو حاکمێکی بە زەبرو کوشندە بوو، ئەگەرچی لە لایەن هێزە کاریگەرەکانی ناوەوە بەرهەڵستی دەکرا، بەڵام ئەو دەیخواست وڵاتەکە بگۆڕێت و نوێکاریش پەیڕەو بکات. هەر لە ساڵی ۱۹۷۰ەوە دیاربوو ئەگەر بە شێوەیەك لە شێوەکان ریفۆرمی دیموکراسی نەکات، لەوانە پەیڕەوی مەلەکیەتی دەستووری، ئەوا رژێمی شا دووچاری زۆرترین گرفت و کێشە دەبێتەوە. دیارە زەحمەتیش بوو هێزە دەرەکییەکان بۆیان نەدەکرا فشار لەسەر شا بکەن، تا ریفۆرمەکەش بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی لاواز بوو، زۆریش بڕوای بە ئیلتزامەکانی ئەمریکاو بریتانیا نەمابوو، کە بینیی ئەوان دوودڵ بوون لە کۆشش بۆ رووخانی حکومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی ئێران محەمەد موسەدەق لە ساڵی ۱۹۵۳دا.

با بردوو

خەلكێكی زۆر كەم، دەیانزانی شا لە ساڵی ١٩٧٣وە نەخۆشەو نەخۆشییەكەشی كوشندەیە، ئەو دووچاری نەخۆشی كانسەر لە غودەی لیمفاویدا هاتبوو، ئەو نهێنییەش تا ساڵی ١٩٧٩ مایەوە، لەو رۆژەوە نەخۆشییەكەی تەنگی پێ هەڵچنیبوو، گلۆڵەی كەوتبووە لێژیو با بردبووی، ئەو لەتاراوگەو لە وڵاتی میسر بەو نەخۆشییە لە رۆژی ٢٧ی یۆلیۆی ساڵی ١٩٨٠ كۆچی دوایی دەكات.

محەمەد رەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٩٤١ لە پاش باوكی دەبێتە شای ئەو وڵاتە، ئەوەی كە لە ساڵی ١٩٢٦ وەك پاشایەكی ئەو وڵاتە خۆی ناساندبوو، بەڵام لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا كە هێزەكانی بریتانیو سۆڤیەتی وڵاتەكە داگیردەكەن ئەو واز لە كورسییەكەی دەهێنێت، كە سەركردەكان رۆزفلتو تشرشلو ستالین لە ساڵی ١٩٤٣ كۆدەبنەوە، ئەو گەنجێكی نەناسراوبوو، بەڵام سەرسام دەبن كە پاش سی ساڵ ئەو دەبێتە خاوەن هێزێكی مەزن لەو ناوچەیەدا.

كەسێكی پەككەوتوو

بۆ یەكەمجار كەسایەتی شا بە لاوازی دەركەوت كە موسەدەق كودەتاییەكی لە ساڵی ١٩٥٣ بەسەردا كردو لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە. كە موسەدەق هاتۆتە سەر حكوم پترۆڵی وڵاتەكەی خۆماڵیكردووە، ئەوەش ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو بریتانیای

نیگـەران کردبـوو، بـەرەی دەرەوەی لێهەڵساوەو لـە ناوەوەشـدا نارەزاییـەکی زۆری روو بـە روو دەبێتـەوە، بۆیـە هـەردوو دەزگـای موخابـەراتی ناوەنـدی ئـەمریکی و موخابـەراتی بریتـانی بـە ئاسانی رووخاندیان. ئەو دوو حکومەتـەش توانیبوویان شا بەرەو بەرنامـەی ریفۆرمی بهاژۆن، حکومەتە نوێیەکە پەیڕەوی دیموکراسی راستەقینە بکات، لەوەدەمانەدا شا لەگەڵ (سورەیا)ی هاوسـەری بە فڕۆکە دەگاتـە بەغدا. لـەوێ سـەفیری بریتـانی قسـەکانی شـای کـە بـۆ ئەمریکییـەکان کردبـووی بـەبیر دەهێنێتـەوە. ئینجـا ئـەوان ئاکـاری دوارۆژی شـا دادەرێژن، بەو هیوایەی وڵاتەکە خوێنی لەبەر نەڕوات و نەبێتە ئاژاوەو دەستێوەردانی سۆڤیەتییەکان.

بەرەو رۆما

لـە گەرمـەی رووداوـی کودەتایەکـە، شـا هیچـی لەدەسـت نـەمابوو تەنها ئەوە نەبێت را بکات، بۆیـەش ئەو بـە فڕۆکەیـەک دەگاتـە رۆمـا، ماوەیەک بێ پارەوپول لە هوتێلدا دەمینێتـەوەو هـیچ دەسەڵاتیشی بـە سـەر رووداوەکـانی نـاو وڵاتـدا نەدەشـکا، بـەڵام ئەمریکییـەکان وەک حاکمی شەرعی پشتی دەگرن، چونکە ئـەوان وا دەزانـن موسـەدەق بـە کردەوەکـانی ناشـەرعییەتی کردبـوو. لـە نـاو شـەقامەکانی ئێرانیشـدا دۆسـت و هـەوادارانی موسـەدەق و شـیوعییەکانی حیزبـی تـودە دەسووڕانەوە، لەولاشەوە (سی ئـای ئـەی) ی ئـەمریکیش جـەماوەرێکی بـەرینیان بـۆ پشـتیوانی شـا لـە شـەقامەکاندا سـازکردبوو، ئـەوەش

جەماوەرەکەی هاندا پشتیوانی خۆیان بۆ شا دووپات بکەنەوەو سوپاس پشتیوانی کردو لە کودەتاکەی موسەدەق هەڵگەڕانەوە. لە کاتی دادگاییکردنیشیدا موسەدەق وتبووی:

من گلەییم لە بریتانییەکان هەیە. بەڵام قسەی واش هەبوو کەوا ئەمریکییەکان بۆ سەرکەوتنی ئەو کارکەر بوون.

ساڤاك بۆ داپلۆسین

شا بە گەڕانەوەی بۆ وڵات لە ساڵی ١٩٥٣، وا دەزانرا خۆی بە قەرزاری میللەتەکەی دەزانێت، بەڵام ئەو بۆ خۆپاراستن دەزگایەکی موخابەراتی تایبەتی بە ناوی ساڤاك دادەمەزرێنێت، بۆ سەرکەوتنی ئەو دەزگایەش پشت بە یارمەتی‌و ڕێنماییەکانی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی‌و ئیسرائیلی مۆساد دەبەستێت، پاشان ئەو دەزگایە دەبێتە ئالەتێك بۆ داپلۆسین‌و ئەشکەنجەدانی میللەت. لە مانگی یولیوی ساڵی ١٩٦٢دا شا (ئەسدوڵا عەلام) دەکاتە سەرۆك وەزیران، کە خۆپیشاندان لە ساڵی ١٩٦٣ ڕوو دەدات، بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەو هەڵمەتەو کپکردنی ناڕەزاییەکە ئەو دەبێتە ئالەتێکی بە زەبر، سەرۆك وەزیرانی بە بێ دوودڵی خۆپیشاندەرەکان بە زەبرو زەنگ بێدەنگ دەکاتەوە. سەرەتا شا لەگەڵ ئەوەدا بوو ئایەتوڵا خومەینی لە سێدارە بدات، بەڵام پاشان پەشیمان دەبێتەوەو لە وڵات دەری دەکات، خومەینی ڕوو لە تورکیا دەکات، پاشان دەچێتە عێراق. سەرەتا خۆرئاواییەکان بەتایبەتی ئەمریکییەکان شا بە پۆلیسی خۆیان دەزانن لە کەنداو، بەڵام ئەو

گەمەی دەستی ئەوان نەبوو، یان چرنووکی دەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نەبوو، ئەوان دەیانویست پشتیوانی بکەن تا مەملەکەتەکەی بەرەو دیموکراسییەت ببات.

پاش مردنی نهێنییەکانی دەزانرێت

ئەڤینە ئەمرەکە، کتێبێکە لە نووسینی شاژن فەرەح پەهلەوی، ئەو لەو کتێبەدا هەموو وردەکاری نەخۆشییەکەی شا ئاشکرا دەکات، تا ساڵی ٢٠٠٤ ساڵی دەرچوونی ئەو بیرەوەرییە چیرۆکی راستی نەخۆشییەکەی ئەو زانرا. فەرەح پەهلەوی ئاماژە بە دوو نامە دەدات کە دکتۆر (فلاندرین) ئاراستەی پرۆفیسۆر (جین بیرنارد)ی کردووە، ئەو دوو کەسە هەردووکیان فەرەنسی بوون، سەرپەرشتی چارەسەرکردنی شای نەخۆشیان دەکرد، فلاندرین تا مردنی شا بەردەوام بووە، هەردوو نامەکە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە نووسراوە، باس لە وردەکاری نەخۆشییەکەو رەوشی تەندروستی دەکەن. راوێژکاری شا دکتۆر (عەباس سافافیان) پەیوەندی کرد بە (بیرنارد)ەوە لە پاریس، داوای لێکرد ئەو بگاتە تاران، ئەودەمانە بیرنارد بەڕێوەبەری ئامۆژگەی توێژینەوەکانی لۆشیمیا بوو لە نەخۆشخانەی سانت ئەتییان لە پاریس، ئەو پسپۆڕێکی زۆر شارەزابوو لە نەخۆشییەکانی خوێن، هەروەها دکتۆری تایبەتی سەرۆك جۆرج بومبیدۆش بوو، سافافیان دڵنیابوو ئەو دەتوانێ نهێنی نەخۆشییەکەی شا بپارێزێت، ئەو داوای لەو دوو دکتۆرە فەرەنسییە کردبوو بە هەموو کەرەستەو

پێداویستییەکانیانەوە بگەنە تاران و لەسەر سەری شا ئامادەبن، پاش ئەوەی ئەو دوو دکتۆرە هەموو مەوعیدەکانیان هەڵدەوەشێننەوەو لە دوای دوو رۆژ دەگەنە تاران، ئەو رۆژە رێکەوتی ١ ی مایۆی ساڵی ١٩٧٤ بوو. کە فڕۆکە ئێیرفرانسەکە لە فڕۆکەخانەی میهرباد دەنیشێتەوە دوو ئوتومبێلی چرا داگیرساو چاوەڕوانی دوو میوانەکەیان دەکرد، لەوێ دەگەنە باڵەخانەیەکی حکومیو سافافیان چاوەڕوانی دەکردن، ئەویش لە پاریس پزیشکیی خوێندبوو، لەگەڵ فلاندرین رۆژێک لە رۆژان پەیوەندی خوێندن و کاریان هەبووە، بۆیەش بەیەک ئاشنابوون.

کێ نەخۆشە...؟

لە هوتێل هلتۆن تاران سافافیان بە دوو دکتۆرەکە دەڵێت، کەوا وەزیری بەلات ئەسدولا عەلام نەخۆشە، بەڵام بیرنارد گومان لەو قسەیە دەکات، بە هاوڕێیە دکتۆرەکەی دەڵێت، من وا دەزانم نەخۆشەکە لە ئەسدوڵا گەورەترە. کە دوو دکتۆرەکە چاویان بە وەزیری بەلات دەکەوێت، ئەو پێیان دەڵێت، ئێوە بانگکراون بۆ چارەسەری شاکەمان کە نەخۆشە. کە شا بۆ یەکەمجار دوو دکتۆرەکە دەبینێت بە زمانێکی فەرەنسی زۆر باش قسەیان لەگەڵدا دەکات. لەو دیمانەیەدا کەسێک بە جلی سەربازی لە تەنیشتیان دانیشتبوو، کەسەکە (عەیادی) بوو کە دکتۆرە سەربازییەکەی ئەو بوو، پلە سەربازییەکەشی ژەنراڵ بوو.

هەموویان لەسەر مێزێک دادەنیشن، شا باس لە وردەکاری

نهخۆشییهکهی خۆی دهکات، لهوێ دهڵێت:

من پێش چهند مانگێكو له کۆتایی ساڵی ۱۹۷۲ دا، ئهودهمانهی له دوورگهی کیش بووم، زانیم کهوا له لای خوارهوهی لاچهپی قهفهسی سینگم بۆشاییهك ههیه، وتیان رهنگه ئهوه ئهستووربوونی سپڵ بێت، که پشکنینی بۆ کرا رێك مهزندهکه راست بوو، ههوکردنهکه له سپڵدا بووه نهك له غودهی لیمفاوی.

لهم دهمانه شا تهمهنی ٥٥ ساڵ بوو. ههردوو دکتۆرهکه نموونهیان له جهستهی ئهو لهگهڵ خۆیاندا بردو کاریان لهسهر کردبوو، بۆیان دهرکهوت کهوا ئهو نهخۆشی غودهی لیمفاوی ههیه، که قسهکهیان به عهیادی وتبوو، ئهو وتبووی، دهستهواژهی لوشیمیا بهکاربهێنن، داوای کردبوو، ئهو ئهنجامه بهو نهڵێن، به شا بڵێن تهندروستی زۆر باشهو هیچ مهترسی لهسهر ژیانی نییه. ئهو قسهیهی عهبادی به دڵی دوو دکتۆرهکه نهبوو، وتبوویان ئێمه کار دهکهین، بۆ چارهسهرکردنهکهش کۆشش دهکهین، بهڵام ناکرێ راستییهکه بهو نهڵێین، دهبێ مهسهلهکهی باش بۆ روون بکهینهوه. سهرهتا دکتۆرهکان له نهخۆشییهکهی شا نیگهران نهبوون، ههردوو دکتۆرهکه وتیان ئێمه دهگهڕێینهوه پاریس که ئهنجامی وردی پشکنینهکانمان تهواو کرد، ئهوا ئهنجامهکه رادهگهیهنین، دهرکهوت شا نهخۆشهو ناوێکیان بۆ نهخۆشییهکهی دۆزییهوهو ناویان نا نهخۆشی (والدنستروم) بهڵام ئهوان زۆریش له ناوهکه رازی نهبوون، واته قهناعهتیان بهو ناوه نههێنابوو.

که ههردوو دکتۆرهکه لهناو کۆشکی شا دهردهچن، دوو بۆچوونی

جیاوازیان لەسەر رەوشی تەندروستی ئەو دەبێت، بۆیەش بیرنارد وایدەزانی ئیرانییەکان ئەوان بە دکتۆری ئەمریکی دەگۆڕن، بەلام ئەومیان راست نەبوو، دیارە ئەوەش مەبەستی تایبەتی شا خۆی بوو کەوا حەزی نەدەکرد ئەمریکییەکان بزانن ئەو نەخۆشەو نەیدەویست ئەوان ئاگاداری وردەکاری تەندروستی ئەو بن، بۆیەش دکتۆرە فەرەنسییەکانی لا باشتربوو. ئەگەر ئەمریکییەکان بیانزانیبووایە ئەو نەخۆشە، ئەوە کاردانەوەی سیاسی بۆ دەکرا، هەروەها سەبارەت بە بریتانیاش هەمان بۆچوونیان هەبوو. هەردوو دکتۆر باش لەوە حالی بوون کەوا شاو عەلام کاریان بۆ ئەوە کردبوو کەوا کۆشش بکەن نهێنییەکانی ئەو بپارێزن، هەوالی نەخۆشییەکە لەو بازنە نەچێتە دەرەوە.

پێنج کەس

دوو دکتۆرە فەرەنسییەکەو زەنرال عەبادی‌و شاو ئەسدولا عەلام، ئاگاداری وردەکاری نەخۆشییەکەی شاو قۆناغەکانی چارەسەرییەکان بوون، سەرەتا تەنها ئەو پێنج کەسە لە هەموو شتەکان ئاگاداربوون. سافافیان بیری لەوە نەدەکردەوە لەگەل عەلام پێشبڕکێ بکات، بەلام دوو دکتۆرە فەرەنسییەکە سووربوون لەسەرئەوەی ئەگەر سافافیان لە ناو بازنەکەدا بێت ئەوان لە چارەسەرکردنەکە دەست دەکێشنەوە، نەیاندەویست ئەو لە ناو وێنەکەدا بێت.

لە مایۆی سالی ١٩٧٤ لە راستیی نەخۆشییەکە، شایان

ئاگادارکردەوە، بەڵام نەیاندەویست مەسەلەکان لە تەلەفۆندا باس بکەن، بۆیەش لە نەخۆشخانەی ئەمریکی لە پاریس سەردانی ئەو دەکەن، بەوەشیان ئەو دەبێتە کەسی ژمارە شەش لەوانەی لە نەخۆشییەکەی شا ئاگادار بن. تێستە تایبەتییەکانی خوێنەکەی بە ناوی یەکێك لە خزمەکانی فلاندرینەوە لە پاریس کرابوو. دوو دکتۆرەکە ئەنجامەکانی تێستەکە دەبەنە پێش سافافیان، ئەو تا مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٧٤ هیچ قسەیەکی نەکردبوو، بۆیەش لە رۆژی ١٨ ی ئەو مانگە داوا دەکات بچێتە تاران. لەودەمانەو لە رۆژانی نێوان ٢٤ تا ٢٩ ی یۆنیۆ شاو شابانو بە یەکەوە بۆ پیرۆزبایی سەرۆکی نوێی هەڵبژێردراو (ڤالیری جیسکار دیستان) لە پاریس دەبن، هاتنەکەی ئەو هیچ پەیوەندی بە تێستی خوێن و نەخۆشییەوە نەبوو، لەو رۆژانەش شا بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە دکتۆرەکانیەوە نەکردبوو. بۆ جاری دووەم هەردوو دکتۆرە فەرەنسییەکە دەگەنە تاران، دکتۆرێکی تر بە ناوی میلیز لەو رۆژانە دەگەنە ناو بازنە تەسکەکەی نەخۆشییەکەی ئەوو ئەوانەی دەزانن کەوا شا نەخۆشە. سافافیان وتبووی دەبێ میلیزیش بەشداری ئەو نهێنییە بێت، چونکە ئەومیان مەعقول نییە، ئەو پێشتر چارەسەری هەر یەك لە سەرۆکەکان شارل دیگۆل و یەکێك لە پاشا سعودییەکانی کردووە، هەستدەکرا ئەو دەتوانێت نهێنییەکە راگرێت، بەو کەسەش ژمارەکە گەیشتۆتە حەوت کەس، کەسی ژمارە هەشتیش ئەو کەسە بوو کە دەیزانی شا لەلایەن دکتۆرە فەرەنسییەکان چارەسەر دەکرێت، بەڵام نەیدەزانی نەخۆشییەکەی شا چییە.

نهێنییەك هەبوو شا خۆیشی نەیدەزانی

بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك بۆ مەسەلەی نەخۆشییەكە شاو پاش دووەم راوێژكارییەكە لەو بارەیەوە، هەر یەك لە بیرناردو فلاندرین‌و میلیزو سافافیان لە كۆشكی ئیمپراتۆریەت كۆبوونەوە، سافافیان سووربوو لەسەرئەوەی مەسەلەكە زۆر بەنهێنی بمینێتەوە، هەتا شاش لە هەندێ شتیش ئاگادار نەبێت، نەوەك شاش خۆی باس لە نەخۆشییەكەی خۆی بۆ كەسە نزیكەكانی بكات. ئەوەی لە ئاكارو رەوشی ئەو بەدی دەكرا، شا تەندروستی باش دیاربوو، بەڵام سپڵەكەی ئەستوور دەبوو، دكتۆرەكان برپاریاندا بە شێوە كلاسیكییەكە چارەسەری كانسەری غودە لیمفاوییەكانی بكەن، مانگانەش خوێنەكەی تێست بكەن.

پێش ئەوەی عەیادی فەرمان بدات خوێنەكەی تێست بكەن، ئەو هەفتەی یەكەم چارەسەری وەرگرت، بەڵام ماوەی هەفتەیەك بۆ ئەو حاڵەتە زۆر كەم بوو، لە تێستەكەدا دەركەوتبوو كەوا ژمارەی خڕۆكەی سپی خوێنی كەم بووەتەوە، ئەوەش هەموولایەكی ترساندبوو، بۆیە بەرنامەی چارەسەرییەكەیان راگرتبوو، داوا كرابوو بۆ جاری سێیەم دكتۆرە فەرەنسییەكان چاویان بە شا بكەوێتەوە.

بۆ ئەو دیمانەیە رۆژی ١٨ی یەنایەری ساڵی ١٩٧٥ دانرابوو، دیمانەو پشكنینەكە لە زیورخ بوو، شا لە گەشت‌و سەیرانی خلیسكانێی سەر بەفربوو، لەوێ دوو دكتۆرەكە تێگەیشتبوون كەوا شا چارەسەرییەكە وەرناگرێت، ئەو رێنماییەش بە ئاگاداری عەیادی‌و سافافیان‌و میلیزو بیرناردو فلاندرین بووە، فلاندرین زۆر هەستی بە ترس كردبوو، كە

زانیبووی ڕەوشی تەندروستی بەرەو خراپبوون و ترسناکی دەچێت، بڕیار دەدەن چارەسەرکردنەکەی بە وەرگرتنی دەرمانی (CHLORAMBUCIL) بێت، کە لەسەرەتاوە لەلایەن ئێرانییەکانەوە بۆی دانرابوو. تا مەسەلەکە نەزانرێت و هەواڵەکە لە ناو ئێران بڵاونەبێتەوە سافافیان بۆ بەردەوامی تێستی خوێنی شا داوای کرد، کەوا فلاندرین بێتە زیورخ لەوێ تێستەکانی بۆ بکات، چونکە شا یەك مانگ لەوێ دەمینێتەوە. فلاندرین دووبارە لە ۱۹ ی فبرایر بۆ تێستی خوێنەکە گەڕایەوە تاران، ئەوەشی بە بەردەوامی دەکرد، هەندێ جار لەو سەفەرانەدا بیرناردیشی لەگەڵدابوو ، ئەگەرنا هەر بەتەنها دەهات و کارەکانی خۆی بەنهێنی ئەنجام دەدا، دوا گەشتیشی بۆ تاران لە کۆتایی مانگی دیسمبەری ساڵی ۱۹۷۸ بوو.

نەخۆشییەکە ترسناك دەبێت

لە نێوان مانگی یەنایەرەوە تا مانگی دیسمبەری ساڵی ۱۹۷۵ سپڵەکەی شا هێندەی جارانی ئاسایی خۆی لێدێتەوە، ئەگەرچی ڕەوشەکە بەرەو باشیش دەڕۆیشت، بەلام ئەو بەردەوام چارەسەرییەکانی ئاسایی خۆی وەردەگرت. لە مانگی فبرایری ساڵی ۱۹۷۹ دا فلاندرین بە سەرسامییەوە هەستیکرد کەوا سپڵی دووبارە ئەستوور دەبێتەوە و هەستی بە پەیدابوونی حاڵەتێکی ناسروشتی لەناو خوێندا کردبوو، واش هەستدەکات نەخۆشییەکەی پەلی هاویشتووە و تەشەنەی کردووە، بۆیە دەخوازێت چارەسەکردنەکە چڕتر بکرێت،

باشیش دەزانێت کەوا ئەوەیان ئاگادارکردنەوەیەکی درۆ نییە، ئەوان لە سەرەتاوە بڕیاریان دابوو ناوی راستەقینەی دەرمانەکە نەڵێن، دەرمانەکەیان لە ناو کارتۆنی ترو قاڵبی تریاندا دادەنا، واتە دەرمانی CHLORAMBUCIL لەناو کارتۆنی QUINERCYL دادەنا، فلاندرین دەرمانەکەی لە پاریس دەکڕی، بە ناوە دووەمەکەیەوە دەیهێنایە تاران.

بارێکی گران

سافافیان تاکە ئێرانی بوو هەموو وردەکاری نەخۆشییەکەی شای دەزانی، چونکە دوو کەسەکەی تر عەلامو عەیادی راستی نەخۆشییەکەیان نەدەزانی، ئەوەش بۆ سافافیان ئاسان نەبوو، چونکە بنەماڵەی شا لە دوارۆژا گلەییان دەبوو ئەگەر قسە راستەکەیان پێ نەڵێت، شاردنەوەی ئەو نهێنییەش مەترسیو رەنگدانەوەی سیاسی دەخولقاند، پاش ئەوەی دووجار لەگەڵ دکتۆرە فەرەنسییەکان قسەی کردبوو، بڕیاردەدەن راستییەکە بە هاوسەرەکەی بڵێن، ئەوان مەبەستیان بوو ژنەکەی ئامادەیی هەبێت، چونکە نەخۆشییەکەی تەشەنەی دەکرد، سەرەتا بە شایان وت، کەوا خۆت باسی مەسەلەی نەخۆشییەکەت لەگەڵ شابانو بکە راستییەکەی پێ بڵێ. بەڵام ئەو هەموو جارێك ئەوەی پێ نەدەکرا، بۆیەش دکتۆرەکان بڕیار دەدەن بە شێوەیەکی نهێنی ئەوە بە ژنەکەی بڵێن. بیرناردو میلیو سافافیانو گلاندرین لە پاریس ژنەکە دەبینن و راستی نەخۆشییەکەی شای پێ دەڵێن، ئەوەش دیارە ئاسان نەبوو، چونکە پیاوەکە لە ئاکاری هیچ دیار

نەبوو، بەلام لە راستییدا ئەو نەخۆشییەکی ترسناکی لە خوێندا هەبوو، ئەوەی جێگای باسە، شا هەموو وردەکاری نەخۆشییەکەی دەزانی، بەلام ئامادەش نەبوو هیچ بە ژنەکەی بڵێت.

ژنەکەی دەزانێت

شاژن بە مێردەکەی دەڵێت کەوا مەسەلەکەیان پێ وتووەو راستییەکەشی زانیوە، دەیویست بوار لە شا وەرگرێت، شاژن خۆی لەگەڵ دوو دکتۆرە فەرەنسییەکە قسە بکات، بۆ ئەوەی شا بزانێت ئەو بەنهێنی هەردوو دکتۆرەکەی دیوە.

کە دوو دکتۆرەکە دەگەڕێنەوە تاران، شاژن داوا دەکات بیانبینێت، بەوەش کەسێکی تر دەزانێت کەوا شا نەخۆشە. پاش مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٩ پێش ئەوەی بچێتە نیویۆرک و بچێتە مەکسیک و دوورگەی باهاما، خەڵکێکی زۆر دەیانزانی ئەو نەخۆشە.

من لە ساڵی ٢٠٠٥ دووجار دیمانەم لەگەڵ سافافیان بووە تا باسی نەخۆشییەکەی شام بۆ بکات. ئەوەی جێگەی باس بووە شاو شاژن بڕوایان بە دکتۆرەکان هەبووە کە لەو ماوەیەدا نهێنییەکەیان پاراستووە، ئەگەرچی شوێنەکەیان زۆریش نائاسایی بووە. دکتۆر بنیامین کین، کە دکتۆرێکی ئەمریکی بوو، ئەوەی پاشان هاتووتە ناو تیمەکە وتبووی:

شا لە ساڵی ١٩٧٤ قبووڵی نەکردووە نموونەی خوێنەکەی تێست بکەن، بەلام هەردوو دکتۆرە فەرەنسییەکە ئەو قسەیەی ئەو رەفز

دەگەنـەوە. ئـەوان دەڵێن پەیوەنـدی شـا بـە دکتۆرەکانـەوە زۆر رەسمـی بـووەو بـەرێزو شـکۆوە مامەڵـەی لەگەڵدا کـردوون، ئـەو هـەرگیز بـەو شێوەیە قسەی لەگەڵ دکتۆرەکان نەکردووە.

بەشی سێیەم

شا بەرنامەی وابوو تا ساڵی ١٩٨٣ لە دەسەڵات بمێنێتەوە

هاوسەری شای ئێران بەو جۆرە باسی رەوشی تەندروستی مێردەکەی بۆ سەرۆکی فەرەنسی جیسکار دیستان کردوووە:

ئەو وایدەزانی کێشەکە لەوەدایە ئەو کاتی کەمە، ئەو زۆر لە دەسەڵات نامێنێتەوە، ئەو دەیەوێت تەنها حەوت هەشت ساڵی تر بمێنێتەوە، ئەودەمانە تەمەنی دەگاتە شێست ساڵێك، حەزی دەکرد زوو بڕوات، بەڵام کوڕەکەمان هێشتا گچکەیە، ئەو چاوەڕوانی دەکرد دەسەڵاتەکە بداتە ئەو، ئەو بە پەلە بوو، تا مەسەلە سیاسییەکان بۆ ئەو ئامادە بکاتو ئینجا ئەو بڕوا، ئەگەرنا لە سەرەتاوە ئەو کێشەو کۆسپی زۆری دێتە پێش. ئەو دەیووت ئەرکی گۆڕانی ئێران لەسەر شانی من دایە، دەمەوێ ئەومیان بکەم.

پشتگوێخستنی باری تەندروستی

بەڵام وردەکاری رەوشی تەندروستی ئەو لەگەڵ بەرنامەو پلانەکانی دەسەڵاتەکەی تەریب نەبوو، تا لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ یان ١٩٨٢ تاجەکەی بداتە کوڕەکەی، ئەودەمانە ئاگاداری تەندروستی نەبوو، شاهبانۆ وتبووی، من بڕوا ناکەم ئەو هیچ زانیاری لەسەر تەندروستی خۆی هەبوو بێت، کە ئەو قسانەی کردبوو نەیدەزانی تەندروستی چۆنە.

لە چەندین بۆنەدا بیرنارد ویستبووی لەسەر تەندروستی ئەو قسە لەگەڵ شا بکات، ئەویش لە کۆشکی هاوینەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٧٨ وتبووی:

من تەندروستیم زۆر باشە، لەوەشیان دڵنیام کە زۆر باشم.

لەودەمانەشدا کوڕەکەی ئەو لە کولێژی فڕۆکەوانی ئەمریکی پرۆڤەی دەکرد. شا بە فلاندرینی وتبوو:

من داواکارم بۆ ماوەی دوو ساڵ چاودێری رەوشی تەندروستیم بکە، تەنها دوو ساڵ، تا کوڕەکەم ئیمساڵ خوێندنەکەی تەواو دەکات، ساڵێکیش لە تاران بمینێتەوە.

ریفۆرمەکە زۆر دوا دەکەوێت

لە ساڵی ٢٠٠٥ دیمانەیەکی دوورودرێژم لەگەڵ فەرەح پەهلەوی کردبوو، لەوێ ئەو وتی:

کە هاوسەرەکەم لە رەوشی تەندروستی خۆی تێگەیشتبوو، کۆششی دەکرد کوڕەکەی بۆ دەسەڵات ئامادە بکات، بۆ ئەوەش چەند پرۆسەیەکی ریفۆرمی بۆ سازکردنی دیموکراسیش کردبوو. چونکە باش دەیزانی دەسەڵاتی ئەو رۆژانەی وڵاتەکەی بەو کوڕە گەنجە زەحمەتەو نەستەنگی زۆری دێتە پێش.

شا تا لە ژیاندا مابوو، دەیتوانی کۆمەڵێك ریفۆرم بکات، من وەك وەزیری دەرەوەی بریتانیاو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکی سایروس ڤانس دەمانزانی شا نەخۆشە، ئێمە لە رۆژی ١٤ ی مایۆی ساڵی ١٩٧٧ بۆ بەشداریکردنمان لە کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی بەیەکەوە بووین، دەمانزانی ئەو نەخۆشەو لەوێش پێمان وت:

وا چاکە ریفۆرمێك لە وڵاتا بکات، پەیڕەوی دیموکراسی ئەوروپی بکات تا پاشایەتی دەستووری بۆ کوڕەکەی جێبهێڵێت، من ئامۆژگاریم کرد ئەزموونەکەی وڵاتی ئیسپانیا پەیڕەو بکات. لەوێ ژەنەراڵ فرانکۆ مەلیك خوان کارلۆسی وەك پاشایەکی دەستووری دانابوو، ئەوەش دیموکراسی راستەقینەبوو، دەکرا ئەو ئەزموونەش لە ئێران کۆپی کرابووایە. دەبووایە ئەمریکاو بریتانیا شا رازی بکەن چەند هەنگاوێك لەو ریفۆرمە بچێتە پێشەوەو خشتەیەکی زەمەنی بۆ گواستنەوەی بەرەو پاشایەتی دەستووری بڕوات، چونکە ئەو نەخۆشەو کاتەکەش ناسکە، بەداخەوە کارەکان دەکرا، بەڵام ئەویش بۆی نەکرا.

لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٣ەوە شا دەیزانی جەرگی ئەستوور بووە، بۆیەش بڕیاریدابوو ئەنجومەنێکی راوێژکاری دامەزرێنێت، هەموو دەسەڵاتەکانیش لە بن دەستی ژنەکەی دەبێت تا کوڕەکەی تەمەنی دەگاتە ئاستی یاسایی کە تاجەکەی باوکی وەرگرێت. لە ساڵانی ١٩٧٧و ١٩٧٨دا کێشەکانی ناو وڵات زۆرتر دەبێت و ناڕەزاییەکان ئەستوور دەبن، دەبووایە شا بچێتە دەرەوەو دکتۆرێکی پسپۆڕ ببینێت، دیارە ئەوەش مانای ئەوەبوو کە تەندروستی خراپەو زیندرۆییشە ئەگەر بەو جۆرە بمێنێتەوە، بۆیەش دەبوایە زۆر خێرا ئەنجومەنی راوێژکاری بۆ ریفۆرمی سیاسی دامەزرێنێت، لەودەمانە دوورکەوتنی ئەوو ئەگەری گواستنەوەی سیاسی، بە شێوەیەکی ئاشتیانە، بوار ساز دەبوو سیستەمی پاشایەتی دەستووری بێتە ئاراوە.

شەقام بڵێسەی گرتبوو

بەپێچەوانەوە باسی نەخۆشییەکەی شا نەدەکرا، دۆستە خۆرئاواییەکانی باسیان نەدەکرد، کە لە تاران کۆنفراسەکە کرا باسی ئەو مەسەلە نهێنییەیان نەکرد، ئەگەرچی هەموویان لەسەر خوانەکەی ئەو دانیشتن‌و داوەتی ئەویش بوون.

ڕووداوەکان لە ساڵی ١٩٧٨ زۆر خێرا گەشەی دەکرد، خۆپیشاندانەکان زۆربوون، نارەزاییەکان لە شاری قوم گەیشتە ئاستێکی بەرز، لەوێ چەند کەس لەناوچوون، بڵێسەی ڕووداوەکە گەیشتە شارەکانی تاران‌و تەبریزو شارەکانی تر، لە مانگی مایۆی ساڵی ١٩٧٩ ئاگرەکە خۆش بوو. شا سەرۆکی دەزگای ساڤاك ژەنراڵ نیعمەتوڵا ناسری گۆڕی. لە کۆتایی مانگی یۆلیۆدا خۆپیشاندانەکان گەیشتە شاری مەشهەد، لە شاری ئەسفەهانیش حاڵەتی ئامادەباشییان ڕاگەیاندبوو، لەودەمانەداو لەگەڵ ئەو پێشهاتە ترسناك‌و خێرایانە شا بەڵێنی زۆرتر ریفۆرم‌و چاکسازی دەدا، دەیووت هەڵبژاردنی داهاتووی مانگی یونیۆی ساڵی ١٩٧٩ ئازاد دەبێت، هەموو ئازادییەکانی.ڕادەربڕینیش فەراهەم دەکەین، بەڵام ژمارەی ئەوانەی بڕوایان بە بەڵێن‌و قسەکانی دەکرد کەم‌و دەگمەن بوون. ئەگەر حکومەتە خۆرئاواییەکان دەیانزانی شا نەخۆشەو تەندروستی خراپە فشاریان لێدەکرد، کە واز لە دەسەڵات بهێنێت. چونکە ئەو بە بێ ئەو فشارانە دەستبەرداری تاجەکەی نەدەبوو، حکومەتی بریتانیا گازی فرمێسك ڕژێنی دەدایێ، ئەگەرچی سەفارەتی بریتانیا لەگەڵ بەخشینی ئەو گازە نەبوو بۆ کپکردنی خۆپیشاندەرەکان، سەفیری بریتانیای ئەو ڕۆژانە (ولیام سولیفان)و

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش دژی هاوکارییەکەی بریتانیابوون، بەڵام ڕاوێژکاری کارتر بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی (زیگنیو بریجنسکی) لەگەڵ هاوکارییەکەی بریتانیابوو.

کشانەوەی دکتۆرە تایبەتییەکە

ڕەوشی سیاسی ئێران بەرەو شپرزەییو ئاڵۆزی دەچوو، دکتۆرەکانیش بەرپرس بوون لەوەی حکومەتەکانی خۆرئاوایان ئاگادار نەکردەوە کەوا تەندروستی شا خراپە، ئەوان دەیانتوانی دیمەنی ڕوونی ئێران وەك خۆی بەرجەستە بکەن، ئەوان باش دەیانزانی شا لە چ وەزعێکدایە بە چاوی خۆیان ڕۆژمڤی شەقامەکانی تارانیان لێوە دیاربوو، دیارە کەسێکی نەخۆشیش ئاسان نەبوو ئەو مەسەلانە چارەسەر بکات، لەودەمانەش دکتۆرە تایبەتییەکەی ئەو گەڕایەوە فەرەنساو نەخۆشەکەی لە تاران جێدەهێڵێتو ئامادەش نەبوو ڕاستی نەخۆشییەکەی شاش بە کەس بڵێت.

نائومێدیو شپرزەیی

دوا سەفەری دکتۆر (فلاندرین) بۆ تاران لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٨ بوو، ئەو ٣٩ جار شای نەخۆشی دیبوو، لەوانە ٣٥ جاریان لەناو ئێران بووە، لەودەمانەدا سەرەتای ڕەوشێکی زۆر نیگەرانیو

نائومێدی لە شا بە دەردەکەوت، هەتا لە کاتی سەردانی دکتۆرەکانو چارەسەرییەکانیش تاقەتی ئەوەی نەمابوو بە پێوە راوەستێتو گوێ لە رادیۆش بگرێت.

پرسیاریش ئەوەبوو، ئایا ئەو دەمانە دکتۆرەکان راستی نەخۆشییەکەی شایان بە میللەتی ئێران راگەیاندبوو...؟

ئایا دەبوایە دکتۆرە فەرەنسییەکان رەوشی تەندروستی ئەویان بە سەرۆك جیسکار دیستان گوتبووایە...؟

مەترسییەکان لەسەر وڵاتی ئێران زۆر ترسناك بوو، نەدەبوایە دوو دکتۆری پیشەیی وەك سیاسییەك هەڵسوکەوتیان بکردایە، ئەوان رەچاوی باشی چییان بۆ نەخۆشەکەیان هەبوو...؟ خراپەکان چی بوون ...؟ چ لە بەرژەوەندی ئەو دابوو، کە بەو جۆرە دەجوڵانەوە، هیچ ئینساف نەبوو، دکتۆرەکان ئەو مەسەلەیان لە گۆشەیەکی سیاسییەوە سەیر بکردایە...؟

دیارە کەوا دکتۆرە ئیرانییەکان ئەومیان لەدەست نەدەهات، بەڵام بۆ دکتۆرە فەرەنسییەکان ئەومیان ئاسانتربوو، دکتۆر فلاندرین بە منی وت:

کەوا ئەو مەسەلەیەی بە حکومەتەکەی خۆی رانەگەیاندبوو، بەڵام نازانم پرۆفیسۆر بیرنارد، یان پرۆفیسۆر میلیز، ئەو زانیارییەیان بە سەرۆك دیستان گوتبوو، یان نا...؟

لە هەموو لایەکەوە وەزعەکە ئاڵۆزبوو، رەوشەکەش ئاڵۆزتر دەبوو ئەگەر هەمان حاڵەت لە لەندەن بوایە یان لە واشنتۆن. ئەودەمانە پاریس ئارەزوومەندبوو شا پەیوەندی بە خومەینییەوە بکات، کە لە

پــاریس دەژیــا، رەنگــە دوو دکتــۆرە فەرەنســییەکەی چارەســەری نەخۆشیەکەی ئــەویان دەکــرد درکیــان بــەوە نــەکردبێت، ئەگــەر ئــەوان ســەرۆك دیســتانیان ئاگــادار کردبوایــە کــەوا شــا نەخۆشــەو رەوشــی تەندروستی ترسناکە، خزمەتی نەتەوەییان بە فەرەنسا دەگەیاند.

ولیام شوکروس لە شاکارەکەیدا (دوا گەشتەکەی شا) نووسیویەتی:

دڵنیــام کــەوا هــەوالگری فەرەنســا بــە نەخۆشــییەکەی شــایان نەدەزانی، راستییەکەش وابوو، هەردوو دەزگای هەوالگری فەرەنسی و ئــەمریکی نەیانــدەزانی کەوا شــا نەخۆشــە، ئــەو نووســیویەتی مۆســادو ساڤاك و هەوالگری بریتانیش نەیاندەزانی کەوا ئەو نەخۆشە.

تەنها پڕوپاگەندەیە

یــەکێك لــە دبلۆماتــە سۆڤیەتییەکان کــە زۆرجــار لەگــەڵ هــاوڕێ ئەمریکییەکەی بەیەکەوە ئێواران لە یەکێك لە رێستورانتەکانی تــاران نانیان دەخــوارد، ئاگاداری هاوڕێ ئەمریکییەکەی کردۆتــەوە کــەوا شــا نەخۆشی کانسەری هەیــە، بــەڵام دبلۆماتــە ئەمریکییەکە قسەکەی بــە پڕوپاگەندەیەکی سۆڤیەتی زانیبوو. لەسەردەمی بلسن کە نهێنییەکانی تۆمــاری هــەوالگری ســۆڤیەتی بڵاوکرایــەوەو ئاشــکرا بــوون، دەرکــەوت دەزگاکە لەو پڕوپاگەندەیە دڵنیا نەبووە. کە من لە کۆتاییەکــەی ســاڵی ١٩٧٨ دیمانــەم لەگــەڵ وەزیــری دەرەوەی ســۆڤیەتی (ئەنــدریــە گرومیکــۆ) هەبوو، بەیەکەوە باسی رەوشی ئێرانمان کــرد، ئــەو بــە هــیــچ شــێوەیەك ئامــاژەی بــە نەخۆشــییەکەی شــا نــەداوە، هــەروەها لــە تۆمــارو

ئەرشـیفەکانی هـەواڵگری ئـەڵمانیای خۆرهـەڵاتیش بابـەتێك بـۆ پشتگیریی ئەو مەسـەلەیە نەدۆزراوەتـەوە، بـەڵام هـەواڵگری ئـەڵمانیای خۆرئاوا ئەوەی زانیوەو ئاگاداری لەنـدەنو واشـنتۆنی کردۆتـەوە کـەوا شای ئێران نەخۆشەو تەندروستیشی خراپە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لویس گیرنگاد، کە هەردووکمان لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بووین، لەوێو ئـەو کاتانـە ئـەو بـە منی وت، کەوا شا نەخۆشـەو ساڵێکە ئـەو نەخۆشییەی هەیـە، منـیش وتم، ئەوەیان راست نییەو ئەو هەواڵە هەڵبەستراوە، چونکە بڕوا ناکەم ئەوەیان لەسەر کەسێکی دکتۆر تێپەڕێتو لەبیری بکات. ئەو وتی:

حکومەتەکـەمان لـە هـاوینی سـاڵی ١٩٧٨ ەوە زانیویـەتی کـەوا ئـەو نەخۆشە. دیارە کەوا ئەو پیاوەی کە دۆستایەتییەکی باشمان بەیەکەوە هەبوو، قسەکەی راست دەرچوو. ئـەوەی جێگـەی باسـە کـەوا سـەفیری پێشووی بریتانیا لە تاران سیر (دینیس راتب) لـە دیمانەیەکـدا لـە (بـی بـی سـی) داو پاش ئـەوەی خانەنشین کرابـوو، وتبـووی مـن هـەواڵێکم زانیوە کەوا شای ئێران نەخۆشەو نەخۆشییەکەشی ترسناکە، بەڵام مـن لەو دەمانەدا کە قسەکەم زانیبوو سەردانی شام کرد، بینیم تەندروستی زۆر باشەو هیچ شوێنەواری ناساغی پێوە نییە. پاش ماوەیەکی زۆر لـە مانەوەی لە پۆستەکەی لە یەکێك لە بۆنەکانـدا لـە سـەرۆك دیسـتانیان پرسـیبوو، ئایـا تـۆ هـیچ زانیارییـەکت لەسـەر تەنـدروسـتی شـای ئـێران هەبوو، دەتزانی ئەو نەخۆشە، لەوێ بـە شـێوەیەکی ناراستەوخۆ دانـی بەوەدا نابوو، بۆیەش ئێمە دەپرسین ئەگەر سەرۆكو وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بزانن کـەوا شـا نەخۆشـە، ئـەو هەواڵـە بـە دەزگـای هـەواڵگری

خۆیان نەڵێن، یان هەواڵەکەیان لەلای خۆیانەوە پاراستووە نەوەك هەواڵەکە بکاتە زۆر گۆشەی ترەوە لەوێشەوە بڵاوبکرێتەوەو بکاتە دەزگاکانی هەوالگری ئەمریکاو بریتانیا.

رەنگە دیستان ئەو هەواڵەی زانیبووبێت، بەڵام لەبەرئەوەی سەماحەتی ئایەتوڵا خومەینی لەلای ئەوان بووەو لە پاریس دەژیا، بۆیەش نەکراوە باس لەو مەسەلەیە بکەن. دەزگای موخابەراتی فەرەنسی کە ئەو هەواڵەی نەزانیوە زۆر تووڕەبووە، لە کۆتاییدا من وا دەزانم فەرەنسا لە ئاکامی مانەوەو بوونی خومەینی لە پاریس سوودی ئابووری‌و سیاسی زۆری بینیووە.

نەخۆشی‌و، ئاوابوونی شا

لە رۆژی ١٦ی یەنایەری ساڵی ١٩٧٩دا شا بەرەو قاهیرە تارانی جێهێشتووەو دیداری ئەنوەر ئەلساداتی کردووە، لەوێشەوە بەرەو وڵاتی مەغریب رۆیشتووە. لەو سەفەرەدا تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، دووجار دکتۆر فلاندرینی دیبوو، ئەو قەناعەتی وابوو لە دەرەوە بتوانێت دەسەڵاتی بەسەر وڵاتدا بشکێت‌و جڵەوی حوکمی بە دەستەوە بمێنێت، بەڵام راستییەکە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەو بوو، لەو سەردانەدا بەیەکجاری عەرشی وڵاتەکەی لە دەستداو دەستەیەك لە کۆبەندی مەلاو رووناکبیران تاجەکەیان رووخاند، وەك چۆن چەند جاری تر ئەوە بەسەر بنەماڵەکەی قاجاردا هاتبوو، دیارە ئەو سوودی لە دەرسەکانی مێژوو وەرنەگرتبوو، لە هەمووش گرنگتر

دەسەڵاتو قسەی مەلاکانی ئێرانی بە چاوێکی کەم سەیر دەکرد، وەك چۆن ئەمریکاو بریتانیاش بە هەمان چاو سەیری ئەوانیان دەکرد.

پرسیارەکەش لەو رەوشەدا ئەوەیە، ئایا نەخۆشییەکە بەراورد لەگەڵ کەسایەتیو سیاسەتەکەی چەند رۆڵی هەبوو لە رووخانی ئەو...؟ دکتۆر فلاندرین وایدەزانی کەوا باری خراپی تەندروستیو نەخۆشییەکەی ئەو، باندۆری نەبووە لە لاوازکردنی کەسایەتییەکەی بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلە هەستیارەکانی ئەو دەمانە کە لە دوا ساڵەکانی حوکمیدا رووبەڕووی دەبوونەوە. نەخۆشییەکەشی هۆکار نەبوو لەسەر درەنگ هەستکردنی ئەو، بەرووداوەکان بەو شێوە دراماتیکییە؟

بەڵام گەیشتنی نەخۆشی کانسەر بە غودە لیمفاوییەکان رۆڵی هەبووە لە دەرکردنی بڕیارەکان، دوو مەسەلە کاریگەری لەسەر ئەو هەبوو، ماندووبوونو کانسەرەکە، هەردووکیان یەکتریان تەواو دەکرد. وەزیری دەرەوەی ئەمریکی سایروس ڤانس لە مایسی ساڵی ١٩٧٩ داوایکردبوو بە هیچ شێوەیەك لە تاراوگەکەی خۆیەوە پێشوازی لە شا نەکرێت بۆ هاتنی بۆ ئەمریکا، ئەو داوایەی لە کارتر کردبوو، هەروەها هەمان داواشی لە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا (جیمس کالاهان) کردبوو. لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٩) شا غودەکەی ملی ئەستوور دەبێت، بۆیەش دکتۆر فلاندرین بەرەو لای ئەو دەفڕێت، داواش دەکات نەخۆشەکەی بخەنە ژێر چارەسەرکردنی چڕەوە، بەڵام هێشتا نەیدەویست کەس بزانێت ئەو نەخۆشەو حەزی دەکرد نەخۆشییەکەی هەر بەنهێنی بمێنێتەوە.

دەرهێنانی زراو

شاو خێزانەکەی لە مەکسیك بوون، کە ماوەی نیشتەجێبوونیان تەواو دەبێت، مەکسیکییەکان رازی نابن ماوەی مانەوەکەی بۆ درێژ بکەنەوە، بۆیەش ئەو بەناچاری دەچێتە باهاما، لەوێ نەخۆشییەکە تەنگاوی دەکات، بۆیە دکتۆر فلاندرین لە ئۆگستی ساڵی ۱۹۷۹ دەیگاتێ، لەوێ پاش پشکنینی هەستدەکات خڕۆکە سپییەکانی خوێنی کەمی کردووە، بۆیەش بەناچاری دکتۆرەکە بڕیاردەدات دەرمانە شیمیاوییەکەی کەم بکاتەوە. شا نەخۆش دەکەوێت، وادەزانن نەخۆشی مەلاریایەتی، بۆیە دکتۆری ئەمریکی بنجامین لە رۆژی (۲۹)ی سپتەمبەردا دەگاتە مەکسیك، لە پاریسەوەش دکتۆرەکەی خۆی دەگاتە سەری، بەیەکەوە چاویان لە نەخۆشەکەیان دەبێت، هەردووکیان دەبێتە مشتومڕیان لەسەر بڕیاردان لەسەر نەخۆشیو رەوشە تەندروستییەکەی، بۆیە لە رۆژی ۱۸ ی ئوکتۆبەر فلاندرین دەکشێتەوە، کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە قسەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە بۆ هاتنە ناوەوەی ئەمریکا، هانی سەرۆکی وڵاتەکەی سەرۆك کارتەر دەدات بواری شا بدات بۆچارەسەر بێتە ناو ئەمریکا، بۆیەش دکتۆرەکەی هانی دەدات بچێتە ناو ئەمریکاو ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە. هەتا ئەودەمانەش یەك کەس لە ئێران نەیاندەزانی شا نەخۆشی کانسەری هەیە.

شا لە رۆژی ۲۲ ی ئوکتۆبەردا دەگاتە نیویۆرك، لە سەنتەری کۆرنیلی تەندروستی قەید دەکرێت، لەوێ زراوی دەردەهێنن، ئەگەرچی دکتۆرەکان پێیان باش بوو سپڵ (فاتەرەشە)ی دەربهێنن،

بەڵام بنەماڵەکەیان ئەومیان لا خۆش نەبوو، کە پشکنینیان بۆ غودە لیمفاوییەکانی کردبوو، بۆیان دەرکەوتبوو کەوا ئەو دووچاری جۆرێکی زۆر کوشندەی کانسەربووە.

لە رۆژی چوارەمی مانگی نۆڤەمبەری ۱۹۷۹ خۆپیشاندەرانی ئێرانی لە تاران هێرشیان کردبووە سەر باڵەخانەی سەفارەتی ئەمریکی، لەوێدا شێست و شەش کەسی ئەمریکاییان دەستبەسەر کردبوو، ئەو تەنگژەیە ماوەیەکی زۆری خایاند تا ئەوەی گەمارۆدانەکەو دەسبەسەراگرتنی سەفارەتەکەش (٤٤٤) رۆژی خایاند. کە مەکسیك بواری نەدا شا بچێتە ئەو وڵاتە، ئەمریکا وا بە باش دەزانێت ئەو بچێتە دوورگەی پەنەما، لەودەمانەشدا تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو.

لە رۆژی ۲۳ ی مانگی مارسی ساڵی ۱۹۸۰دا شا لە پەنەماوە دەفڕێت بەرەو وڵاتی میسر، لەوێ دەستەیەك پزیشك دەبینێت لەوانە دکتۆر کین و دکتۆر مایکل و دکتۆر فلاندرین و دەستەیەك لە دکتۆرانی میسری، هەموولایەك بڕیار دەدەن یەکسەرو زوو سپڵەکەی دەربهێنن، بە نەشتەرگەرییەکیش پارچەو نموونەیەکیان لە جەرگی وەرگرتبوو، لەو نموونەیەوە بۆیان دەرکەوتبوو کەوا ڕەگی کانسەرەکە تەشەنەی کردووە. دکتۆر کین نەیدەویست لەدوا رۆژەکانی ژیانیداو بۆ ئەوەی تەندروستی زۆر تێکنەچێت چیتر چارەسەری شیمیاویی بۆ بکەن، بەڵام دکتۆرەکانی ترو ئەندامانی خێزانەکەی ئەومیان دەویست، بۆیەش لە رۆژی ۳۱ ی مارس دکتۆر کین دەگەڕێتەوە ئەمریکاو دکتۆرە فەرەنسییەکەی دکتۆر فلاندرین لەسەر چارەسەرکردنەکەی بەردەوام

دەبێت. لە رۆژی ٢٧ ی مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٨٠ شا لە قاهیرە دەمرێت، لەوێ بە خاك دەسپێردرێت، لە مەراسیمەکەدا سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ریتشارد نیکسۆن و باڵوێزی ئەمریکاو فەرەنسا بەشداردەبن، لەو مەراسیمەدا بریتانیا بەرپرسێکی ئاسایی خۆی ناردبوو.

بەشی چوارەم

فرانسوا میتیّرانو کانسەری پرۆستات

نەخۆشی برژنێف لە قژی و بۆمبیدۆ لە میزەکەیدا زانرا

من یەکێك بووم لەوانەی بە کەسایەتی سیاسی فرانسوا میتێران سەرسام بووم، ئەگەرچی من زۆر باشیشم نەدەناسی، چونکە ئەو کەم دۆستایەتی دەکرد، لە ناوەڕاستی شێستەکاندا کە سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی پەرلەمانتارە ئەوروپییەکانی ناو رێکخراوی چەپی ئەوروپی لە پاریس دەکرد، من بۆ یەکەمجار ئەوم دیبوو. ئەو لە کەسێکی رۆشنبیری ئاساییەوە ببووە سەرکردەیەکی باڵا، بەوەش ناسرابوو کەوا گوڵە سوورەکەی ئیشتراکی ئەوروپی نوێی بە یەخەوە بوو، من لە ساڵی ١٩٧٨ لە کۆنگرەی حیزبی کرێکاران قسەم لەگەڵدا کردبوو، کە سەرکردەی حیزبی سۆسیال- دیموکراسی بوو. کە سەرۆکی حیزبی سۆسیال- دیموکراسی بووم لە ساڵی ١٩٨٦ لە کۆشکی ئالیزێ باسمان لە هاوکاری ناوەکی ئەنگلۆ فەرەنسی کردبوو. جارێکی تر لە سەرەتای سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢ چاوم پێکەوتبوو کە ببوومە راوێژکاری یەکێتی ئەوروپی لە یۆگۆسلافیای پێشوو، هەروەها چەند جاری تریش دیمانەمان بووە.

له لووتکەی دەسەڵاتدا

له یەکەم هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسی له ٢٦ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٨١ میتێران کاندیدی سۆسیالیستەکان پلەی دووەمی له بەرامبەر سەرۆك ڤالیری جیسکار دیستان بەدەست هێنابوو، کە پێش ئەو سەرۆك بوو، کە تێدا زووتر لەسەر جاك شیراكو کاندیدی شیوعییەکان جۆرج ماشیه سەرکەوتبوو، کە رێژەی ٢٠٪ یان هێنابوو، ئەو جارە تەنها ١٥،٥٪ دەنگیان هێنابوو، کە میتێران زۆرتر له ٢٥٪ دەنگی هاوردبوو. له خولێکی تری هەڵبژاردندا میتێران تەنها رووبەڕووی سەرۆك دیستان دەبێتەوە، کە لەو دەمانە فشاری سیاسی زۆری لەسەر بوو لە ئاکامی بەرزبوونەوەی نرخی پترۆڵ ، پاش ئەوەی جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو تەنگژەیە روودەدات، هەروەها کە یەکێتی سۆڤیەت مووشەکە ناوەکییەکانی جۆری ئەس ئەس ٢٠ لە ئەورووپای خۆرهەڵات تاقی دەکاتەوە، ئەو لە فشارو پەرچدانەوەکە دوودڵ دەبێت، ئەوەش باندۆری لەسەر کەسایەتی ئەو دەبێت، یان لەبەرئەوەی پارچە ئەڵماسێکی بە دیاری لە ئیمپراتۆری ئەفریقیای ناوەڕاست بۆکاسا وەرگرتبوو. میتێران لە خولی دووەمدا بە رێژەی ٥٢٪ کۆی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، بەوەش لە ٢١ ی مایۆی پۆستی سەرۆکایەتی وەردەگرێت، ئەوەش نیشانەیەك بوو کەوا لە رووی سیاسییەوە میتێران دەستی دەڕۆیشت، لەو رۆژانەش وەك کەسێکی قۆزو تەندروست و سەلامەت دەردەکەوت، میتێران یەکسەر فەرمان دەدات پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، لە هەڵبژاردنەکەشدا لە ئەنجومەنی یاسادانانی فەرەنسی زۆرینەی رەهای دەنگەکان بەدەست دەهێنێت، کە حیزبی ئیشتراکی تێدا رێژەی ٣٨٪ دەنگەکانی وەرگرتبوو.

لە نهێنییەکانی دەوڵەت

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا تەندروستی میتێران پەردەیەکی توندی بۆ شاردنەوەی رەوشی سەلامەتی لەسەربوو، ئەو پەیمانی دابوو ئەگەر لە هەڵبژاردنەکە دەربچێت هەر شەش مانگ جارێك و بەردەوام لێدوانێکی رەسمی رادەگەیەنێت و هاووڵاتیان لە سەلامەتی خۆی دڵنیا دەکاتەوە، کە میتێران و هاووڵاتیان زانیبوویان سەرۆك جۆرج بومبیدۆ نەخۆش بوو، هەر بەو نەخۆشییە کە کانسەری خوێن بوو مرد، تووشی شۆك ببوون. هاووڵاتیانی فەرەنسی ئەومیان نەدەزانی کەوا سەرۆك بۆمبیدۆیش نەخۆشە. کە ڤالیری جیسکاریش لە ساڵی ١٩٧٤ خۆی کاندید کردبوو وەعدی بە فەرەنسییەکان دابوو، بەردەوام لێدوانی روونیان لەسەر تەندروستی خۆی پێشکەش بکات، کە ئەو سەلامەتەو دەتوانێت کارەکانی راپەڕێنێت، بەڵام کە لە هەڵبژاردنەکە دەردەچێت ئەو بەڵێنە جێبەجێ ناکات، بۆئەو سەرپێچییەش هیچ بیانوویێك پێشکەش ناکات. لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم بڵاوکراوە لە لایەن دکتۆر گلۆد گویل کە دکتۆری تایبەتی سەرۆك میتێران و خێزانەکەی بوو پێشکەش دەکرێت. لە ساڵی ١٩٦٩ وە، وا دەزانرا کەوا سەرۆك تەندروستی زۆر باشەو چاپوکانە کارەکانی بەڕێوە دەبات. پاش شەش مانگ لە ناکاو و پاش گەڕانەوەی لە سەفەری کۆنگرەی لووتکەیی کانکۆن لە مەکسیك لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا هەستکرا کەوا سەرۆك میتێران ژانەپشت و باسکەکانی هەیە، کە هەستیش کرا دەشەلێت هەست بە مەترسی کرا، کە دکتۆر گویل پشکنینی پێویستی بۆ دەکات، دەردەکەوێت میتێران پرۆستاتێکی

قەبەو رەقی هەیە.

(گویل) دکتۆرە تایبەتییەکەی سەرۆك میتێران، لە رۆژی ٧ ی نۆڤمبەردا بە ئوتومبێلێکی کۆنو بە بێ پاسەوانی پۆلیسەکانی کۆشکی ئالیزێ دەیباتە نەخۆشخانەی (ڤال دوگراس)ی سەربازی، بە ناوێکی خواستراوی (ئەلبیر بلوت) چەندین پشکنینی وردی ئێسك بۆ نەخۆشییەکی ترسناکی بۆ دەکەن. لە ئێوارەی رۆژی ١٦ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٨١ دکتۆر گویل نوزداری ناودارو پسپۆڕ لەو نەخۆشیانەو لەگەڵ (ئودولف ستیگ) پرۆفیسۆر لە نەخۆشییەکانی غودەی لیمفاوی دەچێتە کۆشکی ئالیزێ. لەوێ ستیگ بە گویل دەڵێت ئەو برینانەی لە ئێسکی میتێراندا دیارن کە لە تیشکەکانی پێشوودا بۆی وەرگیراوە دەردەکەوێ، جۆرێکە لە گەشەبوونێکی لاوەکی لە کانسەری پرۆستات. لەوێ بە سەرۆك میتێران دەڵێن ئەو کانسەرەکەی لە قۆناخێکی گەشەداردایە لە غودەی پرۆستاتدا، رێژەی ناوەندیش بۆ ژیانی ئەو نەخۆشانە سێ ساڵە، بەلام ئەگەری جۆرێك لە رێزپەڕیش هەیەو رەوشی ئەویش دڵخۆشکەر نییە.

دکتۆرێکی ئاشکرابێژ

بەپێی قسەکەی گویل، ستیگ راشکاوانە بۆچوونەکەی خۆی راگەیاندبوو. پێشتریشو لە رۆژی ١٣ای نۆڤمبەردا گویل بە سەرۆک میتێرانی وتبوو، کەوا ئەنجامی پشکنینەکان باش نین، بەلام بە روونی وشەی کانسەری پێ نەوتبوو، ئەگەرچی فۆناغەکەی زۆریش پەرەی سەندبوو، بەلام ستیگ بە بێ دوودلی قسەکانی خۆی کردبوو، بە سەرۆکی وتبوو:

پۆستەکەی من وایە ناگرێ راستییەکەت لێ بشارمەوە، تۆ کانسەری پرۆستاتت هەیە، ئەوەش رەگەکەی گەیشتووتە ناو ناخی ئێسکەکانت.

کە میتێران ئەو قسەیە دەبیستێت، بە دەنگێکی لاوازو نەرم دەبێژێت:

کەواتە من کۆتاییم هاتووە.

بەلام دکتۆر ستیگ وەلامی دەداتەوەو دەلێت:

وا مەلێ، ئێمە نالێین مەسەلەکە تەواوو تۆش کۆتاییت هاتووە، لەگەل دکتۆر گویل، هەموو شتە پێویستەکان دەکەین. بەلام سەرۆک میتێران قسەکەی دەبڕێتو دەلێت:

لە هەلخەلەتاندنم وازبێنە... من تەواو بووم.

بەلام ستێگ، وەلامی دەداتەوەو دەلێت:

لە راستیدا رەوشەکە ترسناکە، بەلام دەست دەکەین بە چارەسەرکردنت، بۆیەش دەبێ تۆ لەسەر ئەو چارەسەرکردنە رەزامەندیت هەبێت، هەموو هەنگاوەکان رەزامەندی تۆی دەوێت،

ئەگەر ئەوەش نەکرێت...

لێرەدا سەرۆک قسەکانی ئەو دەبڕێت و دەڵێت:

ئەگەر من رازی نەبم، قسەکەی تۆ وایە من تەواو بووم، تۆ هیچ رێگای ترت بۆ نەهێشتمەوە.

لێرەوە ستێک، لەگەڵ ئەو زۆر راشکاوانە قسەی کردبوو، بۆیە وەڵامەکەی بەو شێوەیە بوو:

کە کانسەری پرۆستاتەکەت بەو شێوە ناسروشتییە گەشەدەکات، شێوازەکان بە شێوەیەکی خراپ بەرێوە دەچێت. ئەگەر نەکرا برینەکە بکوژین، ئەوە پرۆسەکە چەند مانگێک دەخایەنێت.

دارودەستەکەی ئەوە بە درۆ دەخەنەوە

گەورە یاریدەرەکانی سەرۆک میتێران (بیار بیریگوفو) لەودەمانەدا وتبووی، ئەو قسانەی کراون کەوا سەرۆک دووچاری نەخۆشییەکی ترسناک هاتووە راست نییە، دکتۆر هەموو ئەنجامی پشکنینەکانی بەو راگەیاندووە. ئەو قسەو هەواڵانەش پاش ئەوە راپۆرتێکی چوار لاپەرەیی لەسەر سەردانی سەرۆک میتێران بۆ نەخۆشخانە لە هەفتەی رابردوو لەگەڵ چەندین وێنەیەوە لە گۆڤاری باری مانتش بڵاوکرایەوە.

پەیامەکە

لەو دەمانەدا سەرۆک میتێران رووبەڕووی تەنگژەیەکی سیاسی دەبێتەوە، نەک تەنها لە رووی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیو بەس، ئەومیان دەتوانی خۆی بڕیاری لەسەر بداتو چارەسەری بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو کەوا ئەو زووتر بەڵێنی دابوو، کەوا راشکاوانە بەیانێك دەربکاتو باس لە تووشبوونی خۆی بە نەخۆشی کانسەر بکات، ئاماژە بە قۆناغەکانی چارەسەرکردنی خۆی بدات، کە لە نەخۆشخانەکان بۆی دەگرێت. ئەو پەیامە بۆ ئەو بەس بوو، پێویستیشی نەدەکرد باس لە ناوی نەخۆشییەکەو تووشبوونی بە کانسەریش بکات، کە چۆن گەیشتوونەتە ئێسکەکانی، ئەوەش ببێتە پەیامێکی روون کەوا ئەو لە کارنامەو رۆژانەی خۆی چالاکانە کاردەکات بەردەوام بێت، ئەوەش رێگا لەو وتارانەش دەگرێت کەوا ئەو دەبێ دەست لەکار بکێشێتەوە. لەو رەوشەدا زۆربەی زۆری دەنگدەرە فەرەنسییەکان ئامادەییان هەبوو، چاوەڕوان بکەن، بوار بە سەرۆك بدەن بەردەوام بێتو چاودێری رەوشەکە بکەن، ئەو مەسەلەیەش حیزبەکەی نیگەران کردبوو، بەڵام هەموو سەرۆکە فەرەنسییەکان کە دەنگیان هێناوەو بوونەتە سەرۆك بێ پشتیوانی حیزبەکەیانو هاوڕێیەکانی توانیویانە سیاسییانە کارەکانیان راپەڕێنن.

هەڵخەڵەتاندن لەجیاتی راشکاویی

لەجیاتی ئەوەی سەرۆك میتێران راستی رەوشی تەندروستی خۆی بە هاوولاتیان رابگەێنێت، مەسەلەکەی بەنهێنی هێشتۆتەوە. بە قسەی دکتۆر گوبلر، سەرۆك یەکسەر مەسەلەی نەخۆشییەکەی خۆی وەك نهێنییەکی دەوڵەت ناساندبوو، حەزی نەدەکرد ئەومیان ئاشکرا بکات. بە دکتۆر گوبلری وتبوو، ئەو نهێنییە لەلای خۆت بپارێزە. هەمووولایەك دەیانوت، ئەگەر دکتۆرەکە نهێنییەکەی ئاشکرا کردبوایە باجەکەی بە گرانییەوە دەدا، کە دە ساڵیش دکتۆری ئەو بووە، مانای ئەوە بووە ئەو نەیویستووە دەست لە کار بکێشێتەوەو دەسبەرداری ژانی نەخۆشییەکەی نەبووەو لەکاتی تەنگانەدا لەو دوور نەکەوتووەتەوە، هەردوو دکتۆرەکە گوبلرو ستێگ بە یەکەوە هەموو داواکانی نەخۆشەکەیان قبووڵ بووەو مەسەلەکەشیان بە نهێنی هێشتۆتەوە، بەوەش خزمەتێکی مەزنیان بەو گەیاندووە. میتێران دکتۆرەکانی خۆشی ئاگادار کردەوە کەوا نابی نهێنی نەخۆشییەکەی بە ژنەکەشی بڵێن، خۆشی بە هاوسەرو منداڵەکانیشی نەوتبوو، ئەو مەسەلەیە بە شاراوەیی تا ساڵی ١٩٩١ بۆ دانیال میتێران ماوەتەوە، ژنەکەی وتبووی ئەو بە سادەییەوە هێمنی رۆحی ئێمەی دەپاراست.

دکتۆرە دەبەنگەکان

هەندێ نەخۆش هەیە داوا لە دکتۆرەکانی دەکات، رەوشی تەندروستییان لە ماڵەوەیان بشارنەوە، راستی نەخۆشییەکانیان بە کەسوکاریان نەڵێن، بەڵام سەرۆك کۆمارێك کە بە شێوازێكو لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی دیموکراسیانەدا هەڵبژێردرابێت، ناکرێ نەخۆشییەکەی لە هاووڵاتیانی خۆی بشارێتەوە، چونکە ئەو نەخۆشیێکی ئاسایی نییە، ئەو ئیلتیزامی راستبێژی داوەو سەرۆك میتێرانیش ئەو راستییەی باش زانیوە، بەڵام سەرپێچی کردووەو خۆی لەوەیان دوور راگرتووە. سەرەتا میتێرانیش دوودڵ بووە لەوەی هەواڵی نەخۆشییەکەی بە شاراوەیی بمێنێتەوە، دکتۆر گوبلر دڵنیایە کەوا سەرۆك میتێران لەگەڵ یەکێك لە یاریدەرە نزیکەکانی ئەویش جاك ئاتاڵی بوو باسی مەسەلەکەی کردووە. کە ئاتاڵی بیرەوەرییەکانی لە دیسمبەری ساڵی ١٩٨١ چاپکردووە لەوێ وتوویەتی:

سەرۆك میتێران بەمنی وتبوو من نەخۆشی کانسەرم هەیەو چارەسەریشی نییە.

پاش چەند رۆژێك ئەو وتبووی:

سەرۆك بە منی وتبوو، دکتۆرەکان دەبەنگن نازانن، دەڵێن گوایە من کانسەرم هەیە.! ئەوەش دیارە کەوا سەرۆك میتێران دوودڵ بووە لەوەی نەخۆشییەکەی رابگەیەنێت، بڕیاریشی داوە هەواڵی نەخۆشییەکەی زۆر نهێنی بێت، بەڵام ئاتاڵی لە کتێبەکەیدا باسی ئەو دوودڵییەی نەکردووە.

گرفتێکی ئەخلاقی

ئەو تەنگژە ئەخلاقیو مەعنەوییەی سەرۆک میتێران بۆ دکتۆر گوبلر زۆر قووڵ بوو، چونکە ناوەکەی ئەو پاش شەش مانگ لە بەیانە رەسمییەکەی سەبارەت بە تەندروستی سەرۆک دەهات. بە قسەکانی دکتۆر گوبلر کە وتبووی:

من دووچاری درۆیەکی گەورە هاتبووم سەبارەت بە نەخۆشییەکەی سەرۆک میتێران، ئەو درۆیەم پازدە ساڵ هەڵگرتبوو، تا توانیم رزگارم بێت، درۆیەکەی ئێمە هەموو شتەکانی شاردەوە.

دکتۆرەکانیش پاش ئێمە درۆیەکەیان درێژە پێ دەداو رایانگەیاند کەوا نەخۆشەکەمان ماوەی پێنج ساڵ دەژێت، ئەگەرچی دەستنیشانکردنەکە لەنێوان سێ ساڵ تا سێ مانگ دەبوو، ئەگەر جەستەی نەخۆشەکەمان بەرگەی ئەو چارەسەرییە بگرێت.

گوبلر نووسیبوی:

نەخۆشەکەمان سەرەتا درۆی لەگەڵ خودی خۆی دەکرد، ئەوەش هەڵسوکەوتێکی ئاساییە کە خەڵك دەیکات، بەڵام پاشان ئەو درۆی لەگەڵ خەڵکەکەش کرد، کە من لە مانگی دیسەمبەردا سەرقاڵی سازکردنی دارشتنی بەیانێك بووم سەبارەت بە تەندروستی سەرۆك، ئەو بە منی وت، هەرچی بێت نابێ راستی رەوشی تەندروستیم ئاشکرا بکرێت.

لە کاتی سازکردنی دووەم پەیامی میتێران، دکتۆر گوبلر هەنگاوێکی گرنگی هاویشتبوو، ئەو بەراستی بەشداربوو لە ئامادەکردنی بەیانەکەو نەخۆشەکەش رازی نییە راستییەکە ئاشکرا

بکرێت، دکتۆرەکەش کۆشش دەکات میتێران رازی بێت راستییەکە لە بەیانەکە بگوترێت- یان چیتر بەیانی نوێ دەرنەچێت، وەك چۆن زووتر جیسکار دیستانیش ئەوەی کردبوو. دکتۆرەکە سووربوو لەسەرئەوەی لە بەیانەکەدا ناوی ئەو نەهێنرێت و تەنها پەیڤداری کۆشکی ئالیزێ بێت، پێویست ناکات ناوی دکتۆرەکەش لە بەیانی دووەم هەبێت، دیارە ئەوەش ئاسان نەبوو، چونکە زووتر لە بەیانەکەدا ناوی هاتبوو، وەك چۆن دکتۆرەکانی سەرۆکەکانی تری کۆمار کردوویانەو ناویان هاتووەو لە هەموو بەیانەکانی تەندروستی سەرۆکەکان ناوی دکتۆرەکانی پێوە بووە.

رەوشێکی نائاسایی

هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتی تەندروستی سەرۆکەکان بە ناوی دکتۆرەکانەوە دەردەچێت. بۆیەش کاتی ئەوە هاتبوو دکتۆر گوبلر بکەوێتە رەوشێکی نائاسایی، ئەو حەزی دەکرد لەو رەوشەدا هیچ لێدوانیش دەرنەچێت، بەڵام سەرۆکە نەخۆشەکەی دەرچوونی ئەو بەیانەی دەویست. لە کۆتایی شێوەی داڕشتنی بەیانەکە هەردوولا گەیشتنە رێکەوتنێك کەوا بەیانەکە ناتەواو بێت، مەبەستیش لەو بەیانەش دڵنیاکردنی هاوڵاتیانی فەرەنسی بوو کەوا سەرۆکەکەیان سەلامەتەو نەخۆشی کوشندەی نییەو ئەوان وەك سەرۆکی پێشوو جۆرج بومبیدۆ ناکەن کە راستی نەخۆشییەکەی لە میللەت دەشاردەوە، گوبلر ئەو رۆژە ناخۆشەی لەبیرمابوو کە دووچاری ببوو. رۆژێکیان

دکتـۆرێکی هـاوڕێی خـۆی لێـی دەپرسـێت ئەگـەر ڕۆژێکیـان سـەرۆك میتێران زانی نەخۆشەو نەخۆشییەکەی کوشندەیە، ئـەو ڕازی دەبێت ئەوە بە بەیانێك ڕابگەیەنن، گوبلر وەڵامـی بـە بـەڵێ داوەتـەوە، بـەڵام باشیشی دەزانی کەوا سەرۆك بە پێچەوانە دەجولێتەوە.

لـە نۆڤەمبـەری سـاڵی ۱۹۸۱ ەوە میتێـران بـۆ چارەسـەرکردنەکەی هۆرمۆنی ئەستروجینی وەرگرتووە، ئەوەش ماددەیەکی دژە پـەیتبوونی خوێنی تێدایە، ئەو دەرمانـەش کاردانەوەی لاوەکیشی هەیە، ڕێژەی ۳۰٪ نەخۆشـەکان لـە دوو سـاڵی یەکـەمی تووشـبونیان بـەو نەخۆشـییە دەمـردن. ئـەو ڕۆژانـەو بـۆ مـاوەی دوو هەفتـە دەرزییـەکی بـەهێزی ئەستروجینی وەردەگرت. پاشـان تـا کۆتـایی مـانگی فبرایـری سـاڵی ۱۹۸۲ دوو ڕۆژ جارێـك ئـەو چارەسـەرییەی وەرگرتـووە، پشکنینەکانیش لـە تاقیگەی ڤال دوگراسەوە دەکراو لە تاقیگەیەکی تـریش دڵنیـابوونی بـۆ دەکرا، لەبەرئەوەی هۆرمۆنەکە زۆر بـەهێزبوو بۆیـە نـەدەکرا ئـەومیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەرگرێت، ماوەکە بگاتە سێ تا چوار مانگ.

دکتۆر گوبلر بەردەوام لەگەڵ سەرۆك میتێـران سـەفەری کـردووە، ئەو خـۆی سەرپەرشـتی چارەسـەریو دەرمانـەکانی ئـەوی کـردووە، کە دەگەڕایەوە پاریس زوو کەلوپەلـەکانی فڕێـدەدا، سـەرۆك لـەوە دەترسـا بــەو کەرەســتانە جاسووســی لەســەر ئــەوو دکتۆرەکــەی بکــەن. فەرەنسـییەکان وا دەزانـن کـەوا سـەرۆکی یـەکێتی سـۆڤیەت لیونیـد برژنیـف بـە هـۆی تاڵـە مووەکـانی سـەریانەوە کـە لـە شـانەکەی وەریـانگرتبوو، تێگەیشـتبوون کـەوا برژنێـف نەخۆشـەو چ دەرمانێـك بـەکاردەهێنێت، بۆیـەش ئـەو سەرکردانەش زۆرجار فێڵیـان کـردووەو

جاسووسەکانیان چەواشە کردووە، ئەو مەسەلانە زۆربوو، ترسەکان زۆربوون، وایاندەزانی پاشماوەو کەڤی سابوونی ناو بانیۆکانیان بۆ پشکنین هەڵدەگرنەوەو حکومەتەکان بەو جۆرە سۆراغی تەندروستی سەرۆکەکانی وڵاتانیان کردووە، ئەوان وا دەزانن کەوا میزی سەرۆك بۆمبیدۆیان بۆ پشکنین وەرگرتووەو بەوەش زانیوویانە ئەو چ جۆرە نەخۆشییەکی هەیە، بۆیەش گوبلر زۆر بە وردی چاودێری گەرماوو ئاوی سیفۆنی توالیتەکەی میتێرانی پاش بەکارهێنانی کردووە. گوبلر بەو شێوەیە باس لەسەردەمی ئەو یازدە ساڵەی تەمەنی میتێران دەکات، کە نووسیویەتی:

لەو ساڵانەدا ئەو گەمەی خۆدزینەوەی لەگەڵ مردن کردووە. دانانی پەردەی نهێنی لەسەر نەخۆشییەکانیش بێگومان مەترسی لەسەر نەخۆشەکەش زۆرتر دەکات، بەڵام کەسە نەخۆشەکە ئامادەبووە ئەو قوربانییەش بدات، تەنها لە پێناوی ئەوەی کەس باری تەندروستی ئەو نەزانن، ئەو لە ئەنجامی ئەو دەرمانەی بۆ کەمکردنەوەی پەیتبوونی خوێنەکەی بەکاریهێناوە، لە ساڵی ١٩٨٢ دووچاری نەخۆشی گیرانی سییەکان بووە.

بەشی پێنجەم

ڕۆماتیزم لەبری کانسەر

بە فیلەکانی خۆی میتێران نەخۆشییەکانی شاردۆتەوە

یەکێك لەو هۆکارانەی کە بە هۆیەوە پەردە لە سەر نەخۆشییەکەی میتێران لانەدەدرا، ئەوەبوو کەوا میتێران شارەزایی لەو دەرمانانە نەبوو کە بەکاریهێناون، ئەو وایزانیبوو ئەو دەرمانەی دکتۆر گوبلر بۆی دانابوو بۆ چارەسەری رۆماتیزمە، دیارە ئەو فێڵەش یەکێك بووە لە شێوەکانی هەڵخەڵەتاندن سەبارەت بە رەوشی سەرۆك میتێران. کەسایەتی ئەو مەرجێکی سەرەکی بووە بۆ تێگەیشتنی بڕیارەکە بە شێوازە نهێنییەکە، چونکە ئەو کەسێك بوو نهێنی پارێزی بەشێکی سروشتی بووە لە ژیانی سیاسیدا، بۆیەش ئاساییەو سەرسامی ناوێت کە هەندێ جار ناوی ئەویان بە (ئەبو هۆل) ناوبردووە.

خەڵاتێکی نازییانە

کە تۆماری چالاکییەکانی ئەویان لەسەروبەندی شەڕی دووەمی جیهانی کردووە، ئەو خەوشەیان لەو دۆزیوەتەوە، ئەو لە ڕۆژانی کۆتایی شەڕەکەدا لە ڕیزەکانی بەرگری میللی فەرەنسیدا بووە، لەوێ بەڵگەو بەرنامەی پرۆسەکانی هەڵاتنی دیلەکانیان سازکردووە. لە ساڵی ١٩٤٣و لە ژێر ناوێکی خوازراودا (کاپتن مورلان) لەگەڵ (موریس بینو)ی سەرۆکی قومیسارییەکان، هاوکاربووە لە دانانو گەشەپێدانی تۆڕیکی بەرگری بە ناوی (بزافی نیشتیمانی بۆ دیلو کۆچبەرەکانی شەڕەکە)، بەڵام میتێران لە ساڵی ١٩٤٣دا لە مارشال (فیلیب بیتان) ی سەرۆکی حکومەتی فیشی کە هاوکاری داگیرکەرە ئەڵمانیەکان بوو لە فەرەنسا خەڵاتکراوە، دیارە ئەو خەڵاتەش دەدرایە ئەو کەسانەی جێگای بڕوا بوون، ئەو خەڵاتەش کە میتێران وەریگرتووە لە ژیانی سیاسیدا بەردەوام جێگای گومانو پرسیاری ترسناك بووە، چونکە بەومیانەوە دیارە کەوا ئەو هاوکاری داگیرکەرە نازییەکانی کردووە، بەردەوام بەوە تاوانبارکراوەو هەڕەشەی لێکراوە، ئەو هەر بەوەندە وەڵامی داوەتەوە، کەوا ئەو شانازی بە کەرامەتی خۆیەوە دەکات.

چه‌پكه گوڵێك له‌سه‌ر گۆڕی بیتان

ئه‌و كه‌ له‌ ساڵی ١٩٩٢ دا پۆستی سه‌رۆكایه‌تی وڵاتی وه‌رگرتووه‌ گوێی نه‌داوه‌ته‌ ئه‌و كه‌سانه‌ی ره‌خنه‌یان گرتووه‌، به‌ڵكو راستی هاوكاریی داگیركه‌رانی دووپات كردۆته‌وه‌، ئه‌ویش به‌ دانانی چه‌پكه گوڵێك بووه‌ له‌سه‌ر گۆڕی بیتان، ئه‌و هه‌نگاوه‌ش نوێ و كه‌سنه‌كرده‌ نه‌بوو، زووتر سه‌رۆك دیگۆڵ و سه‌رۆك جیسكاریش له‌ یادی په‌نجا ساڵه‌ و شێست ساڵه‌ی كۆتایی شه‌ڕی دووه‌می جیهان فه‌رمانیان داوه‌ گوڵ له‌سه‌ر ئه‌و مه‌زاره‌ دابنێن. بیتان سه‌رۆكی هێزه‌كانی فه‌ره‌نسی بووه‌ له‌ شه‌ڕی فیردون، به‌ڵام گوڵدانانه‌كه‌ی میتێران جێگه‌ی وروژاندنێكی گه‌وره‌بوو.

دیاره‌ كه‌وا میتێران راستییه‌كی شاراوه‌ له‌سه‌ر فه‌ره‌نسا ده‌زانێت، نایه‌وێ ئه‌و كیشه‌یه‌ی له‌سه‌رده‌می ساڵانی حوكمی (فیشی) به‌ بنبڕی كۆتا بێنێت، ئه‌و هه‌سته‌ش له‌ناو نه‌وه‌كانی سه‌رده‌می گه‌نجی ئه‌و رۆژانه‌ ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌، كه‌ حكومه‌تی فیشی ده‌ستی له‌گه‌ڵ داگیركه‌ران هه‌بوو، تا ئێستاش لایه‌نی شاراوه‌یی تێدایه‌.

له‌ كاتی حكومه‌ته‌ كاتییه‌كه‌ كه‌ له‌ مانگی ئۆگۆستدا چاوه‌ڕوانی گه‌ڕانه‌وه‌ی دیگۆلیان ده‌كرد، ئه‌وده‌مانه‌ میتێران ته‌مه‌نی ٢٧ ساڵ بوو، دوو هه‌فته‌ بوو ده‌ستنیشانكرابوو بۆ ئه‌وه‌ی ببێته‌ سكرتێری گشتی لیژنه‌ی دیله‌كانی شه‌ڕه‌كه‌، له‌ كاتی شه‌ڕه‌كه‌دا له‌گه‌ڵ دیگۆل له‌ جه‌زائیر به‌شداری كۆبوونه‌وه‌یه‌كی شپرزه‌ ده‌بێت، كه‌ داواكار ده‌بن سێ رێكخراوی تایبه‌ت به‌ كاروباری دیله‌كان یه‌كبگرنه‌وه‌، له‌وێش داوای لێنه‌كراوه‌ له‌ سه‌رده‌می دیگۆل به‌شداری حكومه‌ت بكات، به‌ڵام له‌

حکومەتەکەی (بۆل رامادییر) لە ساڵی ١٩٤٧ وەك وەزیری سەربازە دێرینەکان بەشداربووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ تا ١٩٥٨ لە ماوەی کۆماری سێیەمدا میتێران یازدە جار بەشداری حکومەتی کردووەو بە چاوی کەسێکی نائیشتراکیش سەیری کراوە، ئەو وەك نوێنەرێکی سەربەخۆ بەشداربووە.

چیرۆکێکی شاراوە

میتێران لە ڕێگای چیرۆکی شاراوە، کە گوایە هەندێکیان هەڵبەستراون و وەك پڕوپاگەندە بەکارهاتوون، ناوی بە کەسێکی فێڵباز دەرکردبوو. لە ڕۆژی ١٦ ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٥٩ لە ڕۆژنامەکان هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کەوا میتێران لە هەوڵێکی کوشتندا دەربازی بووە، پەرلەمانتاری ڕاستڕەو (ڕۆبیر بیسکیە) میتێرانی بەوە تاوانبارکردبوو، کەوا ئەو جۆرە هەواڵانە بۆ ئەوە هەڵدەبەستێت تا سۆزی جەماوەری میللی بۆ خۆی ڕاکێشێت. لە ئەنجامدا حەسانەی پەرلەمانی لەسەر لادەچێت تا ڕەوانەی دادگای بکەن، بەڵام پاشان سەیری کێشەکە نەکرا، چونکە پەرلەمانتار بیسکیە لە وڵات ڕایکرد، ئەو کێشەیەش زیانێکی گەورەی بە میتێران گەیاندبوو، ئەو دووبارە گەڕاوەتەوە سەر کارە نهێنییەکانی خۆی، بەئاشکرا بەرگری لە خۆی نەکردووە.

دەربازبوونێکی شاراوە

یەکێك لە کارە شاراوەکانی میتێران ئەوەبوو کەوا لە مەیدانی سیاسیی فەرەنسییەوەو لە ریزی راستڕەوەکانەوە هاتۆتە ناو چەپەکان، ئەو لەو ماوەیەدا لە کەسێکی تەماویی شاراوە خۆی شاردۆتەوە کە خۆی بۆ خۆی دەیخولقاند. لە ساڵی ١٩٦٥ بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە رووی ژەنراڵ دیگۆل دەکات، لەوێوە بەوە دەردەکەوێت کەوا دەتوانێت بەرەیەك بۆ چەپەکان دامەزرێنێت، لەو هەڵبژاردنەداو لە خولی دووەمیدا ئەو دەتوانێت ٤٥٪ کۆی دەنگەکان بەدەست بهێنێت. لەو رۆژەوە میتێران دوا رۆژێکی پرشنگداری لە سیاسەت لەپێشدا دەکرێتەوە، ئەو وەك کەسێکی رۆشنبیرو خاوەن خولیای خوێندنەوەو کتێبیش دەناسرێت، بەوەش پێناسە کرابوو، کەوا ئەو کەسایەتییەکە لە دەرەوەی رۆمانەکە.

بنەماڵەیەکی هاوسەنگ

یەکێك لە نهێنییەکانی ئەو لەوە دەرکەوتووە کە نەخۆش کەوتووە، سەرکەوتنی نهێنییەکانی ئەو لەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا ئەو ژیانێکی هاوسەری هاوسەنگی هەبووە، کە ماوەیەکی زۆریش بە نهێنی لەگەڵ ژنە دۆستەکەی (نان بینگۆ) ژیاوە، کە لەو ژنە کیژێکی بەناوی (مازارین) هەیە. راستی کیژەکەی لە هاوڵاتیانی فەرەنسی شاراوەتەوەو بە نهێنی ماوەتەوە تا ئەوەی لە رۆژی ١٠ی نۆڤەمبەری

سالّی ١٩٩٤ مەسەلەکە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری باری ماتش ئاشکرابووە، بەلاّم ئەودەمانە تەمەنی کیژەکەی میتێران گەیشتبووە بیست سالّ، واتە ئەو نهێنیە ماوەیەکی زۆر شاراوە بووە، کە مەسەلەکەش ئاشکرا دەبێت میتێران تەنها شەش مانگ ماوەی پۆستی سەرۆکایەتییەکەی مابوو.

کە لە سالّی ١٩٨١ دەزانرێت میتێران دووچاری نەخۆشی کانسەری پرۆستات بووە، ئەو لە شاردنەوەی نهێنییەکان پسپۆڕبووە. هەبوونی نهێنییەکان لە ژیانی میتێران زیانی زۆری بە ژیانی سیاسی ئەو داوە، لە هەمووشیان کوشندەتر ئەوەبوو کە کەسێکی سیاسی دیموکراسیخوازی لایەنگیری حیزبی ئیشتراکیو زۆرینەی هاولاّتیان بووە، داواکاری بەردەوام بۆ مافەکانی تاکە کەس بووە، تا دەبێتە سیاسییەکی بەزەبرو نقومبوو لە دەسەلاّتی دەولّەتدا. ئەو بە هۆی دروشمە سیاسییە دیموکراسییەکانی گەیشتبووە لووتکەی دەسەلاّت، بەلاّم لەناکاو ئەو بەرنامەیەی تەنها وەك بژارێك دەمینێتەوەو حیزبەکەو دەنگدەرەکانو مافی رەوای فەرەنسییەکان، بە ژنو بە پیاوەوە دەکرێتە کەسێك لە پلەیەکی لاوەکی سادە، تەنها بۆ ئەوەی ئارەزووی بووە نەخۆشییەکەی بەنهێنی بمێنێتەوە.

گوێگرتن بۆ بەرژەوەندی سەرۆك

میتێران گروپێکی بە ناوی (گروپی قەلاَچۆکردنی تیرۆر) دادەمەزرێنێت، ئەو گروپە راستەوخۆ لە ژێر چاودێری خۆی دەبێت، کە دوورە لە شێوە پۆلیسی نیشتیمانیو ژەندرمییەکەی جاران و بە سەرپەرشتی سەرۆك وەزیران ئەنجومەنی وەزیران مامەڵەیان لەگەڵ کێسی تیرۆر دەکرد، بەلاَم لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی میتێران شانەکە ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشان، کە هیچ بنەمایەکی یاسایی گونجاویان نەبوو. رۆژنامەی لیبراسۆن پەردەی لەسەر ئەوە هەڵماڵیبوو کەوا سەرۆکایەتی گوێی لە تەلەفۆنەکان رادەگرێتو سەرۆك میتێرانیش سوور بووە لەسەر ئەوەی ئەو شتە بەنهێنی بمینێتەوە، بە بیانووی بەرژەوەندی دەوڵەت، ئەوەش پێشەنگی هەڵمەتێکی بەرفراوانی نایاسایی دژ بە تایبەتمەندی تاکە کەس بووە لە مێژووی کۆماری فەرەنسیدا. گوێگرتن لە تەلەفۆنەکانی ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارانو رۆژنامەنووسانو بەخشکەرانو کەسایەتییەکانی دیاری ناو پاریس، لەلایەن تیمێکەوە بە فەرمانی راستەوخۆی سەرۆك میتێران بووە، بیانووەکەی سەرۆك ئەوەبوو بزانێ کامیان باس لە نەخۆشییەکەی ئەو دەکەن، کێ نهێنی نەخۆشییەکەی دەدرکێنێت، بەوەش پەیوەندییەکەی بە (بینگو)و کیژەکەی ئاشکرا نەدەبوو، کە ئەو لەگەڵ ئەو ژنە نهێنییە لە ماڵێکی پارێزراودا دەژیا، کە لەسەر ئەرکی خەزینەی دەوڵەت کرێیەکەی بۆ دەدرا، بەلاَم میتێران ئەو تاوانەی بە توندی رەتکردەوە کەوا ئەو فەرمانی دابێت گوێ لە تەلەفۆنی فەرەنسییەکان راگیرێت، ئەوەشی بەئاشکرا لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی بەلژیکی لەساڵی ١٩٩٣دا گوتبوو.

دوو فڕۆکە بۆ گەشتەکانی خۆی

میتێران تا ژنی یەکەمی نەزانێت، بەردەوام کە سەفەری دەرەوەی فەرەنسای کردووە، ئەو بە دوو فڕۆکە سەفەری کردووە، خۆی بە فڕۆکەیەكو ژنە نوێیەکەشی فڕۆکەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، سەرکردە بێگانەکانو لە ولاتانی دەرەوەش ئەوەیان دەزانی، میدیاش دەرکی بە شتێك کردبوو، بەڵام کەس یەك دێڕی لەسەر ئەو مەسەلەیە نەدەنووسی، ئەگەر نووسرابێتیش کەمو دەگمەن بووە، درۆکردن لە ژیانی ئەودا بەردەوام بووە تا ئاستی ئەوەی گەیشتۆتە بواری سازکردنی بڕیارە سیاسییەکانیش. ئێمە هەموو لایەکمان ئەوە باش دەزانین کەوا میتێران بەردەوام لێدوانەکانی نە نەخێرو نە نکوڵیکردن بووە، بەڵام ئەوەیان شاراوە نییە کەوا میتێران فەرمانی دابوو کە کەشتییەکەی دەستەی (گرین پیس) لە ناو ئاودا نقووم بکرێت، کە تایبەت بوو بە پارێزگاریکردنی ژینگە، کە تاقیکردنەوە ناوەکییەکانی فەرەنسییان سەرقاڵو نیگەران کردبوو، لەودەمانە (رینبو وریر) لە ئۆقیانوسی ئارام خەریکی تاقیکردنەوەکانی ئاسایی ناوەکی خۆیان بوون، ئەوەش لە لایەن ئەدمیرال (بییر لاکوست) ەوە لە مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٥ پشتڕاست کراوەتەوە.

نووسەری فەرەنسی (تیری بفسنر) کە پۆستی وتەبێژی رەسمی سەرۆك وەزیران (بیار ماورو) ی لە حکومەتی میتێرانی ئیشتراکی نێونەتەوەیی هەبووە، بۆچوونێکی تایبەتی لەسەر گوتنی راستییەکان لە رەوشتی میتێران هەبوو، کەوا ژەنراڵ دیگۆل جارێك بە ئاشکرا لەسەر مەسەلەی راستگۆیی گوتبووی:

(راستییەکان! بڕوا دەکەیت من حکومەتێکی ئازادی فەرەنسا بە رووی ئینگلیز و ئەمریکییەکان لە رێگای راستییەکانەوە دادەمەزرێنم...؟ ئێمە مێژوومان لەسەر بەرژەوەندیو تەمووح دەبێت، نەك لەسەر راستییەکان).

مەبەستی نووسەرەکەش لە هێنانەوەی ئەو پەیڤەی دیگۆل ئەوەیە کەوا لەناو بیری تاکی فەرەنسی سەبارەت بە سیاسەت، درۆکردن نەریتێکی باوە، ئەوەی دەخوازێت پەیوەندی پێناسەی راستییەکان بە رەوشتی سیاسییەوە ببەستێتەوە، کەسێکی نەفامو سادەیە، هەروەها وتوویەتی، فەرەنسییەکان بەتایبەتی دەستە سیاسییەکە، لە سەروبەندی دادگاییکردنەکەی سەرۆکی ئەمریکی بیل کلینتۆندا، تەنها خەمی ئەوەیان بوو ئەوان کۆشش بکەن نهێنی ژیانی تایبەتییان ئاشکرا نەبێت، بەتایبەتی رۆژانەی ژیانی سێکسییان.

وەڵامدانەوە زەحمەتەکە

پرسیارێك هەیە کە زەحمەتە وەڵام بدرێتەوە، ئەویش ئەوەیە:

ئایا میتێران پەیڕەوی ڕەوشتی ڕێگای نهێنیو تەمومژیو دەسەڵاتە توندەکە دەکات لە مەسەلەی ڕەوشی تەندروستی...؟

ئایا ئەو کەسێك بووە دەسەڵاتو پاوانکردنی لایەنە ئیجابیەکەی مەستی کردبوو...؟

من لە نزیکەوە چاودێری ئەو کەسەم کردبوو، من ئەو جۆرە ئارەزووانەم بەو شێوەیە لەو بەرجەستە نەدەکرد، من وا دەزانم نەخۆشییەکە فاکتەرێکی سەرەکی بووەو بەس، بەڵام سەبارەت بە هەموو مەسەلەکانی میتێران، پیاو ناتوانێت لە هەموو شتەکانی تر دڵنیا بێت.

تۆماری سەرۆکایەتی ئەو

سەرۆك میتێران ئەوەی سەلماندووە کەوا سەرۆکەکان، کە نەخۆش دەکەون، ناتوانن لە بەر ڕەوشی تەندروستیو شێوەو بەرنامەی چارەسەرکردنەکانیان کارو فەرمانەکانی سەرۆکایەتی بە دروستی ڕاپەڕێنن، دیارە ئەوانیش وەك خەڵکی سادەن، لەگەڵ ئەواندا هیچ جیاوازییەکیان نییە، چارەسەرکردنی نەخۆشی کانسەر هەنگاوی باشی بڕیوەو زۆریش پێشکەوتووە، ئێستا خەڵکی نەخۆش دەتوانێت شێوەکانی چارەسەری بە شێوەیەکی زۆر باش وەرگرێت، لەودەمانە

سەرۆك میتێران تەنها چارەسەری هارمۆنی وەردەگرت، ئەوەش لە چارەسەرییە شیمیاوییەكە بۆ جەستە سووكترە، لە سەردەمی حوكمی ئەودا لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٨٨ دەسكەوتی مەزن بە دەستهێنراوە. لە سەردەمی یەكەمی ولایەتەكەیدا زۆر چالاكبووە، ئەو (١٧٠٠) جار قسەی رووبەڕووی لەگەڵ هاولاتیان كردووە، ئەگەرچی لەوەش دەترسا لە كاتی قسەكردندا دەنگی نەخۆشییەكەی دەربكەوێت، چونكە لە كاتی چارەسەركردنەكەدا باندۆری لاوەكی نواندبوو. ئەو لەو ماوەیەدا سەفەری دەرەوەی وڵاتی كردووە، لەوانە ٥٥ سەردانی رەسمی وڵاتانی كردووە، لە ١٨ كۆبونەوەی ئەنجوومەنی ئەوروپیو شەش كۆبوونەوەی لووتكەیی بەشداربووە، ئەوەش مانای ئەوە نییە كەوا لەبەر نەخۆشییەكەی نەو دەبووایە لە ساڵی ١٩٨١ ەوە دەست لەكاربكێشێتەوە- یان لە ماوەی حەوت ساڵی یەكەمی سەرۆكایەتیدا هەموو ئەركەكانی دروست راپەڕاندووە.

بەشی شەشەم

میتێران لەکاتی شەڕی کەنداودا چالاك بوو،
شوێنەواری نەخۆشیشی پێوە دیارنەبوو

داگیرکردنی کوێت

کە سەدام حوسێن لە رۆژی ٢ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٠ وڵاتی کوێتی داگیرکرد، بوار سازبوو سەرۆك میتێران هەموو دەسەلاتی خۆی بۆ مەسەلەی سیاسەتی ناسایش بەکاربهێنێت، دەیویست بۆ ماوەیەکی تریش خودی خۆی بەرجەستە بکات، ئەو هاوڕێیە ئیشتراکییەکەی خۆی (میشیل رۆکار)ی کردبووە سەرۆك وەزیران، ئەویش چالاکانە کاری دەکردو لەناو خەڵکیشدا بەرچاوو دیاربوو، بۆیەش دەسەلاتی میتێران لە پاش هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی لاوازو کەم دەبینرا، حەزی کردووە ئەو خۆی سەرپەرشتی ئەو کێسە دەولییە بکات، داواشی لە رۆکارکردووە پشوودانە دەریاییەکەی خۆی نەپچڕێنێت بۆ بە دواچوون لەو پێشهاتە نوێیەدا، میتێران ئارەزوومەندبوو لەگەڵ بەغدا پەیوەندییەکانی نەپچڕێنێت، بەلام نەدەکرا پەیمان لەگەڵ ئەمریکاش نەکات بۆ بەکارهێنانی هێز دژی سەدام حوسێن لە کاتی پێویستدا، میتێران کەسێکی واقیعی بوو، دەیزانی رۆژی ئەوە دێت کەوا دەبێ هێز رەوانەی کەنداو بکات، ئەو هێزەش بە رێنمایی‌و سەرکردایەتی ئەمریکا دەبێت، ئەوەش لەلایەن وەزیری بەرگرییان (جان بیار شیڤنمۆن)ی توندڕەو رەفز دەکرایەوە، بۆیە داواکاربوو ئەو مۆڵەتەکەی نەپچڕێنێت. لە کۆتاییدا هەر سەرۆك میتێران کە بڕیاریداوە بە رەوانەکردنی هێزی سەربازی، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەنگی ٥٢٣ بەڵێ بەرامبەر بە ٢٥ دەنگی نەخێر بڕیاری لەسەر دراوە. لە رۆژی ١٤ ی مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٠ بڕیار دراوە کەوا فەرەنسا لە تیمی شەشەمی زرێپۆشی سووك پێنج هەزار سەرباز لەگەڵ پەنجا

فرۆکـە رەوانـەی شانشـینی عـەرەبی سعودی بکـات، بـەوەش ١٢ هـەزار سـەربازی فەرەنسی وەك بەشێك لـە هێـزە فـرە ڕەگـەزەکان بەشـداری راستەوخۆی شەڕەکەیان کردبوو. لە رۆژی ١٧ ی مانگی یەنایـەری سـاڵی ١٩٩١ هێزەکانی عێراقی لە بەرەکە لە ئاسمانـەوە مووشـەك بـاران کـران، بەڵام فەرەنسییەکان وەك بریتانییەکان رۆڵی سەرەکیو کاریگـەریان لـە شەڕەکەدا نەبینیوە، بەوەش بەشێك لە فەرەنسییەکان بەو کـارە تـووڕە ببوون، لە ناوەوەش شـەپۆلێك نـاڕەزایی بـۆ ئاشـتیو هەڵوێسـتوەرگرتن لەسەر مەسەلەی عێراق بەرزکرایەوە، لە رۆژی ٢٠ ی مـانگی یەنایـەری ساڵی ١٩٩١ شیڤنمۆن دەستی لەکارکێشـاوەتەوە، بـەڵام لـەو لاوە میتێـران توندترو ئازایانەتر هاتۆتە مەیدان، لەو ماوە درێژەدا هـیچ شـوێنەوارو نیشانەی نەخۆشی لە ئاکاری میتێران دیارنەبوو.

ئاشکرابوونی نهێنییەکە

لە رۆژی ١١ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢ ەوە نـەخۆشـییەکەی میتێـران ئاشکرا دەبێت، ئەوەش پاش ئەوە هات کە نەکرا نەشتەرگەرییەکەی بۆ کەمکردنەوەی فشاری پرۆستات لە سەر میزلدانەکەی ئەنجام نـەدرێت. ئەو فشارەش لەئەنجامی گەورەبوونو ئەستووربوونی پرۆستات بوو کـە بـواری بـەتاڵکردنی میزلدانـەکـەی نـەدەدا، ئـەوەش یەکێکـە لـە نیشانە لاوەکییە ناڕەحەتەکانی بۆری میزکـردن. پـێش نەشـتـەرگەریو لەبـەر ئەسـتووربوونی پرۆسـتاتەکەی ئـەو بـەردەوام بـۆ میزکـردن بـە رێگـای توالێتــەوە بــوو. لــە رۆژی ٣ی ســێپتەمبەر، میتێــران لــە ســەر

رێکەوتننامەی ماسترێخت لەگەڵ فیلیپ سیگوین دیمانەیەکی تەلەفزیۆنییان هەبوو، ئەو شەوە میتێران دەبوایە هەر دە دەقە جارێك کۆڕەکەی بۆ میزکردن جێهێشتبایە، بەڵام لەو کۆڕەدا تەنها بۆ کاتی ریکلامەکە پاوسێك هەبوو، لەوێ دەرکەوت ئەو ئیرادەی بەهێزەو ئازایانە خۆی پێ رادەگیرێت. بەڵام کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ کرا ئەکرا مەسەلەکە بەنهێنی بمێنێتەوە، دکتۆر گوبلر رۆژێکیان بە سکرتێری گشتی کۆشکی ئالیزێ (هیوبیر فیردین)ی وتووە، کەوا میتێران نەخۆشە، ئەو بە سەرسامییەوە وتبووی:

دیارە لەوەدا مەبەستت گاڵتە کردنە...؟ ئەگەر وایە چۆن توانیووتە ئەو ماوە درێژە ئەو نهێنییە راگریت...؟

پاش ئەوەی نەشتەرگەرییەکەی بۆ کرا، نەخۆشییەکەی ئاشکرابوو، میتێران بەئاشکرا وتبووی، دکتۆرەکان شتێکی نامۆیان لە ساڵی ١٩٩٠ لە من دۆزیوەتەوە. ئەو قسەیەشی کردبوو، ئەوەك لە دوارۆژا شتێکی لێ ئاشکرابێت و تەندروستی شپرزەبێت. پاش ئەوەی هەموولایەك زانییان کەوا میتێران دووچاری کانسەری پرۆستات بووە، پاش نەشتەرگەریەکەش هێشتا پەردەیان لەسەر وردەکاری نەخۆشییەکەی دانابوو. کە دکتۆرێك نموونەیەکی لە شانەکانی جەستەی بۆ دڵنیابوون وەرگرتبوو، لە راپۆرتی دکتۆرەکە دەرکەوتبوو کەوا لە نموونەکەدا کانسەری تێدابووە. داوا لە دکتۆرەکە ئەکرابوو، لە هەواڵی چارەسەرکردنی میتێران درۆ بکرێت، بەڵام داوایان لە دکتۆرەکە کردبوو، لە راپۆرتەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە نەدا کەوا دەرخستەی پشکنینی نموونەکە بۆ چارەسەری رەوشی تەندروستی

میتێران، پێویست دەکات چارەسەری شیمیاوی وەرگرێت. لە کۆشکی ئالیزێ حەزیان نەدەکرد بە هیچ شێوەو ئاماژەیەك باس لەوە بکرێت کەوا سەرۆك میتێران داوای لە دکتۆری ئامارو تۆماری شەش مانگەی خۆیاندا ئاماژە بە نەخۆشییەکەی ئەو نەکەن، باس لەوەش نەکرێت کەوا زووتر بە دەرمان‌و چارەسەری شیمیاویی بۆ بنبڕکردنی کانسەر چارەسەرکراوە، لەبەر ئەوە بۆ ماوەی ١١ ساڵ نەخۆشییەکەی بە شاراوەیی ماوەتەوە.

حکومەتی هاوبەش

حیزبی ئیشتراکی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان، کە لە کۆتایی مانگی مارسی ساڵی ١٩٩٣ ئەنجامدرا زەبرێکی کوشندەی بەردەکەوێت، کە تەنها ٢،٢٠٪ دەنگی لە کۆی دەنگەکان هێناوە. بۆیەش ژمارەی پەرلەمانتارەکانیان لە ٢٨٢ کەم دەبێتەوە بۆ تەنها ٧٠ پەرلەمانتار، ئەوەش نزمترین ژمارەیە لەوەتەی لە ساڵی ١٩٧١ ریفۆرمیان لەناو حیزبەکەیان کردبوو. کە لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا دوا سەرۆك وەزیرانی ئیشتراکی (ئار بیریغوفوی)ی سەردەمی میتێران دەگۆڕیت بە کاندیدی راستڕەوەکان (ئیدوار پالادور). لەسەردەمی دووەمی حکومەتی هاوبەشدا میتێران بە جۆرێکی زۆر جیاوازتر هەڵسوکەوت دەکات، کەسایەتی نوێی سەرۆك وەزیران زۆر دەوری دەبێت، لەودەمانەو لە سەردەمی ئەو حکومەتەدا

بەردەوام لەگەڵ جاك شیراك لەسەر دەسەڵات و پۆستەكان ململانێ و كێشەیان هەبووە، بەڵام لەگەڵ پالادورا شەریكایەتی پتەوو گونجاویان هەبوو.

من لە پاریس لە ١٧ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩٣ پالادورم بینی، ئەو كەسێكی زیرەك بوو، لەو دیمانەیەدا ئەو بە منی وت، من نیگەرانم لە بەشداری ژمارەی زۆرتری سوپاكەمان لە یۆگۆسلاڤیا. پالادور لە ئەزموونەكەی خۆیەوە هەستی بەوە كردبوو كەوا حكومەتی فەرەنسی دەتوانێت ئەركەكانی خۆی زۆر بە باشی و لێهاتووی بە سەرۆكایەتی میتێرانی ناساغ بەڕێوە ببات. بە مەرجێك ئەگەر هاوسەنگی لە بیركردنەوەو رامان لە نێوان سەرۆك وەزیران و سەرۆكدا هەبێت.

بالادۆر لە بەردەم رووبەڕووبوونەوەیەكدا بوو، دەیویست پۆستی سەرۆك وەزیریەكەی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەكەی بەكاربهێنێت، تا خۆی نەك شیراك لەلایەن حیزبە راستڕەوە ناوەندەكانەوە وەك كاندیدی سەرۆكایەتی كاندید بكرێتەوە. لە ساڵی ١٩٩٣ بالادور كاتی زۆری بۆ ئەو بەرنامەیە دەویست، ئەو لە كتێبەكەی خۆیدا (دوو ساڵ لە ماتینو) دا نووسیویەتی:

نەخۆشییەكەی سەرۆك میتێران رۆڵێكی بایەخداری هەبوو لە تێڕوانینی فەرەنسییەكان لە من، من هیچم لەو بارەوە نەدەزانی، تەنها ئەو زانیاریانەی خۆی بە منی دەوت، ئەو زۆر بە درێژی قسەی لەگەڵ دەكردم، هەندێ جاریش قسەكانی زۆر وردەكاری تێدا دەبوو. ئەو دەیزانی من نهێنییەكان نادركێنم، كەوا من نەخۆشی و لاوازییەكەی ئەوم قۆرخ نەدەكرد بۆ دەسكەوتەكانی دەسەڵات و سیاسەت، من ئەو

جۆرە کارانەم بە شووردیی دەزانی، من ئەوەش دەڵێم هیچ هەست بەشانازی ناکەم ئەگەر من نەخۆشییەکەی ئەوم بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆم بەکارهێنابێت.

هاوکاری میتێران لەگەڵ بالادور لە حکومەتە هاوبەشەکەیاندا بە شێوەیەك بوو، هیچ کەس لە لایەنگرانی لەگەڵ شیراك نەیانکردبوو، سەرنووسەری رۆژنامەی لۆمۆند لە ١٦ ی یولیۆی ساڵی ١٩٩٣دا وتبووی، کەوا میتێران ئەو جارەیان بیردۆزێکی دۆزیوەتەوە لە هاوژینی میسالی کە لەسەر بنەمایەکی سادەبوو، ئەویش رێکەوتن بووە لەسەر ئەوەی رێکنەکەوتنەکانیان لەسەر هەر مەسەلەیەك لەسەر کاروباری دەسەڵات نەکەنە کێشەو ململانێ، ئەگەر ئەو رەوشەش هاتە پێشەوە ئەوە ناکۆکییەکان باس بکەن و رەخنە بگرن، نەگاتە ململانێ لەسەر دەسەڵات، وەك ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٨٦ روویداوە.

مردنەکە

کە نەخۆشیەکەی فرانسوا میتێران (١٩١٦ ـ ١٩٩٦) دەزانرێت، زۆر باس لە شێوەو دەرمانی چارەسەرییەکانی دەکرێت، دکتۆر گوبلر بە وردی تۆماری دەکردن، بەڵام کە مانگی مایوی ساڵی ١٩٩٣ نەخۆشیەکەی دەگاتە مەترسی زۆرترو وردەکارییەکانی دەزانرێت، تەندروستی ئەو لە مانگی نۆڤەمبەر زۆرتر دەبێت. بۆ چارەسەریەکان جۆرەها دەرمان، بە جۆرەها شێوەش ئامادە دەکرا، بۆیەش دکتۆرەکان لەسەر دەرمانەکان و

بەرنامـەكانی چارەسـەركردنەكەش دەكەوتنـە نـاكۆكی بـۆ باشـترین شـێوەی چارەسـەری. پەیوەنـدی دكتـۆر گـوبلرو نەخۆشـەكە لاوازو بڕوانـەكردبوو، ژمارەیـەكی زۆر لـە دكتۆرەكـان پێشـبڕكێیان بـوو لـە چارەسەركردنی سەرۆك، بەڵام گۆڕان و دەرمـانی نـوێ بـۆ ئـەو سوودی نەمابوو، چونكە تەندروستی ئەو بـەرەو تـەواوبوون دەچـوو. لایـەنێكی چارەسـەركردن هـەبوو كـە شـیاوی باسـكردن بـوو، ئـەویش گـۆڕینی بەرنامـەكانی چارەسـەركردنەكە بـوو، بـە هیـوای پێشەوەچوونێك لـە مانەوەو تەندروستی باشتر بەدی بكات، كە تەندروستی بـەرەو ئـاڵۆزیی دەچوو، میتێـران بـڕوای بـە تیمـی دكتـۆرە راوێژكارەكانیشی نـەمابوو، دیارە ئەوەش لەلای خەڵكی زۆر هەستی پێدەكرا، لەوانـە بینگۆی ژنـە دۆسـتەكەی میتێـران لـە رێگـاو شـێوازێكی تـری هـەتوان و چارەسـەری دەگـەڕا. بـۆ دۆزینـەوەی بـوارێكی چارەسـەری (روبیر)ی بـرای پـەنای بردبووە بەر شێوەو بەرنامە نوێیـەكانی نـاو ئـەمریكا ئەگـەر هـەبێت. لەودەمانـە دكتـۆر گوبلر پشتگوێ خرابـوو، بۆیـە چارەسـەرییەكە بـەر دكتـۆر (میركـۆ بیلجانسـكی) كـەوتبوو، ئـەو زووتـر توێـژەر بـووە لـە ئامۆژگەی باستورو دكتۆرای لە زانستەكانیش هەبوو، بـەوە بـەناوبانگ بوو كاری لە بواری چارەسەری بەدیل دەكرد، بـۆ هـەمان مەبەسـتیش و بۆ هێنانی زانایەكی هاوشێوەی دكتۆر میركۆ، داوایان لـە دكتـۆر فیلیب دو كوبیبیریان كردبوو بێتە ناو كۆشك.

دكتـۆر گـوبلر ئـەو ململانێیـەی بـەو شـێوەیە كـورت دەكاتـەوە، ئەگەرچـی بۆچـوون زۆربـوون، لەوانـە ململانێیـەكانی نێـوان ئـەوو پرۆفیسۆر ستیگ، كە ئـەو لایـەنگیری قوتابخانـەی كلاسیكییەو لەگەڵ

کـــویبیرو بیلجانســـکی لـــە فوتابخانـــەی بەدیلـــە. چارەســـەرییەکەی بیلجانسکی بەکارهێنانی گەردیلەی ناژەهراوی بوون کە لە بەرهەمە سروشـــتیەکانەوە ســـاز دەبـــوون. ئـــەوەش لـــە گـــەڵ چارەســـەرییە شیمیاوییەکەدا دەبوو، بەوەش نەخۆشەکە لە دەرچوونی ناخۆشی تـر دوور دەکەوتـەوە، کـە لـە ئـەنجامی بـەکارهێنانی مـادە شـیمیاوییەکە دەردەکـەوتن. کـویبیر وایـدەزانی کـەوا مادەکـانی بیلجانسـکی باشـترین شـێوەی ئامادەیـە کـە بـۆ ئـەو نەخۆشـانە سـازبێت، بـەڵام ئـەوەی رەفزکردەوە کەوا ئەومیان لە حاڵەتی میتێران بەکار هاتبێت. میتێـران لە مانگی دیسمبەری ساڵی ۱۹۹٤ بـۆ ئـەوەی دکتـۆر بیلجانسکی سـەیری بکات سەردانی ماڵەکەی دەکرد. لە دادگـای سان ئایتـان دۆزێـك لەسـەر مافی رەوای کارکردن لە بوارەکانی تەندروستیو دەرمانخانە دەکرێتـەوە، پاش دادگاییکردنەکە لە ئەپریلی ساڵی ۱۹۹٥ بڕیـار دەدرێـت دەزگاکـەی بیلجانسکی دابخرێت.

دووبارە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی میتێـران چارەی هـارمۆنی لەگـەڵ چـارەی شـیمیایی تێکـەڵ دەکـەن، هـەر بـۆ ئـەو مەبەسـتەش چارەســەرکردنی بـەدیلیش پـەیڕەو کـراوە، بـەڵام رەوشـی تەندروسـتی چاك نابێتـەوەو میتێـران دەکەوێتـە سـەر جێگـاو ماوەیـەکی درێـژیش لەسەر جێگا دەمێنێتەوە. لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ۱۹۹٤ دکتـۆر گـوبلر کـە هـاوجێی نەخۆشـەکە دەبێـتو چارەســەری پێشـکەش دەکـات، لـە ململانێیەکانی تیمە چارەسەرکرنەکەش نیگەران دەبێت. گوبلر دەگاتە ئـەو قەناعەتـەی کـەوا سـەرۆك میتێـران چـیتر ناتوانێـت کارەکـانی راپـەڕێنێت، ئـەو بـە هـۆی دەنگـی فەرەنسییەکانەوە بـۆ ئـەو ئەرکـە

دەستنیشانکراوە، بەوەش ئەو ناتوانێت وەکالەتەکە بکات، لە مانگی دیسمبەردا دەنگی ئەو دەگۆڕێت و تاقەتی قسەکردنیشی نامێنێت. دکتۆر گوبلر هەر شەش مانگێک جارێک راپۆرتێک لەسەر رەوشی تەندروستی ئەو پێشکەش دەکات، بەلاَم لە دوا راپۆرتیشدا راستییەکان لەسەر تەندروستی ئەو وەک خۆی باس ناکات. ئیتر لەو دەمانە وەک دکتۆری تایبەتی ئەو نەمابوو.

دکتۆرەکە هەشت مانگ بوو لە پۆستەکەی نەمابوو، کە لە رۆژی ٨ ی مانگی یەنایەرو لە تەمەنی ٧٨ ساڵییداو پاش راگرتنی دەرمانەکان، فرانسوا میتێران دەمرێت. ئەودەمانە دکتۆر جان بییر تارۆ دکتۆری تایبەتی ئەو بوو، پاش مردنەکە تەلەفۆن بۆ بینگۆو مارازینی کیژی دەکات، لە پاش ئەوان تەلەفۆنیش بۆ دانیال میتێران و منالەکانی ئەویش دەکات. پاش ماوەیەکی کەم لە مردنی میتێران دکتۆر گوبلر ویستبووی کتێبێک لەسەر ماوەی مانەوەی لەگەڵ میتێران دەربکات، لەو کتێبەدا وەک دکتۆری تایبەتی ئەو قسە بکات، بەلاَم بواریان نەدا دکتۆرەکە کتێبەکە دەربکات، دانیال میتێران و منالەکانی لە دادگا شکایەتیان لەو کردبوو بڕیاریش درا دکتۆرەکە لەو کارە راگرن، چونکە ئەوەیان دەستێوەردانە لە ژیانی تایبەتی ئەو خێزانە. دادگا بڕیار دەدات ئەگەر ئەو کتێبە چاپ بکرێت سزای پارە وەرگرتن بخرێتە سەر فرۆشتنی هەر کتێبێک، چونکە یاسای فەرەنسی مافی ئەوەی داوە بە هەموو کەس لایەنی تایبەتی تا ماوەی زیاتر لە ١٥٠ ساڵ بپارێزێت. پاش چەند هەفتەیەک لەو بڕیارەی دادگا، کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی لەسەر ماڵپەڕەکان بلاَودەبێتەوە. لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٦

کتێبەکـە لـە چـەند شـوێندا لـە ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەفرۆشـرا، هـەروەها فەرەنسـییەکان بەئاسـانی لەسـەر ماڵپـەڕەکان کۆپییان دەکرد. کە ماڵپەڕە فەرەنسییەکە دادەخرێت، هاولاتیان لەسەر ماڵپـەڕە ئەمریکییـەکان سـەیری کتێبەکـە دەکـەن، بـەوەش بۆچـوونی دکتـۆر گـوبلر لەسـەر نەخۆشـییەکەی میتێـران دەخوێندرایـەوەو بڕیارەکـەی دادگاش لەسـەر پاراسـتنی تایبەتمەنـدی تاکـە کـەس رۆڵـی نـەبینی. دکتـۆر گـوبلر لەسـەر بڵاوکردنـەوەی کتێبەکـەی کـۆڵ نـاداتو کێشـەکە دەباتـە دادگـای ئـەوروپی مافـەکانی مـرۆڤ، لـەوێ بڕیـار وەردەگرێت کەوا بڕیارەکەی دادگای فەرەنسی بە گوێرەی مادەی دەیەم لە بەڵگەنامەی ئـەوروپی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ حـەقی نییـە کتێبەکـەی دکتۆر گوبلر قەدەغە بکات.

بەشی حەوتەم

ئەنتۆنی ئایدنو نەخۆشی

دێوەزمەی عەبدولناسرو شەڕی سوێس

ئەنتونی ئایدن لە ژیانی سیاسیدا بەختەوەر بووە، لە تەمەنی بیست و شەشساڵیدا دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی بریتانی، لە تەمەنی سی و هەشت ساڵیدا دەبێتە وەزیری دەرەوە، کە دەکاتە گچکەترین وەزیری دەرەوەی بریتانی لە سەدەی بیستەمدا، لە ٢٠ ی فبرایەری ساڵی ١٩٣٨ لەبەر هەڵوێست وەرگرتن لە سەرۆك وەزیرانەکەی (نیفیل شیمبرلین) لە پێشنیارەکەی سەرۆکی ئەمریکی فرانکلین رۆزفلت سەبارەت بە ئەوروپا وازدەهێنێت، بەڵام لە حکومەتەکەی وینستۆن تشرشل لە ساڵی ١٩٤٠ پۆستی وەزارەتی بەرپرس لە سوپا وەردەگرێتەوە، کە تشرشل متمانە بە لۆرد هالیفاکس ناکات، وەك سەفیر رەوانەی واشنتۆنی دەکات، دووبارە ئەو دەبێتەوە وەزیری دەرەوە. کە لە ساڵی ١٩٤٥ تشرشل هەڵبژاردنە گشتییەکە دەدۆڕێنێت، ئەو دەبێتە جێگری سەرۆکی حیزبی پارێزگاران لە ئۆپۆزسیۆندا، کە دووبارە پارێزگارەکان هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥١ لە حیزبی کرێکاران دەبەنەوەو حکومەت وەردەگرنەوە، ئەو دەبێتەوە وەزیری دەرەوە، بەوەش ئەو ماوەی دە ساڵ وەزیری دەرەوەی بریتانی بووە.

ژنان عاشقی ئەو دەبن

ئایدن پیاوێکی فۆرم جوان بوو، زۆر لە ژنان لە ناو حیزبی پارێزگاران عاشقی دەبن، ئەو لە ناو هەموو بەشەکانی حیزبەکەیان خۆشەویست بوو، بۆیەش دەبێ ئەوە بڵێین کە تشرشل لە ساڵی ١٩٤٩ دووجار تووشی سەکتەی دڵ دەبێتو بەیەکجاری خانەنشین دەبێت، دەبوایە بوار ساز بکات ئەنتونی ئایدن سەرکردایەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی حیزبەکەیان بکات، بەڵام ئەو دەمێنێتەوەو خۆی سەرکردایەتی حیزبەکە دەکات. ئەنتۆنی نائومێد دەبێت لەوەی سەرۆکە پیرەکە وا بەئاسانی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکات، کە ماوە دەردەکەوت، ئەو چاوەڕوانییەش وا دەکات بە تووڕەییو نیگەرانییەوە ببینرێت، زۆریش لەسەر مەسەلەیەکی سادە ئەو هەڵدەچوو، ئەو رەوشتەی کاریگەری لەسەر کەسایەتییە سیحراوییە شیرینەکەی هەبوو.

بەدبەختی

کە ئایدن نەخۆش دەکەوێت هەر بۆ خۆی بەدبەختی نەبوو، بەڵکو دبلۆماسیەتی نێودەوڵەتیش لەو ساڵانە زەرەرمەند ببوو، نەشتەرگەرییەك بۆ لابردنی زراوی بۆ دەکەن، بەڵام نەشتەرگەرییەکە سەرناگرێت، نەشتەرگەرییەکە بە رێنمایی سیر (هوراس ئیڤانر)ی پزیشکی تایبەتی خۆی بووە، پاش ئەوەی چەند جارێك هەستی بە

ژانەسك كردووەو هەستكراوە لەناو سكیدا چەند هێلكەو بەردێك هەیە. ئیڤانری دكتۆرە تایبەتییەكەی پێشنیار دەكات سێ نەشتەرگەری جیاواز كە لە نەشتەرگەری بۆریەكانی میزڵدان شارەزان نەشتەرگەرییەكەی بۆ بكەن، بەلاٌم ئایدن پێشنیارەكەی پێ باش نابێت، ئەو دكتۆرێك بۆ ئەو كارە پێشنیار دەكات كە ناوی (جۆن هیوم)ە، كە تەمەنی ٦٠ ساڵەو دەڵێت:

هیوم لە تەمەنی گەنجیمدا نەشتەرگەری ریخۆڵەكوێرەی بۆ كردووم، من دەچمەوە لای ئەو. بۆیە ئەو پێشنیارەكەی هیوم پەسند ناكات.

دووەمەكەیان زۆرتر نیگەران بوو

نەشتەرگەریەكە دوو قۆناغ دەبێت، یەكەمیان یەك سەعات دوا دەكەوێت چونكە دكتۆر هیوم نیگەران بووە، كە هەست دەكات ئارام دەبێتەوە، دەڵێ من ناتوانم سەرپەرشتی بكەم، دووەم نەشتەرگەریەكە بكەم، بۆیە دكتۆر (گای بلاكبیرن) یاریدەدەرەكەی سەرپەرشتی بەشی دووەمەكەی دەكات، ئەو وتبووی، ئەو بەشەیان لە یەكەمیشیان ناخۆشتر بوو، من زۆرتر نیگەران بووم، لەو نەشتەرگەریە درێژە ئایدن هاتبووە بەر مردن. نووسەری بیرەوەریەكەی ئایدن كۆكە لەسەر ئەوەی كەوا بەشێك لە كەناڵی زراویان بە هەڵە لە نەشتەرگەریە یەكەمەكە بۆ بڕیبوو. بە ئایدنیان وتبوو، مقەستەكە لە دەستمان دەردەچوو، یەكێك لەو كەسانەی لە نەشتەرگەریەكە ئاگاداربوو،

وتبووی:

لــەو دوو قوناغــەی نەشــتەرگەریەکەدا هەڵەکــە لەلایــەن خوێندکارێکی گچکەوە بوو کە لە نەشتەرگەریەکەدا. دەستی هەبوو، بەڵام سوودی نەبوو.

وینســتۆن تشرشــل وەك ســەرۆك وەزیــران چــاودێری چارەسەرکردنەکەی ئایدنی دەکرد، بەڵام کارەکانی سوودی نەبوو، دکتۆر زۆر بەبایەخەوە باسی نەخۆشەکەی کردووە. ئەو ئایدنی وەك کەسایەتییەکی دیارو بایەخدار بینیووە، هەروەها پاش هەردوو نەشــتەرگەریەکەی ئایــدن، تشرشــل رۆڵــی بینیــووە پــاش نەشتەرگەریەکەی لەنــدەن ئــەوجارە نەخۆشەکە رەوانــەی ئــەمریکا دەکەن، تا لەوێ سێیەم نەشتەرگەری بۆ بکەن.

دەستێوەردانی تەواو، بەڵام بێ سوود

پسپۆڕو شارەزای بواری نەشتەرگەری (ریتشارد کاتیل) کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ناسراو بوو، بەرێکەوت لە لەندەن بوو، بۆ پێشکەشکردنی وۆرك شۆپێك لەوێ بوو، بۆیە ئەو رێکەوتە بەهەلزانرا ئایدن بپشکنێت، کاتیل سوور بوو لەسەر ئەوەی ئایدن بۆ پشکنینو چارەسەری بگوازرێتەوە بۆ شاری بۆستن تا نەشتەگەری سێیەمی بۆ بکرێت، ئایفانز لەسەر پێشنیارەکە رازی دەبێت، بەڵام لۆرد مۆزان کە

دکتۆری تایبەتی ئایدن دەبێت، بۆچوونی وابوو کەوا دەکرێ ئەو نەشتەرگەریە لە لەندەنیش بکرێت. سەرەتا تشرشل وای دەزانی ناردنی وەزیرێکی ئەو بۆ دەرەوەو بۆ چارەسەر سوکایەتییە بۆ بریتانیا، بێگومان (مۆران)یش پشتی دەگرت، بەلام ئەو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی توندبوو، بۆیە بەناچاری هەریەك لە ئیفانزو کانیل لە بارەگاکەی خۆی لە ۱۰ داونگ ستریت سەردانیان کردبوو. لەناو هۆڵی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا تشرشل لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەی کردبوو، لەوێ وتبووی نەشتەرگەری ریخۆڵە کوێرە دەکرێ لەسەر مێزێك یا لە مەتبەخێکیش بکرێت وەك یەك وایە، بۆیە پێویست ناکات ئایدن بچێتە ئەمریکا، بەلام هەردوو دکتۆرە میوانەکە، وتبوویان راستە نەشتەرگەری ریخۆڵە کوێرە دەکرێ بەئاسانی بکرێت، بەلام نەشتەرگەریەکەی ئەو وا ئاسان نییە، دورینەوەی پچرانی کەنالی زراوەو ئەویش پسپۆری زۆری دەوێت.

لە کار وەستانی مێشکی چەرچل

لە رۆژی ۲۳ ی یونیوی ساڵی ۱۹۵۳ دا لە بۆستن نەشتەرگەرییەکی زەحمەت بۆ ئایدن کرابوو، لەو رۆژەوە تشرشل لە ئاهەنگێکی ئێوارە خوانێکدا کە لەسەر شەرەفی سەرۆك وەزیرانی ئیتالی (دی گاسبیری) کرابوو، دووچاری سەکتەی مێشك دەبێت، لە ئەنجامداو لەناکاو هاوسەنگی تێکدەچێت و قسەکردنەکە پچرپچر دەبێت. لە بەیانی رۆژی دوایی دەستی چەپی ئیفلیج دەبێت، بۆیەش لە کاتی رۆیشتنیدا

دەبووایــە دەســتی بگــرن، بــەڵام ئــەو بەیانییــە ســەرۆکایەتی کۆبوونەوەیـەکی ئەنجومـەنی وەزیـرانیش دەکات. پاش کۆبوونەوەکـە مـۆران، بــە دوای ســیر راســل بریـنـدا دەنێرێــت، ئــەویش حاڵــەتی نەخۆشییەکە بە سەکتەی مێشك دەستنیشان دەکات، بـەڵام حاڵەتەکـە زۆر دژوار نابێت، لـەو رەوشـەدا تشرشـل دەتوانێـت رێ بکـات، بـەڵام رۆیشتنەکەی لەسەرخۆ دەبێت و دەلەنگێت.

پاش پشـکنینەکە تشرشـل وتارێـك لەسـەر سیاسـەتی دەرەوەی (بریتانیـا) پێشـکەش دەکـات، لەودەمانـەش تشرشـل بـاس لـە کێشـەی ئایدنیش دەکات، سەبارەت بەوە تشرشل دەڵێت:

ئەگەر ئایدن گەڕایەوەو لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەش نـەما، ئـەوا پاش ئـەو رۆژە، ئـەو هـیچ پۆسـتی تـر وەرناگرێـت. بـاس لـەوەش کـرا ئەگـەر تشرشـل لـە بـەر خراپـی رەوشـی تەندروسـتی لـە پۆسـتەکەی ئیستقالەی دا ئەوا پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران بە (باتلر) دەسپێرن.

کەسێکی زۆر زیاتر ناسراو

لە ئـەمریکا ئایـدن چارەسـەر دەکرێـت و دەگەڕێتـەوە لەنـدەن، بـە رەوشێکی باش کاروباری وەزارەتەکەی بەڕێوە دەبات، ئەگەرچی ئەو لە سـاڵی ١٩٥٥ سـێ جـار لـەرزوتا دەگرێـت و سـەرمای دەبێـت، بـەڵام نەخۆشــیەکە بــە ســووکی دەگرێــت و ناکــەوێت. ئایــدن پــاش نەشتەرگەریەکە هەست دەکات رەوشی زۆر ئاساییەو دەتوانێت لە پاش تشرشلیش پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـرانیش وەرگرێت، لە

رۆژی ٦ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٥٥ تشرشل لە پۆستەکەی نامێنێت، بۆیەش ئایدن داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا ئەو زۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی عموم بەدەست دەهێنێت، لەوەدەمانەدا هەموو لایەك ئاماژەیان بەوە دەدا کەوا ئەو لە هەموو سیاسەتمەدارەکانی تر شایانی ئەو پۆستەیە.

لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ سەرۆکایەتییەکەی ئایدن کات و سەردەمێکی ئەستەم بوو، لە رۆژنامەکاندا هەڵمەتێکی توندو دژواریان دژی دەکرد، بە تایبەتی ئەو وتارەی کە لە رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف لە رۆژی ٣ی یەنایەردا کە لە بەرژەوەندی پارێزگارەکان بوو، تێیدا نووسرابوو، کەوا خەڵکەکە چاوەڕوان بوون حکومەتەکەی ئایدن بەهێزترو بوێرتر بوایە، ئەوەش کاریگەری لەو کرد، بۆیەش هەڵسوکەوتەکانی بەرەو زۆر توندتر دەگۆڕێت، بەتایبەتی کە قەیرانی کەناڵی ئەلسویس روودەدات. لە مانگی مارسداو لە ئاکامی دەمەتەقێیەکی توند لە سەر ئوردن، ئایدن کۆنترۆڵی لە سەرخۆ نامێنێت و تووڕە دەبێت، بۆیەش لە ناو ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگی بەرز داوای لێدەکەن، دەست لەکاربکێشێتەوە. روبرت رودس جیمس ئەوەی ژیاننامەی ئایدنی نووسیوەتەوە، ئەو دەڵێ:

کلارسیای هاوسەری لە رۆژانەی خۆیدا لە رۆژی ٧ ی مارس تۆماریکردووە، کەوا رووداوەکانی ئوردن زۆر ئەنتۆنی هەژاندووە، کە ماندوو هەراسانی کردووەو تاقەتی بیرکردنەوەو وزەی نەمابوو. بەڵام لە کتێبەکەیدا کە لە سەر ئەو رۆژانە نووسراوە، ئەو نووسیویەتی:

رووداوەکانی ئوردن کاریگەری زۆری لەسەر ئەو هەبووە، بەڵام

ئەو ئاماژە بەوە نادات کەوا هەراسانی کردبێت. ژەنـراڵ (جـۆن بـاغوپ گلۆب) سەرکردەی سەربازی بریتانی لە ناو سوپای ئوردنی، لەلایەن شا حوسێنەوە لادرابوو، بۆیەش ئایـدن لـەومیان گلـەیی لەسـەرۆك جـەمال عەبدولناسر دەکات کەوا هانی شاحوسێنی داوە ئەو فەرمانـە دەربکات. (ئەنتۆنی ناتینگ) کە لەودەمانە جێگری وەزیری دەرەوە بوو، باس لـە وڕێنـەو توورەییـەکانی ئەودەمانـەی ئایـدن دەکـات، کـەوا ئـەو لـە نـاو تەلەفۆنەکەیدا هاواری کردووەو وتوویەتی:

ئـەو قسە بێ مانایانـە چییە کـە دەڵێن: جـەمال عەبدولناسـر پەراوێز بکەن، یان گۆشەگیری بکەن، وەك باسکراوە، من ئەوە ناخوازم، مـن دەمـەوێ بڕوخێـنن، تێدەگەن...؟ ئەگـەر ئێوەو وەزارەتـی دەرەوە ئەوە قبووڵ ناکەن، دەبێ لـە ئەنجومـەنی وەزیـران ئامـادەبن، تـا بـاش بۆتان شرۆڤە بکەم.

جەمال عەبدولناسر

بریتانیـا لـە سـاڵی ١٨٨٢ تـا سـاڵی ١٩٥٢ حـوکمی وڵاتـی میسـری کردووە، بەردەوامیش لەسەر حوکمی پاشایەتی دەسـەڵاتی هـەبووە، تـا ئەو ساڵەی جەمال عەبدولناسر حکومەتەکەی شا فاروق دەڕوخێنێت. ئایـدن و نـەوەی ئایـدن وا دەزانـن کـەوا هاتوچۆی دەریـایی لـە کـەناڵی ئەلسویس بـۆ بریتانیـا مەسـەلەیەکی زێـدە زینـدووە، بۆیـەش ئایـدن ڕاستەوخۆ دژایەتی کەسایەتی جـەمالی دەکـرد، ئـەو تـەنها جارێك کە وەزیری دەرەوە دەبێت لە قاهیرە دەیبینێت.

لە بیرەوەرییەکانی کلارسیای هاوسەری ئایدن لە ڕۆژی ٢٠ی یەنایەری ساڵی ١٩٥٥ نووسراوە، کەوا ئایدن بەو شێوەیە پێناسەی جەمال عەبدولناسری کردووە: ژەنراڵ ناسر تەمەنی سی‌و پێنج ساڵێك دەبێت، لە وڵاتی میسر دەرنەچووەو کەسێکی شاراوەو تەمومژاوییە، بە شێوەیەك لە شێوەکان کەسێکی بەڕێزەو زمانە ئینگلیزییەکەی خراپ نییە. کە لەگەڵ ئایدن دیمانەیەکیان بووە پاشان زانرا کەوا جەمال تووڕەبووە، چونکە ئایدن سەردانەکەی بە شێوەیەك بووە کەوا هاتۆتە دیمانەی سەرۆك دەوڵەتێك، چونکە ئەو بە بەدلەی ڕەسمی‌و ملپێچی ڕەش دەبێت، کە دەزانێت ئایدن بە عەرەبیش قسەی لەگەڵدا دەکات نارەحەت دەبێت. ئایدن لە ساڵی ١٩٥٤دا لەسەر مانەوەی هێزەکانی بریتانی‌و کێشەی کەناڵی ئەلسویس توندو ئازایانە دانوستانیان لەگەڵدا دەکات، ئەوەش بە دڵی تشرشل نابێت‌و لە ناو جەماوەری حیزبی پارێزگارانیش ڕەخنەی توندی ئاراستە دەکەن، کە لە ئەنجامی ئەو دانوستانەدا دوا سەربازی بریتانی لە ڕۆژی ١٣ ی یۆنیۆ ساڵی ١٩٥٦ لە شاری پۆرسەعید دەردەچێت.

کۆمەك بۆ بەنداوی ئەلعالی

کۆبوونەوەیەکی لوتکە لە نێوان ئەمریکاو بریتانیا بۆ کۆمەکی بەنداوی ئەلعالی لە ئەسوانی خواروی میسر کرا، لەوێ ئایدن نوێنەرایەتی بریتانیای کردبوو، لەو دەمانەدا سەرۆك ئایزنهاوەر لەو نەخۆشییەی تووشی ببوو چاك دەبێتەوە، وەزیری دەرەوەشی (جۆن

فۆستر دالس) سەرقاڵی پەرەسەندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی بوو لە میسر، بۆیە حەزیان نەدەکرد کۆمەکی پرۆژەی بەنداوەکە بکەن. لە رۆژی ١٧ی یولیۆدا سەفیری بریتانیا لە ئەمریکا پەیامی وڵاتەکەی گەیاندە ئەمریکییەکان، کەوا بریتانیا لەگەڵ پرۆژەکەدایەو نایەوێ ئەمریکا لەومیانــدا بکشێتەوە، بۆیــەش دالــس مەزنــدەی وابــوو، لەوەشــیاندا راستبوو کەوا بریتانیاییەکان تەنها مەبەستیان هەڵوێست نواندن بوو، دالس کە فشاری کۆنگریسی لەسەر دەبێت، کەوا ئەمریکییەکان لە رۆژی ١٩ی یولیۆدا دەکشێنەوە.

لە لەندەن سەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانی (بیتر پورنیکرۆفت) دەچێتە لای ئایدن تا ئەو رازی بکات پرۆژەکەی بەنداوی ئەلعالی نەوەستێت، لەو داوایەی پورنیکرفت ئایدن تووڕە دەبێ، کە چۆن ئەو دەست لەکاروباریان وەردەدات، بۆیە وتبووی:

بڕیاری ئەمریکییەکان لەسەر پرۆژەکە، بڕیاری کۆتایی لەسەر دراوە، بۆیە قسەکردن لە نوێژەنکردنەوەی بەرنامەکە مەسەلەیەکی نەگونجاوە. ئەو هەڵوێستەی ئایدنیش نیشانەی هەڵچوونو مەزاجە ناخۆشەکانی بوو. لە پاش شەش رۆژ سەرۆك جەمال و لە رۆژی ٢٦ی یولیۆ، واتە رۆژی یادی دابەزینی شا فاروق لە عەرشەکەی لە وتارێکی جەماوەریدا بەجۆشەوە کە لە گۆڕەپانی ئەلمنشیە پێشکەشی کردبوو، کەناڵی سوێس خۆماڵی دەکات. ئەو هەنگاوەش بەشێك بوو لەکاردانەوەیەکی تایبەت لەسەر پرۆژەکە، کە باس لە وتارەکەی جەمال عەبدولناسر دەکرا لەو دەمانە ئایدن لە سەر خوانێکی ئێواران دەبێت لە بارەگاکەی لە ١٠ داونینگ ستریت، لەسەر شەرەفی شا فەیسەڵ

شای عێراق و سەرۆك وەزیرانەکەی نوری سەعید سازکرابوو، لەوێ عێراقییەکان ئامۆژگاری ئایدن دەکەن، کەوا زەبرێکی کوشندە لە جەمال عەبدولناسر بووەشێنێت. لەو رۆژەشدا ئایدن داوای نوێنەرایەتی کاروباری ئەمریکی دەکات، دیارە کەوا مەسەلەکە سەرنجڕاکێشەو سەیرە لەگەڵ رۆژەڤی رۆژەکانی سەرەتا بۆ بەشداریکردنی ئەمریکییەکان لەو پێشهاتەدا، هەر لەو دەمانەدا بانگی سەفیری فەرەنسیش دەکات، تا بە یەکەوە باس لە مەترسییەکانی قاهیرە بکەن، لەو دیمانەیەدا چوار وەزیریش بەشدار دەبن لەوانە هاوڕێ نزیکەکەی خۆی وەزیری دەرەوە سلوین لویدو مارکیز سالزبوری و کۆنت کلیمیورو سەرۆکی قەزاو سیر ئالیك دوگلاس هیوم، هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا بانگی هەردوو سەرۆکایەتی ئەرکان، ئەلفیلد مارشال سیر گیرالد تیمبلرو ئەدمیرال ئایرل مونتیاتن دەکات، کۆبوونەوەکە تا سەعات چواری بەیانی بەردەوام دەبێت.

بەشی هەشتەم

ئایدن لە کاتی قەیرانەکەی ئەلسویس دەرمانی زۆرتری خواردووە

سەرۆك وەزیرانی بریتانی دڵنیابوو لەوەی خۆماڵیکردنی کەناڵی ئەلسوێس زەبرێکی کوشندەی راستەوخۆ لە بەرژەوەندییەکانی بریتانی دەدات، بۆیەش سەرکردەی میسری جەمال عەبدولناسری لە ساڵی ١٩٥٦ بە مۆسۆلینی (سەرکردە فاشییەکەی ئیتالی) ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو دەزانی، ئایدن بەئاشکرا وتبووی بە هیچ شێوەیەك قبووڵمان نییە عەبدولناسر (بمانخنکێنێت)، ئەوەشی دووپاتکردۆتەوە کەوا ئامادەیە بە هێز بەرامبەر ئەو گوشارە بووەستێت‌و فشارە میسرییەکە لە سەر کاروانی دەریایی بریتانی هەلگرێت، دووبارە کەناڵەکە وەك جاران بکرێتەوەو دانەخرێت. لە راستیدا وڵاتی میسر مەبەستی نەبوو دەست لە بواری کاروانی هاتوچۆی پاپۆڕی وڵاتەکان وەربدات‌و کاروانەکە بگرێت، بۆیەش تەنها چەند وڵاتێك ترسیان لەو هەنگاوە هەبوو لەوانە وڵاتی ئیسرائیل. بەرنامەی خۆماڵیکردنی کەناڵەکەش لە لایەن جەمال عەبدولناسرەوە زۆر زیرەکانە کرابوو، دوور نەبوو لە پرنسیپە یاساییەکان، بڕیاریش بوو بەشی سەهمەکان لە بۆرسەی پاریسدا بکڕێتەوە، ئەو دەمانەی کە سەرۆکی میسری ئەو بڕیارەشی دەردەکرد، رای گشتی جیهانیش بایەخیان نەدەدا، بەوەی ئایا پەیوەندییەکانی میسر و یەکێتی سۆڤیەت گەشە دەکات یان نا، سەرۆکی ئەمریکیش ئایزنهاوەر (١٤ ی ئوکتۆبەر ١٨٩٠ _ ٢٨ ی مارسی ١٩٦٩) ئەو بابەتە بەوە نابەستێتەوە کەوا سۆڤیەتییەکان مەبەستیانە ئەو کەناڵە بکەنە پێگەیەکی مەترسیدارو سۆڤیەت وەك دیاردەیەکی مەترسی بگاتە ناوچەکە، بەوەش دەرکەوت کەوا ئەو کەسایەتییەکی زۆر گرنگ بووە لە ئەنجامەکەی قەیرانی کەناڵی ئەلسویسدا.

ئایدن خۆی ساز دەکات

کە سەرۆکی میسری لە رۆژی ٢٦ ی مانگی یولیۆدا وتارەکەی پێشکەشکردووە، یەکسەر ئایدن خۆی ساز دەکات، ئەگەر هێرشە سەربازییەکە ماوەیەك دوا بکەوێت لەو پرۆسەیەدا پێشهاتێکی ئاساییە، چونکە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەرکانی کاتی دەوێت، ئەویش بۆ ئەو هێرشە لەناکاوە زۆر ئامادەو ساز نەبوو، زۆریش لەگەڵ هێرشەکەدا نەبوو، ئەو بڕیارەی ئایدنیش ئەو جارەیان زۆر هەستیار بوو، ئەوەش بەپێچەوانەی مەسەلە هەڵچووەکانی ئەو بووە لە پاش بڕیارەکانی پاش رۆژی ١٤ ی ئوکتۆبەر، کە رەوشی تەندروستییەکەی فاکتەرێکی گرنگ بووە. بۆ رۆژی دوایی پاش وتارەکەی عەبدولناسر، ئایدن بۆچوونە یاساییەکەی کیلمبوریش یەکسەر بە هەند وەرناگرێت، کە بریتانیا لە کەناڵی ئەلسویس دەیەوێت هێرشی سەربازی بکات، ئەوەش لەسەر بنچینەی ئەوەی کەوا بڕیارەکەی جەمال نایاساییە، هەروەها گوێیش ناداتە بۆچوونەکانی کۆنە هاوڕێ کۆنت (سیلسینین)ی کەوا ئەودەمانە لوردێکی ئەدمیراڵی بوو، کە وتبووی:

ئەگەر ئەو پێشهاتە کارو زەبرێکی سەربازی دەوێت، با پرۆسەکە بەو هاوینە بێت، زۆریش دوانەکەوێت، پاشان دەرکەوت دواکەوتنی پرۆسەکە دەرخستەی نێگەتیڤی هەبووە.

بە بۆچوونی سیلسینین لە کۆتایی وەرزی پایزدا عەبدولناسر زۆر لە شوێنەوارەکانی دەشارێتەوە. لیژنەی لاوەکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەناڵی ئەلسویس لە رۆژی ٣٠ ی ئۆکتۆبەر مەبەستی سەرەکی پێشهاتەکە بەوە روونەکاتەوە کەوا ئەوان

مەبەستیان رووخانی سەرۆکی حکومەتی میسرییە، بۆیەش مەسەلەی گۆڕینی حکومەتەکەی میسر لە سەرەتاوە قسەی لەسەر کرابوو، سیلسینین وای دەزانی کەوا ئایدن لەو پرۆسەیەدا کارکەر نەبووە لەگەڵ ئەمریکییەکان، نەیدەزانی ئەو مەسەلەیە باندۆری چەند لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکی دەبێت، کە بڕیاربوو لە مانگی نۆفەمبەردا بکرێت، دیارە هەموو هەنگاوێکی بریتانی سەبارەت بە میسر بۆ ئەمریکییەکان جێگای بایەخ و مەبەست بووە.

پەلاماردانی شارەکان

بەشدارکردنی هێزەکانی بریتانی دامەزراو لە لیبیا بۆ ئەو هێرشە، لە لایەن ئایدنەوە جێگەی باس نەبوو، لە ترسی عەرەبەکان نەوەك کاردانەوەیەکیان هەبێت، بۆی نەدەکرا ئەو هێزانە بجوڵێنێت. ئایدن بۆ باسکردنی ئەو پێشهاتە لە رۆژی ٦ ی ئۆگستی بەنهێنی سەردانی تشرشلی کردبوو، بەیەکەوە قسەیان کردبوو، ئەویش لە راسپاردەیەك هەر لە ناو ئوتومبێلەوە بۆی پڕ دەکاتەوە، لەوە ئاگاداری دەکاتەوە، کەوا ئەو لەو رووداوەدا تەنها مەبەستی ئەوەیە کەناڵەکە بگرێت، دەست لە فەرمانڕەوایی جەمال عەبدولناسر لە قاهیرەو لە ناوەند نەوەشێنێت، چونکە پەلاماردانی قاهیرەو دەسەڵاتەکەی جەمال لە شارەکاندا پێویستی بە کەتیبەیە مودەرعە بریتانییەکەی ناو لیبیا دەبێت، دیارە ئەگەر بخوازن سەرۆکی میسری

لاببەن، دەبێ هێرشەکە بەرەو قاهیرەش ببەن، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران وایاندەزانی بە هەبوونی سێ کەتیبەی بریتانی لە دەڤەری کەناڵەکە، دەسەڵاتەکە لە ناوەندییش لاواز دەکات، ئەوەش وا دەکات جەمال عەبدولناسر لە بڕیاری خۆماڵیکردنەکەی کەناڵەکە پەشیمان ببێتەوە.

پلانەکەش وا بوو، ئەوان یەکە سەربازییە میسرییەکانی کەنار کەناڵەکە بۆردومان بکەن، بە مەرجێك بۆردومانەکە نەگاتە سەر قاهیرە، مەبەستە سیاسییەکەش رووخاندنی دەسەڵاتی جەمال بوو، ئەوەش دروشمە نیشتیمانییەکانی جەمالیشی بەتاڵ کردبوو، کە مەبەستی بوو وڵاتەکە لە قاهیرەوە بەڕێوە بەرێتو دەسەلاتەکەی هەر بمێنێت، لەوێشەوە هێرش دەکاتەوە سەر هێزە داگیرکەرەکان، پلانەکەش لە بنچینەدا لاوازیو لاریشی پێوە دیاربوو. لە رۆژی ٧ ی ئۆگستییدا وەزیری دارایی (هارولد ماکملان) راپۆرتێکی کورتکراوە دەداتە (لیژنەی میسر) کە بریتی بوو لە رامانی تایبەتی خۆی لەسەر پەلاماردانەکەی کەناڵەکە، بۆچوونەکەی ئەویش رێك لە بۆچوونەکەی تشرشلەوە نزیك بوو، کە رۆژی پێش هێرشەکە بە ئایدنی سەرۆك وەزیرانی راگەیاندبوو، بەڵام ئایدن بە ماکملانی وتبوو تۆ مافی ئەوەت نییە قسە لەو بابەتانە بکەیتو لێدوانت هەبێت، من وەك سەرۆك وەزیران دەبێ تۆ لەو جۆرە بۆچوونانەدا پرسم پێ بکەیت، ئەوەش هێمای ئەوە بوو کەوا ئەو دوو پیاوە ئاڵۆزییەکیان لەنێواندا هەبووە.

هەڵوێستی ئەمریکییەکان

لـە رۆژی ١٧ ی ئۆگسـتـیدا ئایـدن نامەیـەك بـۆ تشرشـل (٣٠ ی نۆڤمبەر ١٨٧٤ _ ٢٤ ی یەنایەری ١٩٦٥) دەنووسێت، کە تێدا داواکارە:

دیارە ئەمریکییەکان زۆر بەتونـدی لەگـەڵ هەڵوێستەکەی ئێمـەن بۆ تەدویلی کێشەکەی کەناڵی ئەلسویس. ئایزنهاوەر لەسەر بڕیارەکەی ئایـدن زۆر نـاکۆك بـوو، لەگـەڵ ئـەوەدا نـەبوو هێـز لـەو کێشـەیەدا بـەکاربێت، دیـارە ئەوەدەمانـە بەرژەوەندییـەکانی نێـوان بریتانیـاو ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لـەو قەیرانـەدا دژی یـەکتری بـوون، دیارە کەوا بریتانیا مەبەستی تەنها کۆنترۆڵی کەناڵەکە نـەبوو، ئـەوان دەیـانزانی رەوشـە تایبەتییەکـەی کەناڵەکـە بـۆ ئـەوان زۆر گـرنگ و سـتراتیژی بـوو، حکومـەتیش نەیـدەتوانی هێڵێـك راکێشـێت لـە نێـوان قـەیرانی کەناڵەکـەو رژێمـی جـەمال عەبدولناسـر. لـە سـاڵی ١٩٥٧ سـکرتێرە تایبەتیەکـەی ئایـدن، رۆمـانێکی زۆر مێـژوویی گـرنگ و هەستیاری لەسـەر ئـەو سـەردەمە نووسیبوو، کـە لەوەدەمانـەدا ئـەو لـە وەزارەتی دەرەوە کاری کردووە، تێیدا گەیشـتبووە ئـەنجامێك کـەوا زۆر هەڵەیە بریتانیـا بتوانێت هـەردوو کێشـەکە لـە یـەك کاتـدا چارەسـەر بکات، ئەو رەخنەیەش لە ئەمریکییەکانەوە لـەو قەیرانـەدا بـە تونـدی ئاراستەی بریتانییەکان کراوە.

بریتانییەکان مەبەستیان بوو بگەنە رەوشێك کەشتییەکانیان لـەو کەناڵەدا بپارێزن، جۆن فۆستر والس بۆ یەکێتی بەکارهێنەرانی کـەناڵی ئەلسویس پێشنیاری کردبوو، کەوا باشترە لـە میسـر حکومـەتێکی تـری جیـاواز بێتـە سـەرکار، وەك چـۆن بریتانیـا لـە سـاڵی ٢٠٠٣ لەگـەڵ

داگیرکردنەکەی عێراقدا بوو، ئەو دەمانە بەئاشکرا باسی گۆڕینی ڕژێمی میسری نەکردووە، بەڵام هەر ئەوەندەی بۆ دەچووە سەر کە بڵێت دەریاوانی ناوچەکە لە مەترسیدایە، وەك چۆن پاش ٤٦ ساڵ لە عێراق ئەمریکاو بریتانیا چەکە کۆمەڵکوژییەکەی عێراقیان کردبووە بیانوو بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتە.

حەبی ئارامکردنەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکەدا

لەو سێ مانگەی تێدا قەیرانەکە گەرم بوو، زۆر شت لە سەر تەندروستی ئایدن نووسرا، قسەی زۆریش کرا، هەندێکیان گلەیی بوون، یان مەزندەو خەیاڵ بوون، بەڵام ڕووداوی ڕاستیشیان تێدا هەبووە. لەو ڕۆژانەو لە گەرمەی قەیرانەکەدا ئایدن دە جار سێر (هۆراس ئیفلتر)و چەند دکتۆری تری بینیبوو ڕێنمایی لێ وەرگرتوون، لە کۆتایی هەفتەداو لە ڕۆژانی ٥ تا ٨ ی مانگی ئوکتۆبەر سەردانی نەخۆشخانەی کردووە، لەوێ پێیان وتووە پێویستە نەشتەرگەرییەك بکەیتو دەرمانی (بیپیدین) یان بۆ نووسیبوو، دەرمانێکە لە مۆرفین وەرگیراوەو ژانی گران کەم دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەو دەرمانەشی وەرگرتووە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووەو ڕۆژێك تا شەوەکەش سەرقاڵ بووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆژنامەنووسی ناسراو (لۆرد دیدس) کە لە حکومەتەکەی ئایدن پۆستێکی وەزاریشی هەبووە، وتوویەتی ئایدن لە کاتی قەیرانەکەی ئەلسویس دەرمانی وەرگرتووە، وەك هەموو کەسێك دەرمان دەخۆن بۆ ئارامیو نووستنی

بەرەحەت، لە مانگی نۆڤمبەردا دکتۆرەکان لە تەندروستی ئایدن نیگەران بوون، داوایان لێ کردبوو بۆ پشوودانێك بچێتە جامایکا، دەرمانەکانی خەوزڕان کاریان لەو کردبوو، ئەو دەرمانی لەبەر نیگەرانیو نائارامیو بڕوابوونی زۆر بە خۆی وەردەگرت. لە وتاری رۆژی ١٥ ی یەنایەری ساڵی ١٩٥٧دا سێر (هۆراس ئیفانز) هەستی کردبوو ئایدن ژانە تایەکان بێزاریان کردووە. ئەو کە رۆژی هەینی رێکەوتی ٥ ی ئوکتۆبەر لە سەردانەکەیدا بۆ لای ژنە نەخۆشەکەی تووشی هاتبوو، بۆیە دکتۆرەکان ئامۆژگارییان کردبوو ئەویش ژوورێك لە تەنیشت ژووری ژنەکەی وەرگرێت، ئایدن لە کارەکانیدا بەردەوام دەبێتو ئەرکە رەسمییەکانی رادەپەڕێنێت، ئەو لەو رەوشەدا دەبێتو خەڵکەکەش هەتا برادەرەکانیشی ئاگاداری هیچ نەبوون، نەیاندەزانی چ روودەدات.

پلانگێڕان و سەرکزکردن

ئایدن ماوەیەك پیش قەیرانەکەی کەناڵی ئەلسویس تووشی ئەو تایە هاتبوو، دوو رۆژ پێشتر ئایدن بە ئەنجومەنی وەزیرانی راگەیاندبوو کەوا لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بە بەستنی هاوپەیمانییەك لەگەڵ میسردا مەترسییەك روومان تێ دەکات، ئەگەر ئەومیان جێبەجێ کرا ئەوە مەترسییەکە دەبێتە واقیعو ناچار دەبین هێز بەکاربهێنین. لەودەمانەشدا هێزە بریتانییەکان لە دوورگەی قوبرسدا جووڵەیان تێکەوتبوو، ژمارەیان زۆر دەکرا، نەك تەنها لە قوبرسو لە

شوێنی تریش هەست بەوە دەکرا. ڕەوشەکە ئاماژەیان بەوە دەکرد کەوا ئامادە سەربازییەکە ئەگەر وا هەنگاوی هاویشتبووایە نەدەکرا ڕاگیرێن، بۆیەش میسرییەکان لە ڕۆژی ٥ی مانگی ئۆکتۆبەر لە ئەنجومەنی ئاسایش شکایەتیان لە سازکردنی سوپای بریتانیو فەرەنسی کردبوو. لە ڕۆژی ٨ی ئۆکتۆبەردا ئایدن لە نەخۆشخانە دەردەچێت.

کە سەرۆك وەزیران ئامادە نەدەبوو، ڕاب بتلر لە جیاتی ئایدن سەرۆکایەتی لیژنەی میسری کردبوو، ڕۆژی شەممە تەندروستی باش دەبێتو دەتوانێت لە کۆنگرەی حیزبی پارێزگاران لە ویلّزدا وتارێك پێشکەش بکات، لەوێ هەوادارانی ئەو حیزبە، قسەکەی ئەویان زۆر لا باش بوو کە وتبووی:

ئێمە بەردەوام وتوومانە بڕاری هێز لە هەموو ڕووداوو قەیرانەکان دوا چارەیە، بەڵام ئەو هێزە لە کاتی پێویست لە هەموو زروفێکدا بە دوور نازانین، هیچ حکومەتیش بەرپرس نییە ئەو بەڵێنە بدات.

لەو ڕۆژەی ئەو وتارەکەی پێشکەش کردبوو، (ئەنتۆنی ناتینگ) پێیوتبوو کەوا سەرۆك وەزیرانی فەرەنسی (گی مولییە) داوای کردبوو بە خێرایی ئایدن ڕەزامەندی خۆی لەسەر بینینی وەفدێکی فەرەنسی رابگەیەنێت کە لە پاریسەوە دەگەنە لەندەن، لە ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی مانگی ئوکتۆبەر ناتینگ بە تەلەفۆن بە ئایدن دەڵێت کەوا سێر (گۆلدوین جیب) سەفیری بریتانی لە پاریس دەگاتەوە لەندەن، لەو سەفەرەدا جیب بە ئایدن دەڵێت:

کەوا فەرەنسییەکان (٧٥) فڕۆکەی جەنگی جۆری میستیر کە دوا

مۆدیلە داوەتە ئیسرائیلییەکان، ئەوەش بەبێ پرس و دانوستانی بریتانییەکان و ئەمریکییەکان کراوە، ئەوەش دەبووایە بە ڕێکەوتنی هەر سێ لایەن بکرابایە.! لەوەدەمانە ئایدن لە ناتینگ دەپرسێت:

ئایا ئیسرائیلییەکان لەوەدەمانەدا مەبەستیان لێدانی وڵاتی ئوردنە، ئەگەر وابێت ئەومیان لەو هەلومەرجانەدا بریتانییەکان نیگەران دەکات.

ئایدن لە ڕۆژی یەکشەممەو لە ڕێکەوتی ١٤ی ئوکتۆبەردا نانی نیوەڕۆی لەگەڵ ناتینگ دەخوات، نامەیەکیش بۆ (سلوین لوید) لە نیویۆرك دەنێرێت، دیارە ئەو لە دانوستانەکەی لەگەڵ دکتۆر (موحەمەد فەوزی) وەزیری دەرەوەی میسری پێشکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام ئێوارەکەی کۆبوونەوەیەك لە گەڵ نوێنەرە فەرەنسییەکان دەکات، ئەوانیش ژەنراڵ (موریس شالیە)ی جێگری سەرۆکی هەیئەتی ئەرکانی چەکە ئاسمانییەکانی فەرەنساو (ئەلبیر گازییە) ڕێکخەری کاروباری وەزیری دەرەوەی فەرەنسی بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا نیشانەی ترسناك سەرهەڵدەدات، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەنتۆنی ناتینگیش ئامادەبوو. بەرنامەکەی شالییەش پلانێکی فەرەنسی ئیسرائیلی دەگەیاند، کە دەبێتە ئامێریکی سیاسی ناوەندی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئایدن لە قەیرانەکەی ئەلسویس.

سەرکزەکان

تا ئەو دەمەی ئایدن دەچێتە کۆبوونەوەکە نەیدەزانی و ئاگاداریش نەبوو کەوا فەرەنسییەکان وا بە قوولی وا لە پشتەوە پەیمانیان لەگەڵ ئیسرائیلییەکان بەستووەو کار بۆ دژایەتی میسر دەکەن. لە رۆژی ۳۰ ی مانگی سپتەمبەردا وەفدێکی ئیسرائیلی دەگاتە فەرەنساو بەنهێنی بیرۆکەیەکی بیانوودارو وەهمییان پێ دەڵێت، بەرنامەکەش بریتی دەبێت لەوەی ئیسرائیلییەکان پەلاماری کەناڵەکە بدەن، لەودەمانەدا هێزە فەرەنسییەکان و بریتانییەکان بۆ راگرتنی شەڕەکە دێنە پێشەوەو نابزیوانیان دەکەن، بە بیانووی ئاگربەست و راگرتنی شەڕەکە، هێزی ئاسمانی بریتانی لە فڕۆکەکانی میسری بدات، کە بوونەتە مەترسی لەسەر خاکی ئیسرائیل.

ئایدن پلانەکەی بە رەسمی قبووڵ نەکردبوو، بەڵام بەئاشکراش رەفزی نەکردۆتەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە بڕیارەو جێبەجێ دەبێت، کە پرسیاریشی لە فەرەنسییەکان کردووە، مەبەستی ویستنی بەرنامەکەیەو رازیبوون دەگەیەنێت. شالیە هەستی کردبوو کەوا ئایدن بۆ مەسەلەکە گەرمە، بەڵام میلار ئەوەی بە وروژاندن زانیبوو، ئەو شەڕەی بە فێڵکردن دەستی پێکردبوو، بە کارەسات کۆتایی هات، کەواتە ئایدن لەو شەڕەش بەرپرس بووە، چونکە دەسەڵاتی نەبوو بڕیارێك دەربکات. لەو رۆژەوە ئایدن بڕیار دەدات بەرنامەکە جێبەجێ بکات و ئاگاداری ئەمریکییەکان نەکاتەوەو بەرنامەکەیان پێ نەڵێت، وای دەزانی بەرنامەو پلانی ئیسرائیلییەکان دوور لە زانینی ئەمریکییەکان دەهێڵێتەوەو ئەوان ئاگادار نابن، ئەوەشیان لە هەموو روویەکەوە

هەڵەو چەواشەبوو.

ئەگەر ئایدن ئەودەمانە تەندروستی باش بووایەو کەسێکی چالاك بووایە هەرگیز ئەو بەرنامەی قبووڵ نەدەکردو تۆوی ماڵوێرانی نەدەچاند. فەرەنسییەکان پەیوەندی پتەویان لەگەڵ ئیسرائیلییەکان لەسەر رێکەوتنامەی بنکەی کەناڵی ئەلسویس هەبوو. ئیسرائیلییەکان گومان و ترسیان لەوەدا هەبوو کەوا سوپای بریتانی لە میسر بکشێتەوە، فەرەنسییەکانیش لەوە ترسیان هەبوو، رەنگە میسرییەکان لە جەزائیر بەشدارو هاوکاری بەرگری و رووبەڕووبونەوەکانی بکەن. سوپای فەرەنسی لە جەزائیر ژمارەیان دەگەیشتە ٤٠٠ هەزار سەرباز، جەمال عەبدولناسریش بەئاشکرا پشتگیری شۆڕشی جەزائیری دەکرد، بۆیەش فەرەنسییەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەو سەرۆکە میسرییە لەناوبەرن. لەولاشەوە فرۆشتنی چەکە فەرەنسییەکان بۆ ئیسرائیل تەرازووی رێکەوتنە سێ قۆڵییەکەی فەرەنساو بریتانیاو ولایەتە یەکگرتووەکانی گۆڕی بوو. سەرۆك وەزیران بەتایبەتی کەسێکی وەك ئایدن کە سیاسەتمەدارێکی زانابوو، ماوەیەك وەزیری دەرەوەش بووە، بۆیە پێشنیارەکەی شالییە بۆ سەرکزکردن و پلانە دوو قۆڵییەکەیان لەگەڵ ئیسرائیل مەسەلەیەکی مەترسیدارو بقە دەبینرا.

ئایدن خۆی کەسێکی وریابوو، زۆریش بەوە دەناسرا کەوا دۆستی عەرەبە، لەبەر تۆمارە ناسراوەکەی ئەوو ناوبانگییەکەی دەزانرا ئەو لە هەموو رێکەوتنەکاندا ئیسرائیلی پەراوێز دەکردو رازی نەدەبوو لەو مەسەلەیەدا بەشدارییان پێ بکات. وەکیلی وەزیری دەرەوە سێر (ئایڤۆن کیرکباتریك) ئەو دبلۆماسە ناودارە تاکە کەس بوو دەیویست

ئەو قەیرانە بە هێز چارەسەر بکات، ئەو وای دەزانی ئەمریکییەکان حەز ناکەن ئاگادار بن کەوا بریتانییەکان بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ بەکارهێنانی هێز لەو قەیرانەدا. ئایدن ئامادەبوو بریتانیا لەگەڵ ئەمریکا پێشنیاری یەکێتی بەکارهێنەرانی کەناڵی ئەلسویس قبووڵ بکات، کە کەناڵەکە بدرێتە ژێر چاودێری دەولی، ئەوەش رەنگە بایکۆتی ئابووری لێ بکەوێتەوە، رەنگە پاشان (جۆن فۆستر دالاس) لە کۆتاییدا بڕیاری بژاری سەربازیو هێز بدەن، ئەو کارەش دیارە کەوا تا مانگی ئوکتۆبەر کاتی دەوێت. ئایدن ئامادەبوو بە خۆی پێشنیارەکەی شالییەیان پێ رابگەیێنێت. ئایدن داوا لە لە ناتینگ دەکات ئاگاداری دوو کەسی بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوە بکات، گومان دەکرا یەکێك لە راوێژکارانی یاسایی لە وەزارەتی دەرەوە پێشنیارەکەی ئایدن لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی رەفز بکات، بۆیە زوو ئەو لەو پۆستە لا دەبەن. ئایدن لەو بژارەدا پشتی بە پێشنیارەکەی سەرۆکی قەزاکە ئەستوور بوو کە پاڵشتی ئەگەری سەربازی دەکرد، بەڵام لە رووی دەستوورییەوە سەرۆکی قەزاکە نابێتە راوێژی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەش کاری ئائیبی گشتییە. کە بەرنامەکە هاتۆتە بواری جێبەجێکردن ناتینگ ئیستقالەی دابوو.

بەشی نۆیەم

لە وڵاتانی دیموکراتیدا هەتا هەتایی نهێنییەکان بە شاراوەیی نامێنێتەوە

پەلاماردانەکە

لـە ٢٩ ی ئوکتۆبـەردا هێـزە پەڕەشـووتوانەکانی ئیسـرائیل بـە سەرپەرشتی سەرکردەی سەرکەشی ئیسرائیلی (ئاریل شارون) دابەزینی سـەربازی لـە سینا دەکـات، بـۆ بەیانییەکـەی و بـە رێکـەوتن لەگـەڵ ئیسرائیلییەکان، بریتانییـەکان و فەرەنسییەکان ئاگادارکردنەوەیـەکیان بۆ ئاگربەس راگەیاند، ئەگەرنا راستەوخۆ بۆ راگـرتنی شـەڕەکە کارێـك کەن. جەمال عەبدولناسر گوێ بـە ئاگادارکردنـەوە نـادات، بۆیـەش لـە رۆژی ٣١ ی ئوکتۆبـەر هێزەکـانی سـەربازی ئـەنگلۆ فەرەنسـی پـەلاماری ناوچـەکەیان داوە. سـەرەڕای فشـارو تەنگاوەییـەکان لەودەمانـە ئایـدن ئـارام و هێمنانـە دەجوڵێتـەوە، هـەر بـەو نەفسـەوە بروسـکەیەك بـۆ سـەرۆك ئایزنهـاور دەنێرێـت، کـە لـە رۆژی ٣١ ی ئوکتۆبـەر فڕۆکـە بریتانییـەکان زەبریـان لـە هێزەکـانی میسـری دەوەشـاند، ئیلزابێسـی هاوسەری لۆرد هیوم وتبووی:

زۆر بـە کارنامـە باشـەکەی سـەرۆك وەزیـران و هـەموو ئەنـدامانی حکومەتەکە سەرسام بووم.

بــۆ دڵنیاکردنــەوەی هاوڵاتیــانی بریتــانی ئایــدن بــەیانێك بڵاودەکاتـەوە، بـەڵام کـە لـە ئێـوارەی رۆژی ٣ ی نۆڤمبـەردا نوێنـەری دەستەی ئیستگەی بریتـانی بـانگ دەکرێـت و لـە بارەگـای سـەرۆکایەتی وەزیران دەچێتە ژوورەوە، دەبینێت کـەوا ئایـدن لەسـەر سیسـەمەکەی پاڵی داوەتەوەو لە تەنیشت خۆیەوە چەند شووشـەی دەرمـان دەبینـرا. لەودەمانـەدا مانـدووبوونی پێـوە دیـاربوو، بۆیـەش ئـەو داوا دەکـات سەرۆك وەزیران پێش خوێندنـەوەی بەیانەکـە پشوویەك بـدات، بـەو

رستەیە ئایدن قسەی کردبوو:

ئەو پیاوەی پیاوی ئاشتی بووەو پیاوی هەیئەتی دەوڵەت بووەو پیاوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو، ئێستاش ئەو پیاوە هەر وایە.!

چاکە دانەوە

هارولد ماکمیلانی وەزیری دارایی زۆرپابەند بوو بە سیاسەتەکانی ئایدنەوە، پێش ئەوەی لە کۆشکی سپی دیمانەی ئایزنهاور بەتەنها لە رۆژی ٢٥ ی سپتەمبەردا بکات، ئامۆژگاری ئایدن دەکاتو دەڵێت:

ئایزنهاور سوورە لەسەرئەوەی بە هەر شێوەیەك بێت جەمال عەبدولناسر (١٥ ی یەنایەری ١٩١٨ _ ٢٨ ی سپتەمبەر ١٩٧٠) بڕوخێنێت، من شرۆڤەی رەوشی ئابووریو گرفتەکانم بۆ کرد، باسی دەستدرێژی خۆمانیشم بۆ کردو ئەویش لە بۆچوونەکان باش تێگەیشت.

کە ماکمیلان لەو سەفەرەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکی (جۆن فۆستر دالس) دەبینێت، راپۆرتێك بۆ ئایدن دەنووسێت، کەوا دالس وتوویەتی سەرەڕای ئەوەی کێشەی کەناڵی ئەلسویس هیچ باندۆرێکی لە سەر ئەو هەڵبژاردنە نییە کە لەو رۆژانەدا دەکرێت، بەڵام ئەگەر لە سەر هەر شتێك ئیمزایەك بکات، کارەساتێك روودەدات، ئەوەشی بەبیر هێنامەوە کەوا چۆن ئەوو سەرۆك ئایزنهاور لە مانگی مایۆی ساڵی ١٩٥٥ لە کاتی هەڵبژاردنەکانا یارمەتی ئێمەیان داوە، بۆیەش ئەو داواکارە چاکەکەی بدەنەوەو کۆشش بکەن رووداوەکان بگێڕێنەوە

پێش رۆژی ٦ ی نۆڤمبەر. ئەو لێدوانەی وەزیری دەرەوە دالس ئاماژەی ئەوە بوو کەوا ئەو هەنگاوە بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکی دوابخرێت، ئایدن بە ئوسلوبێکی روون و ناسك لە نامەکانیدا لەگەڵ ئایزنهاور باسی ناسکی ئەو هەڵبژاردنەی کردبوو، پاش تێپەڕبوونی مانگی ئوکتۆبەریش ئایدن و ماکمیلان نەیانتوانی ئایزنهاور تێبگەیەنن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پرۆسەی پەلاماردانەکەی سەر وڵاتی میسر چەند کاریگەری لەسەر ئەودا هەیە. ئەوەش جێگای گێلییە ئەگەر ئەوە رەچاو نەکەن.!

لێکدانەوەیەکی هەڵە

ماکمیلان وەك وەزیری دارایی کە نامەکانی لە واشنتۆنەوە لە شەوی ٥_٦ ی نۆڤمبەر دەگەیشتە دەست، ئەو یەکەم کەس بوو دەیزانی لێکدانەوەکانی سەبارەت بە کاردانەوەکانی ئایزنهاور کەوا جنیەی ئەسترلینی کاردانەوەیەکی گەورەی لەسەر پاشکەوتی پارەی بێگانە هەیە، ماکمیلان پێویستی بەوە هەیە قەرزی یەدەگ لە سەندوقی نەقدی دەولی وەرگرن، ئەوەش پێویستی بە یارمەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، دیارە یارمەتی و پشتیوانی ئەمریکا بۆ جینیەی بریتانی لەگەڵ شەڕ راگرتنەکە گرێدرابوو، کە دەبوایە لە ناوەڕاستی ئەو شەوە ئەوە رابگەیەنن. کە کاروانی کەشتیەکانی شەشەمی ئەمریکی لە سەر کەنارەکانی پۆرسەعید، دەریاوانی بریتانیان تەنگاو کردبوو، ئەوەش پەیامێك بوو بۆ ماکمیلان

بۆ گۆڕینی بۆچوونەکەی بۆ پشتیوانی سەربازی راستەوخۆو خێرا. دەسەلاتی ئایدن هەرگیز هەژان‌و گورزی وەك گورزەکەی رۆژی ٦ ی نۆڤمبەر بەرنەکەوتبوو، تاکە کەسیش لەو حکومەتە وەزیری دارایی ماکمیلان بوو، کە دەیتوانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئایدن هەڵسێنێتەوە بۆ دەست لەکارکێشانەوە، کە ئەوانیش ئامادەیی ئەومیان هەبوو. بەلام لەو دەمانە ئایدن زووتر دەجولێتەوەو داوا دەکات ئەنجومەنی وەزیران لە ژوورەکەی ئەو لە ئەنجومەنی عەموم لە سەعات دەو چارەکێك کەمی بەیانی کۆببنەوە، ئەویش دلنیانەبوو کەوا دەتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بۆ بەردەوامی ئەنجومەنەکە وەرگرێت بۆ بەردەوامی سیاسەتەکانی خۆی. ئەو دلنیابوو کەوا ئەمریکییەکان هەر ئەو رۆژە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش بایکۆتی ئابووریمان ناخەنە سەر، بۆیە وا باشە بە زووترین کات ئێمە ئاگربەستەکە راگەیەنین، بە قسەی یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە، ماکمیلان زۆر سووربوو لە سەر ئاگادارکردنەوەکەی کە ئەمریکییەکان بەنیازن بیکەن، بۆیە ئەو وەك وەزیری دارایی بە ئەنجوومەنی راگەیاندبوو کەوا رەوشی داراییان زۆر ترسناکە.

قەیرانێکی دبلۆماسی

قەیرانێکی دبلۆماسی گەورەبوو، بۆیە ئایزنهاور وتبووی:

من شتی وام نەدیوە، کە هێزێکی زلهێز ئاژاوەیەکی لەو جۆرە دروست بکات، ڕەوشەکە بشێوێنێت. کە فشارەکانی ئەمریکا توند دەبێت و دۆستەکانیان دەکشێنەوەو ئەمریکییەکان فشارەکەیان لەسەر جنیەی ئەسترلینی توند دەکەن و هەڕەشەکەی (نیکۆلا بولگانین) سەبارەت بە کێشەکەی ئەلسویس فەرەنسییەکان و بریتانییەکان زۆر سارد دەبنەوەو پاشەکشە دەکەن، لە بەیانی ڕۆژی ٤ ی فبرایر بولگانین ٢٠٠ هەزار سەربازی سۆڤیەتی و ٤ هەزار دەبابە بەرەو بودابست بەڕێدەکات، لەولاشەوە لە ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ هاوسۆزییەك بۆ پەلاماردانەکەیان پەیدا ناکەن.

ئایدن بە دیدی خۆی وای بە باش دەزانی تا هەموو کەناڵەکە دەگرن، بۆ پاراستنی ناوی بریتانییەکان و فەرەنسییەکان داوای بەستنی کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش تا پاش ڕۆژی ٧ ی نۆڤمبەر دوا بخەن، بەوەش کات دەکوژن و هەموو کەناڵەکەش تەواو دەگرن، ئەوان واتە بریتانییەکان و فەرەنسییەکان مافی ڤیتۆیان بۆ هەر بڕیارێك دەردەکرد کە لە ئەنجومەنی ئاسایش لەسەریان دەربچێت، ئەوەش بۆچوونی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسی (گی مولیە) و سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی (دیڤید بن گوریون) یش بوو، بەڵام ئایدن نەیدەتوانی زۆرتر چاوەڕوان بکات و لەڕوی ئەنجومەنی ئاسایش بووەستێتەوە.

رووپۆش لەسەردانان

لەبەردەم ئەنجوومەنی عەمومدا، وا نیشاندەدرا کەوا ئەو پەلامارە سەربازییەی سەر میسر، هیچ دەستی ئیسرائیلی تێدا نەبووەو بۆ بەرژەوەندی ئەوان نەبووە، بۆ ئەوەش بیانوو هەبوو. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانو سەیرە کەوا ئایدن هەستیدەکرد ئەو دەتوانێ تا ماوەیەکی دوورودرێژ پەردە لەسەر ئەو مەسەلەیە دانێتو بە شاراوەیی بمێنێتەوە، بۆیەش دوو دبلۆماسی رەوانەی پاریس کردبوو، تا لەوێ ئەو دیکۆمێنتانە کۆ بکەنەوە کە پاشان ناویان نابوو (پرۆتۆکۆلی سیڤەر)، کە بە ناوی ئەو دەڤەرەی پاریس ناونرابوو کە کۆبوونەوەکەی تێدا سازکرابوو، مەبەستیان لە کۆکردنەوەی دانەی راپۆرتەکەش بۆ فەوتاندنیان بوو. (سلویز لوید) لە یەکەم کۆبوونەوەی سیڤەر ئامادە دەبێت، بەڵام لە کۆبوونەوەی دووەمدا (پاتریك دین) ی دبلۆماسی ناودارو سکرتێری تایبەتی لوید (دۆناڵد لۆغان) بەشدار دەبێت. گی مولیەو دیڤید بن گوریۆنیش لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا بەشداردەبن، لەوێ گفت دەدەن ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە زۆر بەنهێنی بپارێزن.

ئایدن ئەوەی باش دەزانی کەوا لە وڵاتانی دیموکراسی هەتا هەتایە نهێنییەکان بە شاراوەیی نامێنێتەوە، سەرکردە فەرەنسییەکانو ئیسرائیلییەکان بە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بریتانی بە راگرتنی پێشڕەوی هێزەکان لە ناوچەی کەناڵەکە تووڕە ببوون، ئەوانیش لە پەلامارەکە هەستیان بە شەرمەزاری نەدەکرد، بۆیە زۆریان مەبەست نەبوو، مەسەلە شاراوەکان بەنهێنی بهێڵنەوە. ئایدن

وای دەزانی پەردە دانان و شاردنەوەی ڕووداوەکان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لە چاوو هەستی هەوالگری ئەمریکی دوور دەمێنێتەوە، ئەگەر چەند سەعاتێکیش ئەوان ئاگادار نەبن، باشترە، ئەوەش بۆچوونێکی ناواقیعییە. بەلام لە ڕاستیدا هەوالگری ئەمریکی ڕایگەیاندبوو کەوا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەلاماردانەکە ئاگاداربووە، بەلام هەندێ هێمای گومانیش هەبوو، کە لە ڕۆژی ٢٤ ی نۆڤەمبەر فۆستەر دالس هەواڵی مەسەلەکەی زانیبوو، گومانی کردبوو کەوا فەرەنسییەکان بە هاوکاری ئیسرائیلییەکان ئەوەیان کردووە، هیچ بیری بۆ بریتانییەکان نەڕۆیشتبوو. کە فەرەنسییەکان و بریتانییەکان دوا ئاگادارکردنەوەکەیان ڕاگەیاندبوو دالس گومانی لە پلانە شاراوەکان کردبوو. (کریستیان بینو) لە ئایدن واقیعی تر بوو بۆ بەرنامە شاراوەو تەونە نهێنییەکەیان، بەلام ئایدن خۆی نیشاندەدا کەوا لە ڕووی ئەمریکییەکان کەمتەرخەم نەبووەو هیچی نەشاردۆتەوە، بەوەش ئەمریکییەکان زۆرتر تووڕە دەکات.

وەلامدانەوەی هەلخەلەتاندنەکە

دیارە کەوا ئایدن ماوەی دە ساڵە ئایزنهاور دەناسێت، ئەگەر ئەو ناسیارە دێرینە لەبەرچاو بگرین، ناکرێ ئەوە قبوولٚ بکەین کەوا ئەو وەلامی هەلخەلەتاندن و چەواشەکارییەکان نەداتەوە، کە لەلایەن ناسیارێکیشەوە بێت، بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەکەش گرنگ و پڕ بایەخ

بێت. بە قسەی سەفیری ئەمریکای ئەوکات لە بەریتانیا ئایزنهاور نەك دالسی وەزیری دەرەوە کەدەستێکی باڵای هەیە لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. ئایدن سووربوو لەسەر هەڵوێستەکەی، کە لە ئەنجوومەنی عمومدا لە ۲۰ ی دیسمبەردا وتبووی:

من لەوە ئاگادارم‌و زووتر زانیوومە کەوا ئیسرائیل هێرش ناکاتە سەر میسر. دیارە کەوا ئەو قسەیەش درۆ بووە. لە ماوەی سی‌و دوو ساڵدا کە ئایدن لە پەرلەمان بووە لە پێش ئەنجوومەنەکە درۆی نەکردبوو. ئەوەش لە رەوشت‌و کەسایەتی ئەو نەدەوەشایەوە، بۆیەش هەر زوو دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە، بۆیەش لە رۆژی یەکی یەنایەری ساڵی ۱۹۵۷ (هۆراس ئایانز) داوا دەکات سەرۆك وەزیران دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەگەرنا لە کۆتاییدا دەبێ خۆی بکوژێت. دکتۆرێك وتبووی کەوا ئایدن جەرگی زیانێ بەرکەوتبوو، بەڵام ئایدن لەبەر قەیرانی سیاسی ئیستقالەی داوە نەك لەبەر خراپی تەندروستی، پێش ئەوەی ئایدن دەست لەکار بکێشێتەوە زووتر ئاگاداری ونستۆن تشرشل دەکاتەوە. ئەو لە دوا ئەرکەکانی‌و پێش دەست لەکار کێشانەوەکەی وەك سەرۆك وەزیران، ئیستمارەیەك لەسەر دوا دیمانەی لە رۆژی ۹ ی یەنایەر لەگەڵ شاژن پردەکاتەوەو بۆ رۆژی دواتر ئیستقالەکە دەدات، ئەو بە شاژنی وتبوو:

کەوا راپۆرتی دکتۆرەکانم ئەوە نیشاندەدەن کە چاری تر نەماوە بێجگە لەوەی دەستبەرداری فەرمانەکان بم، نەك وەك سەرۆك وەزیرانی شاژن.

کۆتایی

پەیوەندی نەخۆشییەکەی ئایدن بە هەڵەکانی لە رووداوەکەی ئەلسویس چ بوو؟

مێژوونووس و پەرلەمانتاری پێشوو لەسەر لیستی حیزبی پارێزگاران (رۆبرت رودس) وا دەزانێت ئەو ناتوانێت هۆکارەکانی ئیلتزامکردن بە هەڵوێستە شەرعییەکان و نزیکبوونەوە لەوەی کە ئەو کەسێکی شەرعییە دەستنیشان بکات. کەسانی واش هەیە کەوا گومان دەکەن نەخۆشیەکەی رۆڵێکی دیاریشی هەبووە، دکتۆر (هیو تۆماس) کە یەکێك بووە لە دکتۆرە چارەسەرکەرەکانی و سەرپەرشتی تەندروستی ئایدنی کردووە، ئەوو دکتۆر (تی هانت) وایان دەزانی، ئەگەر ئایدن تەندروستی نۆرماڵ و ئاسایی بوایە، رەنگە لە رووداوەکەی ئەلسویسدا بە شێوەیەکی تر دەجولایەوە. کرۆکی مەسەلەکە لەو هەنگاوە سەربازییە تەنها ئەوەبوو کەوا بڕیارەکەیان لە سەر دەست لەناو دەستی ئیسرائیل بووەو بێ پرسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش کراوە. بەڵام هێماکانیش نیشانی ئەوە دەدەن گوایە ئەگەر تەندروستی ئایدن باش بووایە، ئەو کارەو ئەو هەنگاوە سەربازییەی نەدەکرد، بەڵام ئایدن زۆرتر لە رووانگەی پەیداکردنی پێگەی سۆڤیەتی بوو لە ناوچەکە، ئەوەشی بە هەڕەشە دەزانی لە ناوچەکە، بۆیەش رووداوەکان و بڕیارەکان هیچ پەیوەندی بە تەندروستییەوە نەبووە. ئەو هەستی دەکرد جەمال عەبدولناسری سەرکێش و پشتیوانلێکراو لەلایەن سۆڤیەتەوە لە بەهاری ساڵی ١٩٥٧ بەرەو ئیسرائیل دەچێت و پەلاماری دەدات.

که کەناڵەکە خۆماڵی دەکرێت، نەخۆشییەکەی ئایدن یەکێك بوو لە هۆکارەکانی دارشتنی بەرنامەی سیاسەتەکەی ئایدن. (رۆبرت کار) لە ساڵانی حەفتاکان وەزیرێکی دیاری پارێزگارەکان بوو، لەوەدەمانەی پەرلەمانتاربووە دۆستایەتی لەگەڵ ئایدن خۆش بووە، زۆریش بەو سەرسام بووەو ماوەیەکیش پۆستی سکرتێری تایبەتی ئەو بووە، ئەو لەسەر مەسەلەی تەندروستیو باری هۆشیارییەکەی وتوویەتی:

من زۆرم لا سەیرە باس لەوە دەکرێت کەوا رەوشی تەندروستی ئەو کاریگەری لەسەر سیاسەتەکەی هەبووە، من بەو قسانە بروا ناکەم، چونکە ئەو پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێت رەوشی باش بووە، هەمان بەرنامەو کارنامەی سیاسی هەبووە، من زۆریشم لەلا سەیرەو برواش ناکەم، ئەو لە بوارەکانی سیاسیو سەربازیدا هەڵە بکاتو حیساباتەکانی لە راپەراندنی کارەکانیدا تەواو نەبن.

دەبوایە بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکە، دکتۆرەکان ئامۆژگاری بکەن، هەر هیچ نەبوایە، لەکاتی بەرزبوونەوەی تایەکانی بریاری دەرنەکردبایە.

ئەگەر لە شەوی ١٣ ی ئەکتۆبەر لەبەر خراپی رەوشی تەندروستی، بە کۆنگرەی حیزبی راگەیاندبوایە، کەوا من نەخۆشمو لەسەر رێنماییەکانی دکتۆرەکان دەست لەکار دەکێشمەوەو سەفەری جامایکا دەکەم، ئەوەی لە کەناڵی ئەلسویس کردی نەدەقەوما، مەسەلەکە لەو ناوچەیە بە شێوەیەکی تر دەکەوتەوەو مێژووی رووداوەکە بە شێوەیەکی تر دەنووسرایەوە. بەڵام دانوستانەکەی (سلوین لوید) لە نیویۆرك لەگەڵ وەزیری دەرەوەی میسری کە ئایدنو ئەنتونی ناتینگ

بەر لە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ شالیە بە گەشبینی دەزانیو چەند هەفتەیەکی زۆرتریشی دەویست، ئەگەرنا سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو بە وەکالەت کارەکانی تەواو نەدەکرد، یان وەزیری دەرەوە لە رەوشێکدا دەبوو نەیدەتوانی سیاسەتێکی نوێ پەیرەو بکات وەك پێشنیارەکەی فەرەنسییەکانو ئیسرائیلییەکان، هەر هیچ نەبوایە تا کۆتایی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکی لە رۆژی ٦ ی نۆڤمبەردا. ئەگەر کەناڵی ئەلسویس پەلاماری نەکرابایەتە سەر سەر، ئەوەو رەوشەکەی هەنگاریا بەو جۆرەش نەدەکەوتەوە، کە شۆڕشی هەنگارییەکان کە لە رۆژی ٢٣ ی ئۆکتۆبەر هەلگیرسابوو، ئاگربەستی تێدا راگەیاندرابوو، هێزە سۆڤیەتییەکانیش بەناچاری لە مەیدانەکە پاشەکشەیان دەکرد. لە رۆژی ٢ ی مانگی نۆڤمبەردا (نیکیتا خروشۆف) دیمانەی سەرکردەی یۆگۆسلاڤی (برۆز تیتۆ) دەکات، لەوێ تیتۆ دان بەوەدا دەنێت کەوا پەلامارەکەی سۆڤیەت بۆ سەر هەنگاریا هۆکاری خۆی هەیە، دیارە کەوا خروشۆف وتوویەتی:

قەیرانەکەی ئەلسویس دەرفەتێکی گونجاو بوو، ئەو مەسەلەیە یارمەتی ئێمەی دا، ئەگەرنا لە خۆرئاواو نەتەوە یەکگرتووەکان دەبووە ئاژاوەو قەیرانێکی گەورە، ئەگەر بریتانییەکانو فەرەنسییەکانو ئیسرائیل ئەو هێرشەی کەناڵی ئەلسویسیان نەکردبوایە، ئەنجامەکە وا نەدەکەوتەوە، ئەوان لەوێو ئێمەش لە یۆگۆسلاڤیا دەستو پلانمان هەبووە. پاش ماوەیەکی کورت لە نیوە شەوی یەکشەممەی ٤ ی نۆڤەمبەر دەبابەکانی سۆڤیەتی سەنگەرە بەرگرییەکانی چواردەورەی بودابستیان شکاندو لە رۆژی دوایی (بۆب بیرسون دیکسۆن)

بروسکەیەك بۆ وەزیری دەرەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرێت، تێیدا نووسیبووی: کە روسەکان هێرشیان کردۆتە سەر بودابیست، ئێمە هیچمان پێ ناکرێت، ناتوانین گلەیی‌و نارەزایی بکەین، چونکە ئەوان بودابیستیان بۆردومان دەکرد، لەولاشەوە ئێمە قاهیرەمان بۆردومان دەکرد، بۆیە دەسەلاتمان نییە. قەیرانەکەی ئەلسویس باندۆری زۆری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی بریتانی‌و فەرەنسییەکان هەبوو، فەرەنسییەکان بە توندی بە رووی هەژموونی ئەمریکییەکان دەوەستانەوە. بریتانییەکانیش پاش شەرمەزاریی‌و شکانەکانیان‌و بۆ پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بە ئەمریکییەکانەوە کەوتوونەتەوە کار، ئەوەش لە بروسکەی ماتەمینی ئایدن بوو لە رۆژنامەی تایمزی سالی ۱۹۷۷ بلاودەبێتەوە کە نووسیبوویان:

ئایدن دوا سەرۆك وەزیران بوو کە هەستی دەکرد، بریتانیا تاکە زلهێزە، بەلام کە دەکەوێتە ناو قەیرانیش دەردەکەوێت وا نییە!

بەشی دوەم

کەنەدی نەخۆشییەکەی لە ئەمریکییەکان دەشارێتەوە

سەرۆك جۆن كەنەدی و نەخۆشی ئەدیسۆن

لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠ جۆن كەنەدی (٢٩ ی مایۆ ١٩١٧ _ ٢٢ ی نۆڤەمبەر ١٩٦٢) لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی بە ٣٠٣ دەنگ بەرامبەر ٢١٩ دەنگ لەگەڵ ریتشارد نیكسۆن بە سەرۆكی ئەمریكی هەڵدەبژێردرێت، بەوەش ئەو دەبێتە گچكەترین سەرۆكی ئەمریكی كە تەمەنی ٤٣ ساڵ بوو، بۆیەش ناوەكەی نەك تەنها لەناو ئەمریكا لە هەموو جیهان بڵاودەبێتەوە، هەر ئەویش كە دەمرێت بە تەمەن گچكەترین سەرۆك بوو، ئەوەی ناخۆشیشە ئەو چوارەم سەرۆكیشە دەكوژرێت. كە ئەو دەبێتە سەرۆكی ئەمریكی سەرۆكی سۆڤیەتی (نیكیتا خروشۆف) تەمەنی ٦٦ ساڵ بوو، سەرۆك وەزیرانی بریتانی (هارولد ماكمیلان)و سەرۆكی فەرەنسیش (شارل دیگۆل) لە هەفتاكانی تەمەنیاندا بوون، سەرۆك وەزیرانی هیند (جواهیر لال نەهرۆ) ش تەمەنی ٧١ ساڵ بوو، سەرۆكی ئیسرائیل (دیڤید بن گوریون) ٧٤ ساڵی تەمەن بوو، (پاپا یوحنای سیازدە) ٧٩ ساڵ بوو، راوێژكاری ئەڵمانی (كۆنراد ئادینادەر) یش تەمەنی ٨٤ ساڵ دەبوو. هەموو ئەو سەرۆكانە تەندروستیان لە كەنەدی تەمەن ٤٣ ساڵە باشتربوو.

نەخۆشی بە دزی

ئەمریکییەکان دەیانزانی کەوا سەرۆکەکەیان نەخۆشە، بەڵام هەموو زانیارییەکەیان لە سەر رەوشی تەندروستیو جۆری نەخۆشییەکەیان نەبوو، ئەو نەخۆشی ئەدیسۆنی هەبوو، تا ئەو نەمرێتو ژیانی بەردەوام بێت، دەبوایە نەخۆشەکە هۆرمۆنەکەی بگۆڕن، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان جانتای دەرمانەکانی گوم دەکات، بۆیە کەنەدی بانگەوازی گشتی دەکات تا نهێنییەکەی نەدۆزرێتەوە، ئەوەش بوو گرەوەکەی بەرەو کۆشکی سپی دەدۆڕێنێت. سەرۆك کەنەدی نەیدەویست جۆری ژیانی بگۆڕێت، بە هیچ شێوەیەك نەیویست دکتۆرێکی تایبەت بە خۆی دەستنیشان بکات، دەرمانەکانی بە رێکوپێکی بەکارنەدەهێنا، لە بەرامبەر ئەوەش هێزی سەرۆکایەتییەکەی خۆی بەکارهێناوە بۆ پاراستنی نهێنی نەخۆشییەکەی، خۆی وەك گەنجێکی سەلامەتو ورە بەرزو پیاوی خێزانێکی بەختیار نیشانداوە، بەڵام ئەو دیمەنانە دوورن لە راستییەوە.

هەڵەکانی ساڵی یەکەمی

لە سەرەتای حوکمی سەرۆك كەنەدی، من لە لەندەن خوێندکاری کولێژی پزیشکی بووم، منیش وەك بەشێکی زۆری گەنجانی جیهان هیوامان بە سەرۆك کەنەدی بەرز بوو، کەوا جیهان لە قەیرانی شەڕی ساردا بوو، لەگەڵ شەپۆلی هاتنی شیوعیەت و هەڕەشەکانی چەکە ناوەکییەکان و کێبڕکێی چەکدارییەکان، ئەو دەیویست مەسەلەکان چارەسەر بکات، هەر ئەو دەتوانێت لە قەیرانی مووشەکەکانی کوبا دوورمان بخاتەوە.

لە ساڵی یەکەمیدا کەنەدی هەڵەیەکی مەزنی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کوبیەکان کرد، بەتایبەتی لە کێشەی دورگەی بەرازەکان، کە تێیدا لە رۆژی ٧ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦١دا دەستەیەك لە نەیارانی کاسترۆ پلانیان داڕشتبوو شەڕی حکومەتەکە بکەن، ئەو پشتیوانی ئەو دەستەیەی کردبوو. پاش ئەو نسکۆیەو سەرنەگرتنی هێرشەکە، هەڵەی دووەمیش دەکات ئەویش کە لە دیمانەکەی لەگەڵ خروشۆفدا سەرناکەوێت، هۆی سەرنەگرتنی دیمانەکەش بە تەنها لە ئەستۆی ئەودا بوو. من وا دەزانم هۆکاری کەم ئەزموونی تاکە هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو دوو کێشەیە نەبوو، بەلکو رەگی نەخۆشییەکەی ئەوو باری نالەباری تەندروستی هۆکارێك بوون. ئەگەرچی ئەو دەستەیەی لەگەڵ ئەودا کاریان دەکرد، دان بەوەدا نانێن کەوا ئەو مەزندەیە راست بێت، بەلام کە (ریتشارد ریگز) رۆژانەو بەسەرهاتەکانی ئەو سەرۆکە گەنجەی نووسیوەتەوە، ئەو دەڵێ، زۆربەی ئەو راپۆرتانەی کە باس لە نەخۆشییەکەی سەرۆك دەکەن راستن.

نەخۆشیی و چارەسەرییەکان

من وا دەزانم کە رەوشی تەندروستی سەرۆك هەر لە ساڵی ١٩٦١ وە باش نەبوو، بەڵام وامدەزانی لە ساڵی ١٩٦٢ باشتر دەبێت، ئەو گۆڕانەو نەخۆشییەکە رۆڵی هەبوو لە سەر وزەو دەسەڵاتی سەرۆك لە رۆژانەی هەردوو قەیرانی دورگەی بەرازەکانو مووشکە کووباییەکان.

زۆر ئامۆژگاری کەنەدی کرابوو، بۆچوون زۆربوون لە سەر هاوکاریکردنی نەیارەکانی دەسەڵاتی کاسترۆ، پێشبینی بۆ سەرکەوتنی ئەو پەلاماردانە زۆر لاوازبوو، بەڵام کەنەدی لە دورگەی بەرازەکان سووربوو لە سەر نەبەردییەکە، ئەو حیسابی کێشە ناوخۆییەکانیشی دەکرد، دەیویست خۆی وا نیشانبدات کەوا سەرۆکێکی بەهێزەو لە ئایزنهاور کەمتر نییە، رۆبرتی براشی هاوبیربوو لەوەی لەگەڵ کوبا توندو بەزەبر بێت، براکەی رقی زۆری لە کەسایەتی کاسترۆش هەبوو، پاشانیش دەستی هەبوو لە هەوڵێك بۆ کوشتنیشی.

پەلاماردانێکی بێ بناغە...!

لە سەعات هەشتی بەیانی رۆژی ١٥ ی ئەپریلی ١٩٦١ دا، هەشت فڕۆکەی جەنگی جۆری بی ٥٢ لە نیکاراگوا هەڵدەستێتو فڕۆکەخانە سەربازییەکانی کوبا بۆردومان دەکەن لە کۆی ٣٦ فڕۆکەی جەنگی ناو فڕۆکەخانەکە پێنجیان دەسووتێنن. هەر لەو پلانەشدا فڕۆکەیەکی ئەمریکی بە مۆرو هێمای کوبا لە نیکاراگوا بەرەو میامی دەفڕێت،

مەبەستیش لەوە ئەوەبوو کەوا بڵێن فڕۆکەوانێکی کوبی فڕۆکەیەکی فڕاندووەو لە میامی نیشتۆتەوە. لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەری ئەمریکا ئەو هەواڵە بەدرۆ دەخاتەوە کە سوپای ئەمریکی پەلاماری کوبای دابێت، ئەو وتبووی ئەو فڕۆکانەی فڕۆکەخانەکانی کوبایان بۆردومان کردووە، ئەمریکی نەبوون، بەڵام فڕۆکەی خۆیان بووەو نەیارەکانی کاسترۆ هێرشەکەیان ئەنجامداوە، دیارە نوێنەرەکەی ئەمریکا ئاگاداری ئەو رووداوە نەبووەو هیچ زانیاریشی نەبووە، ئەگەر سەرۆك کەنەدی داوای لێ نەکردبوایە، ئەو لەوەی کە ئاگاداری ئەو رۆژە نەبووە ئیستقالەی دەدا، کە پاشان راستییەکە دەزانێت تووڕەبوونەکەی سارد دەبێتەوە.

لە ئەنجامی پەلاماردانەکەی سەر ئەو دورگەیە، کەنەدی شکست دەخوات و هەزارو سەد کەسە کوبیە نەیارەکەی کاسترۆش خۆیان دەدەنە دەست، هێزە ئەمریکییەکان و ناتوانن ١٤ چەکدارە گەمارۆدراوەکەش رزگار بکەن. کەنەدی دەیویست هەڵەو هۆکارەکانی شکستەکەو رووداوەکە بخاتە ئەستۆی خەڵکانی ترەوە، بەڵام لەوەیاندا خۆی هەڵدەخەڵەتاند، یەکێك لە شارەزاکان ئەو بڕیارەی کەنەدی و ئەو گیانبازییەی بە حیساباتی هەڵە پێناسە کردبوو. یەکێك لە کەسە نزیکەکانی کۆشکی سپی وتبووی: سەرۆك کەنەدی کەسێکی بە زەبرو بە هێز نەبوو، وەك چۆن وێناکرابوو، مەزاجی بە جۆری دەرمان و چارەسەرییەکانی دەگۆڕا، رێك ئەوەی لە قەیرانەکەی بەنداوی بەرازەکان لەسەر دەچەسپا.

ئێسکێکی تەڕ

که پەلامارەکەی سەر کوبا سەرناگرێتو بەرنامە ئەمریکییەکە شکست دەخوات، سەرۆکی سۆفیەتی خرۆشۆف گاڵتەی پێدەکات، سەرۆك کەنەدی بە ئێسکی تەڕو ناسك دەشوبهێنێت، پێی دەڵێت کەوا ئەو بێ ئەزموونەو بەرگەی رووداوەکان ناگرێت. بەڵام پاش ١٨ مانگ لەو رووداوە کە قەیرانەکەی مووشەکە کوباییەکان سەرهەڵدەدات، ئەو بە شێوەیەکی ترو زۆر جیاوازتر لە جاران دەجوڵێتەوە. بەتایبەتی کە داوا دەکات دەستەیەك لە راوێژکاران بۆ دانوستان لە سەر ئەو پێشهاتە کۆببنەوە. گۆڕانەکە تەنها لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکە نەبوو بەس، سەرۆك لە قەیرانەکەی دورگەی بەرازەکانیش ئەزموونی وەرنەگرت، بەڵکو گۆڕانەکە لەوانە قووڵتربوو ئەویش پەیوەندی بە ردوشی تەندروستی سەرۆكو چارەسەرییەکانی نەخۆشییەکەیەود هەبوو، لەگەڵ هەموو کەموکوڕیەکانو شکستەکان لە پەلاماردانەکەی دورگەکەو قەیرانی مووشەکە کوباییەکان، دەبێ لەو دوو پێشهاتەدا تەندروستی سەرۆك رەچاو بکەین.

هەموو تۆمارەکانی تەندروستی بنەماڵەی کەنەدی لەبەردەستدا نییە، بەڵام من لێکۆڵینەوەم کرد لە هەموو ئەوانەی لەناو کتێبخانەکەی پارێزراو بوون، بە تایبەتی ئەو راپۆرتانەی ساڵانی ١٩٦١و ١٩٦٢، لەوانەوە دەردەکەوێت کەوا تەندروستی سەرۆك رۆڵی زۆری هەبووە لەسەرۆکایەتی کردنەکەی ئەودا. لەوانە دیارە کەوا تەندروستی ئەو لەسەردەمی منالّییدا جێگیر نەبووە، ئەو لەساڵی ١٩٢٠و لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەبەر نەخۆشی تای قرمزی لە

نەخۆشخانە نووستوە. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا کێشی دادەبەزێت و گەشەی سست دەبێت، لە ساڵی ١٩٣٤و لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی مایوکلینك و لە بەر هەوکردنی قۆڵۆنی بۆ ماوەی یەك مانگ دەمێنێتەوە. هەندێکیش وایان دەزانی لە سکیدا نەخۆشی تری هەیەو لە ساڵی ١٩٣٧ەوە بۆ کەمکردنی ژانی قۆڵۆنی چارەسەری کورتیزنی وەرگرتووە. رەنگە لەوەدەمانە نەخۆشی HYPOADRINALISM هەبووە. کەنەدی بەردەوام ژانە پشتی هەبوو، رەنگە ئەوەشی لە پاش وەرگەڕانی ئۆتومبێلەوە تووشی بووە کە لە تەمەنی گەنجییەوە روویداوە، هەندێکیش وا دەزانن ئەو نەخۆشییەی لە ئەنجامی دەرمانی STEROID کە زۆر بەکاریهێناوەو یان هەردووکیانەوە تووش بووە.

کۆڵۆنی دوازدە گرێ

لە رۆژی ٢٢ ی نۆڤمبەری ١٩٤٣ لە پشکنینێکی پزیشکیدا دەردەکەوێت کەوا سەرۆك کەنەدی تووشی قورحەی (کۆڵون) دوازدە گرێ بووە، رەنگە ئەوەشی لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانی ستیرویدەوە بووە، بەردەوامیش ژانە پشتیشی هەبوو، لە چەندین نەخۆشخانە پشکنینیان بۆ کردووە، لە نەخۆشخانەی نیو ئەنگلاند لە رۆژی ٢٢ی یونیۆی ساڵی ١٩٤٤ نەشتەرگەرییان بۆ کردووە، لەوێ دوای نەشتەرگەریەکە بۆی رووندەبێتەوە مەزندەکەیان راست دەرنەچووەو ئەو دیسکی نەبووە. لە ئەنجامی پشکنینێکی وردا دەرکەوت کەنەدی

لاوازی لە (غضروفي) کرکراگەی ریشەیی هەیە، رەنگە ئەوەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانی ستیرۆیدەوە بووە، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ دەرزی پرۆکاینیان لە دەمارەکانی لای چەپی پشتی کەنەدی دابوو، ئەوەش ماوەیەك بووەو مەبەستیش لە کەمکردنەوەی ژانی پشتی بووە کە بە هۆیەوە زۆر دەینالاند.

زۆربەی دکتۆرەکان گەیشتنە ئەو رایەی کە زووتر دکتۆرێکی هێزی دەریاوانی پێشبینی کردبوو کەوا نەخۆشییەکەی ئەو کۆنەو لە مێژەوە ئەو نەخۆشییەی هەیە. ئەنجومەنی تەندروستی هێزەکانی دەریاوانی لە رۆژی ٢٧ی دێسەمبەری ساڵی ١٩٤٤ رایگەیاندبوو، کەوا کەنەدی تووشی ژانەسك هاتووە لە ئەنجامی مانەوەی ٥٠ سەعات لەناو ئاوو ماوەی یەك هەفتەش ئاوی نەخواردۆتەوە، بۆیە ناوی کەنەدی دانراوە کە لە ١ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٥ خانەنشین بکرێت، چونکە رەوشی تەندروستی باش نییە. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٤٧ کەنەدی ژانی گەدەو پشتی هەبووە، زووتر لە ساڵی ١٩٤٤ مەلاریای هەبووە پاشان مەلاریاکەی بۆ گەڕاوەتەوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٧ تووشی نەخۆشی ئەدیسون بووە کە لەلایەن دکتۆر سیر (دانیال دیڤیس) ەوە نەخۆشییەکەی دۆزراوەتەوە، ئەودەمانە ئەو ئەندامی کۆنگریس بووە لە سەر ویلایەتی ماساتیوشیش. پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٧ بچێتە نەخۆشخانەی لەندەن لینیك، دە ساڵ بوو جۆرەها نەخۆشی هەبووە. لە ساڵی ١٩٤٧ ەوە نەخۆشییەکانی سەرسوڕانو تاو ماندبوونو لاوازیو کەمی کێشو زەردبوونی پێستی هەبووە، لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت دەرمانی کوریتسولی وەرنەگرتووە.

یەك سالی تر ناژی

که له لەنـدەن نەخۆشـییەكەی دەدۆزرێتـەوە، دكتۆرەكان مەزنـدە دەكەن كەوا كەنەدی له یەك سالی تـر زیاتر نـاژی، لـه گەشتەكەیدا لـه لەندەنەوە بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكان لـه ئۆكتۆبـەری سـالی ١٩٤٧ ژانـی زۆر دەبێت، ژانەسەرو هەوكردنی سینگ و گەدەو میزلدانی دەبێت، كـه لە سالی ١٩٥١ سەردانی ژاپۆن دەكات نیشانەی نەخۆشـی ئەدیسـۆنی لـێ بەدەر دەكەوێت. له مانگی یۆلیۆی سالی ١٩٥٣ له نەخۆشخانەی زانكـۆی واشنتۆن دەمێنێتەوەو ژانەپشتی زۆرتـر دەبێـت. لـه ١٢ی سـێپتەمبەری سـالی ١٩٥٣ كەنــەدی لەگـەل (جـاكلین بـوڤیر) پرۆسـەی هاوسـەرگیری دەكات، لـه مـانگی ئـەپریلی سـالی ١٩٥٤ەوە لـه لاهـای كلینیـك تیشكی پشتیان گرتبوو، لـه وێنەكـەدا دەركـەوتبوو، كـەوا جومگـەی پێنجـەمی خوارەوەی بڕبڕەی پشتی خوراوە، لـه مـانگی ئۆكتۆبـەری هـەمان سالدا نەشـتـەرگەرییەكیان بـه سـێ سـەعات بـۆ كردبـوو، تێیـدا پارچـه كانزایـەكیان بـۆ بـەهێزكردنی پشـتی دانـابوو، سـەرەتا شـتـەكان هـەموو باش بوون، بەلام له رۆژی سێیەمیدا هەستی به ژانێكی دژوار كردبـوو، ژانەكــه كوشــندە دەبێــت هــەتا دەرمانــەكانی ئارامكردنــەوەكانیش سوودیان نـەبوو، بۆیـه كەنـەدی دەبوورێتـەوەو لـه مـانگی نۆڤەمبـەری سالی ١٩٥٥ نەشتەرگەرییەكی تری بۆ دەكەن، تا پارچە كانزاكەو بورغی نەشتەرگەرییەكەی بۆ دەربهێـنن، چـونكە ئـەوەیان ئـازاری زۆری داوەو هەراسـانی كردبـوو، هاولاتیـانی ماساتیوشـیش دەیـانزانی كەنــەدی نەشـتەرگەری پشـتی بـۆ كـراوە، بـەلام نەیانـدەزانی كەنـەدی نەخۆشـی ئەدیسۆنیشی هەیە.

تاقیکردنەوەی ئازایەتی

ئەنجامـدانی دوو نەشـتەرگەری بـۆ پشـتی کەنـەدی، ئازایـەتیو خۆڕاگری ئەوی دەگەیانـد، بـەرگریو ورەی بـەرزی ئـەو کەسانە بۆتـە ئەزموونێك بۆ سازکردنی کتێبێك لەسەر کەسایەتییە مێژووییـەکان، کـە لـە ژیانیانـدا ئازایـەتییان نوانـدووە، ئـەوەی تۆمـاری نەخۆشـیو بوارەکانی چارەسەرییەکانی ئـەو بزانێـت، زۆرتـر بـە کەنـەدی سەرسام دەبێت. کە ئەمریکییەکان دەنگیان بە کەنەدی دابوو، هەر ئەوەندەیان دەزانی کەوا دەنگیان بـە گـەنجێکی تەندروسـتی باشو سـەلامەت داوە. کە لە ڕۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لـە دیمانـە تەلەفزیۆنییەکانـدا ڕووبـەڕووی ریتشـارد نیکسـۆن دەبێتـەوە، ئـەو وەك گـەنجێکی فـۆرم جوانو تەندروستو بە ورە، لە رووی نیکسۆنی ماندو دەوەستا، کە بـە ردێنی نیو تاشراو ئارەقەی لێ دەتکا دەردەکەوت. لە ماوەی هەڵبژاردنە سـەرەتاییەکانی حیزبـی دیموکراسـیو هەڵبژاردنـەکانی سـەرۆکایەتی ساڵی ١٩٦٠، دۆسـتو هەڤاڵەکانی نکۆڵی ئـەومیان دەکـرد کـەوا کەنـەدی نەخۆشـی ئەدیسـۆنی هەیـە، هۆکارەکـەش روونو ئاشـکرابوو کـەوا کەنەدی خۆی نکۆڵی لە نەخۆشییەکەی دەکرد.

لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠ داو لە پاش هەڵبژدنەکەی سـەرۆکایەتی رۆبرت کەنەدی رازی دەبێت تەنها کەمێك زانیاری لەسـەر تەندروسـتی سەرۆکە هەڵبژێردراوەکە بدات. لە ژمارەی مانگی نۆڤەمبـەری گۆڤـاری TODAYS HEALTH وتارێك لەلایـەن (جانیـت ترافیـل)و (یـوجین کۆهین) لەسـەر نەخۆشی ئەدیسـۆن بڵاودەبێتـەوە، ئـەوەش هێمایـەك دەبێت بۆ نەخۆشییەکەی سەرۆك، بـەڵام ئـەو دوو نووسـەرە دەبووایە

چل ساڵ چاوەڕوانیان کردبووایە تا راستییەکانی تەندروستی سەرۆکیان بە هەموو وردەکارییەکانەوە بزانن. هێشتنەوەی نهێنییەکانی نەخۆشییەکەی ئەو تەنها بۆ هاوڵاتیانی ئەمریکی نەبوودو بەس، بەڵکو ئەوەندە نهێنی بووە کەسە نزیکەکانی، یاریدەرەکانیشی وردەکارییەکانی نەخۆشییەکەی ئەویان نەدەزانی، بازنەیەکی سنووردار لە دکتۆرەکان و هاوسەرەکەی و رۆبرتی برای و باوکی دەیزانی کەوا ئەو نەخۆشەو چۆن و چ دەرمانێك وەردەگرێت. ژنێکی دکتۆر بە ناوی (ترافیل) دەچێتە ناو کۆشکی سپی و دەبێتە دکتۆری تایبەتی سەرۆك، ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی، کەوا رۆژێکیان سەرۆك بە منی وتبوو، کەوا نووسەری پەیامەکانم و کەسە نزیکەکەم (تید سورنسین) تاکە کەسە هەموو شتێك لەسەر نەخۆشیەکەم دەزانێت. بۆیەش سەرۆك بە دکتۆرەکەی وتووە، بۆ پرسیارکردن لەسەر نەخۆشیەکەم دەکرێ پرسیار لەو کەسە بکرێت، تەنها ئەو هەموو وردەکارییەکانم دەزانێت.

دکتۆر ترافیل دەڵێت تا مردنی سەرۆك هەموو وردەکارییەکانی نەخۆشییەکەی بەنهێنی ماوەتەوە. دکتۆرەکەی دەرمانی پرۆکاینی PROCAINE بۆ دەنووسی، ئەو دەرمانەش کاردانەوەی نەگەتیڤی لە سەر تەرکیزکردن وماندبوون و گۆڕانی مەزاج و دوودڵی و لاوازی و نیگەرانی و هیلاك بوون هەبوو، ئەوانەش هەموو لە رەوش و رۆژانەی سەرەتایی سەرۆکی لە کاتی بەڕێوەبردنەکە دیاربوون. سەرۆك بۆ کەمکردنەوەی ژانەپشتەکەی رۆژانە پێنج جار بە ئاوی گەرم خۆی دەشووشت و کورسییەکی تایبەتیشی بەکارهێناوە، بێجگە لەوانەش

دەرزی PROCAINE رۆژانـە سێ هـەتا شـەش لـە خـوارەوەی پشـتی خۆی داوە. لە ناو تۆمارەکانی دکتۆر تراڤیلدا نووسراوە کەوا سەرۆك کێشـەو ژانـی لـە گـەدەو قۆلـۆنو پرۆسـتاتو تـای زۆرو وشـکبوونەوە Abscesses و خەوزڕانـدنو بەرزبوونـەوەی کۆلسـترۆڵی خـوێن، ئەوانـەو ژانەپشـتی زۆریشـی هـەبووە. کەنـەدی بـۆ چارەسـەرییەکان دەرمانی زۆر وەرگرتووە، دەکرێ بگوترێ ئەو دەرمانانە رۆڵی هـەبووە لەسەر بڕیارەکانی ئەو لەسەر قەیرانەکەی دورگـەی بـەرازەکان...؟ بـۆ چارەسەری ئەو لە نەخۆشی ئەدیسۆن TESTOSTERONC دەرمـانی وەرگرتووە، ئـەوەش هەنـدێ جار سەرۆکی بـەرەو تونـدکاریو هەسـتی دژواریو دوژمنایەتی بردووە.

لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی کـاتی پەلامارەکـەی دورگەکـە، کەنـەدی رەوشی هیلاك بووە، رەوشی ئەوەندە ماندوو دەبێت دکتۆرەکان ناتوانن بڕیـار بـدەن کـەمێکی گونجـاوی لـە سـتیرویدو تسنوسـترۆن بدەنـە نەخۆشەکەیان. کەنەدی هەر لـە سـاڵی ١٩٤٠ ەوە دەرمـانی بـۆ نەخۆشـی میزڵدانیش وەرگرتـووە. کـە بـە فـەرمانی ئـەو پەلامارەکەی کوبـا لـە رۆژانـی ١٧و ١٨ ی ئـەپریلی سـاڵی ١٩٦١ دەکرێـت، دەبـێ شکسـتەکە چ کاریگەری لەسەر تەندروستی هەبووبێت...؟

لێکهەڵوەشانەوەکە

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی سەرەوەمان دەڵێین، ئەو لە ئەنجامی ئەو رووداوەو هەرەسەکە، تووشی رەشانەوەیەکی زۆرو هەوکردنی میزڵدان بووە، لە کاتی رووداوەکەش سەرۆك دەرمانی زۆری وەرگرتووە. لە رۆژی دواتر وەزیر (شیستر باولز) بەشداری لە دانیشتنی حکومەت بە سەرۆکایەتی سەرۆك دەکات، لەوێ سەرۆکی دیوە کە بە یەکجاری لێکهەڵوەشاوەتەوە. ئەوەدەمانە ئەو قسەی هەموویانی بە بێ مانا دەربڕیوە، قسەی لەبەرخۆی کردووە، لە قەیرانەکە خەوی لێ نەکەوتووەو تەنگژەکەی زۆر مەزن بووەو دەکرێ بڵێین توندترین قەیران و نارەحەتیەکانی ئەو بووە، بەردەوامیش لەگەڵ باوکی بە تەلەفۆن قسەی کردووە، ئەوەشیان لە کەسێکی سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکان نەدەوەشایەوە.

لە بەڵگەنامەکانی پنتاگۆندا دیارە کەوا سەرۆك کەنەدی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی رەزامەندی لەسەر هەنگاوە نهێنییەکانی ڤێتنام دەربڕیوەو بۆیە هێزە تایبەتییەکان لە پاش چەند هەفتەیەك لە ڤێتنامی باشوور دەکشێنەوە، هەندێك رایان وایە لەوەدەمانەوە بڕیارە ترسناکەکە دەردەچێت و شەڕەکە لە ڤێتنام گەرم دەبێت. سەرۆك لە رۆژی پێشتر کاری سێکسیشی لەگەڵ یەکێك لە دۆستەکانی لە شیکاگۆ کردووە، ئەگەرچی ئەو لە رووی جەستەیی و عاتفییەوە بە هیچ شێوەیەك ئامادەیی لەسەر بڕیارەکان نەبووە.

بەشی یازدەهەم

ئەو دکتۆرەی چارەسەری کەنەدی دەکرد،
مۆڵەتی کاری نەمابوو

لە ماوەی مانگی مایۆی ساڵی ١٩٦١ دووبارە کەنەدی لە لای دکتۆر (ماکس جاکویسون) چارەسەر وەردەگرێتەوە، کە لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا سەردانی دەکرد، ماکس دکتۆرێکی ئاسایی نەبوو، ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە لە کلینکی خۆی لە نیویۆرک چارەسەری کەسە ناودارەکان و دەوڵەمەندەکانی دەکرد، ئەوانەی دەیانویست وزەو تاقەتی سێکسییان بزانن، تێبگەن هەر گەنج ماون یان پێویستیان بە داوو دەرمان هەیە...!

دکتۆرەکە بەپێی چەندین راپۆرت هەر لە ساڵی ١٩٧٥ ەوە مۆڵەتەکەی لێ وەرگیراوەتەوەو بەوەش تاوانبارکراوە کە دەرزی قەدەغەکراوی لە نەخۆشەکانی داوە، بەلاَم ئەوەش ئاشکرا نەکراوە کە سەرۆك کەنەدی تەنها لە ساڵی ١٩٧٢ لەلای دکتۆر جاکوسون چارەسەرکراوە، ئەوەش لە وتارێکی رۆژنامەی نیویۆرك تایمزەوە هاتووە. ئەگەرچی کەسە نزیکەکان لە سەرۆك کەنەدی نکوڵی لەو هەواڵە دەکەن، بەلاَم کە (رۆبرت والیك) لە ساڵی ٢٠٠٢ ژیاننامەی ئەو بلاَودەکاتەوە، نووسیویەتی، کەوا سەرۆك کەنەدی لەلای ئەو دکتۆرە دەرزی ئارامکردنەوەی لێدراوە، ئەوەشی لە ناو راپۆرتە نهێنییەکانی ناو تۆمارەکانی نەخۆشخانەکانەوە دەرهێناوە.

سەرۆك لە ماسولکەکانی ئاسوودەیە

لەناو بیرەوەریەکانی دکتۆر جاکویسون، کە بلاّونەکراوەتەوە بەشێکی تەرخانە بۆ تەندروستی سەرۆك کەنەدی، لەوێ دیارە کەوا دکتۆرەکە پێشەنگی چارەسەریەکانی نیگەران‌و هیلاکبوونی ئەو بووە، لە پاش ئەوەی کەنەدی بۆ جاری یەکەم لە کلینکەکەی خۆیدا لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٠سەردانی ئەو دکتۆرە دەکات، لەوێ دکتۆرەکە دڵنیای دەکاتەوە کەوا ماسولکەکانی بەهێزن، بەوەش هەست بە خۆشی‌و کامەرانی دەکات کە دەزانێت ماسولکەکانی بەهێز بوونەتەوە. بەڵام دکتۆرەکە باسی ئەوە ناکات چ جۆرە دەرمانێکی بە سەرۆك کەنەدی داوە، بەڵام دیارە کەوا ئەو دەرزی ئارامکردنەوەی بە نەخۆشەکانی داوە، بەتایبەتی ئەو دەرمانەی بە دەستی خۆی سازی دەکردن، کە ناوی نابوو (ئێکس ئا ئێم) کە بریتییە لە تێکەڵەیەك لە ئارامکردنەوەو سیترۆید. دکتۆر جاکویسون باسی ئەوە ناکات کە ئەو جۆرە دەرمانەی بە کەنەدی داوە، ئەگەرچی ئەوەیان زۆر ئاساییە.

ئێف بی ئای دەرمانەکە دەدۆزێتەوە

سەرۆك کەنەدی لە نێوان رۆژانی ١٦ تا ١٨ ی مایۆی ساڵی ١٩٦١ سەردانی کەنەدای کردووە، کە بۆ چاندنی نەمامێك، زەوی کۆڵیوەو ژانەپشتی تووش بووە، بەڵام ترافیل باسی ئەو ژانەی نەکردووە، تەنها

ئاماژەی بەوە داوە کەوا سەرۆك ماندووە، ڕەنگە ئەو بۆ چارەسەریش دەرمانیشی وەرگرتبێت، بەڵام بە ڕەسمی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەو چارەسەرییە نەداوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ڕاپۆرتانە نەدۆزرابنەوە. دکتۆر جاکویسون نووسیویەتی کەوا ئەو هاوسەری سەرۆکیشی چارەسەرکردووەو سەرۆکیش لە کەنەدا داری چاندووە ژانەپشتی بەهێزی تووش بووە، بۆ کەمکردنەوەی ژانەکەو گونجانی هێزو وزەی لەگەڵ ماندبوون ئامۆژگاریو چارەسەری کردووە، بەوەش پێویستی بە دەرمانی ئارامکردنەوەو سیروید هەبووە، دەڵێن ئێف بی ئای پێنج شووشە دەرمانی لەناو کۆشکی سپی دۆزیوەتەوە، پاش ئەوەی شووشەکان پشکێنراون دەرکەوتووە لەناو شووشەکاندا ئاوێتەی ئارامکەرەوەو ستیرویدیان تێدابووە. پاش ئەوەی لە مانگی مایۆی ساڵی ١٩٦١ سەرۆك کەنەدی چارەسەرییەکان وەردەگرێت دەتوانێت بڕوات، بە قسەی دکتۆر جاکویسون سەرۆك وتبووی هەستدەکەم تەندروستیم باشەو داوای لێکردووە لە هەفتەی داهاتوو بە یەکەوە سەفەرێکی ئەورووپی بکەن، لە ڕاپۆرتەکانەوە دیارە کەوا کاتی ڕوودانی پەلامارەکەی دورگەی بەرازەکان ئەو هیچ جۆرە دەرمانێکی وەرنەگرتووە، بەڵام ڕەنگە لە کاتی کۆنگرە لووتکەییەکەی لەگەڵ خرۆشوف، یان پاش کۆنگرەکە، یان دوو هەفتە پێش قەیرانەکە دەرمانی وەرگرتبێت. ئەوەی شایانی باسە لە تێبینییەکانی ترافیلیدا ، بە هیچ شێوەیەك ناوی دکتۆرەکەو دەرمانەکان نەهاتووە.

نیگەرانییەکی زۆر

لـە هـاوینی سـاڵی ١٩٦٢ەوە رۆبـرت کەنـەدی بـرای سـەرۆك لـە پەیوەندییەکەی کەنـەدی بـە دکتـۆر جاکویسون زۆر نیگـەران دەبێـت، بۆیـە داوا لـە ئێـف بـی ئـای دەکات ئـەو دەرمانانـەی کـە لەلایـەن ئـەو دکتـۆرەوە دەدرێتـە براکـەی تـەحلیل بکـەن، پـاش ئـەوەی دەرمانەکـە تەحلیل دەکەن، رازی دەبن تا پایزی ساڵی ١٩٦٢ ئەو دەرمانە وەرگرێـت، بۆیە دکتۆرەکە دەرمانە ئارامکەرەوەکانو ستیرونی بـە بـەردەوامی بـە کەنەدی داوە، بەتایبەتی کە لە سەفەرەکەی ئەوروپا هاوشانی بـووە لـە پاریسو ڤییەناو لەندەن، ئەوەش ببـووە جێگـەی نیگـەرانیو نـاڕەزایی دکتۆرەکانی ناو کۆشکی سپی. ناڕەزاییو نیگەرانییـەکان سـەبارەت بـە چارەسـەریەکانی جاکویسـون، بـە هـیچ شـێوەیەك کـاری لـە کەنـەدی نەکردووە.

پرسیارێکی گرنگ

سـەبارەت بـە مەسـەلەی پرسیارە گرنگەکـەش ئەوەیـە، ئایا ئـەو چارەسـەریە سـەرکەوتوو بـوو...؟ هـەموو نیشـانەو بەڵگـەکان ئـەوە دەسەلمێنن کەوا دەرمانەکان و بۆچوونەکانی کەنەدی لـە کۆبوونـەوەی لووتکـەیی لەگـەڵ خروشـۆف، رۆڵـی خراپـان هـەبووەو شکسـتیان بـەو داوە. تـەنها یـەك دکتـۆر سەرپەرشـتی رەوشـی تەندروسـتی کەنـەدی نـەکردووە. قسـەیەك لەسـەر کەنـەدی هەیـە، کـەوا سـەرۆك کەنـەدی

چەند شەیدای زۆری ژنان بووە، ئەوەندەش شەیدای زۆری دکتۆرەکانیش بووە، ئەگەر ئەو قسەیەش راست بێت. جاکویسۆن دەڵێت، بەیانییەکیان سەردانی سەرۆك کەنەدیم دەکرد، کە چووم بینیم شووشەیەك دەرمانی دیمبرولی لە پێشە، کە ئەوەش جۆرێکە لە مۆرفین، ئەوەشم لە ناو گەرماوەکەی ئەو دۆزیوەتەوە، دیارە سەرۆك خۆی ئەو دەرزییەی لە خۆی داوە، دکتۆر جاکویسۆنیش زۆر دژی ئەوەبووە کە ئەو جۆرە دەرمانانە بەکاربهێنێت، بەڵام کەس زانیاری ئەوەی نییە کە سەرۆك چەند خووی بە دەرمانی دیمبرول گرتبێت، یان دەرمانی تری لەو جۆرەی وەرگرتبێت.

دەڵێن سەرۆك کەنەدی لەسەر داوای خۆی‌و پێش کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرۆکی سۆڤیەتی نیکیتا خرۆشۆف بۆ کەمکردنەوەی ژانەپشتی تا بتوانێت چوار سەعات خۆی راگرێت، ئەو دەرمانەی وەرگرتووە، بۆیەش کەنەدی داوای لە دکتۆر جاکویسۆن کردبوو لە کاتی ئامادەبوونی لە ئاهەنگێکی مۆزیکی لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦١ لە کۆشکی سپی هەمان چارەسەرییەکەی ڤییەنای بداتێ. کە لە کۆبوونەوەکەی ڤییەنا تەواو دەبێت یەکسەر کەنەدی بەرەو لەندەن بەرێ دەکەوێت تا لەوێ لەگەڵ سەرۆك وەزیران هارۆلد ماکمیلان کۆبێتەوە، لەوێش بە قسەی دکتۆر جاکویسۆن ئەو دەرمانەی کە پێش کۆبوونەوەکە وەرگرتووە، لە ماڵی مێردی خوشکی جاکی کەنەدی ماوەتەوە کە دەکاتە شازادە ستانسلۆ رادزویل، بۆ بەیانییەکەی کەنەدی بە فڕۆکەیەکی سەرۆکایەتی دەگەڕێتەوە واشنتۆن، دکتۆرەکە لە سەر پشتی فڕۆکەکە دەرزییەك لە سەرۆك دەدات.

ئەو بەبێ ژن چۆن دەگوزەرێنێت...؟!

لە یەکەم دانیشتنی کۆبوونەوەکەدا ماکمیلان هەستیکردبوو کەنەدی ژانەپشتی هەیەو ماندوو دەبێت، بۆیە ماوەیەك کۆبوونەوەکە رادەگرێت، لە ژوورێکی ئاساییدا دەمێنێتەوەو قسەی سادەو لاو... دەکەن، تا سەرۆك پشوویەك بدات، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کەس ... بەوە نەکات کەوا میوانەکەیان باری تەندروستی باش نییە، بەیەکەوە لە سەعات یازدەو نیوی بەیانییەوە تا سەعات سێی نیوەشەو سەندەویش‌و ویسکی دەخۆنەوە، لەوێ کەنەدی بە هاوڕێیەکەی وتبوو، کەوا سەرۆکی سۆڤیەتی چەند قسە لە رووە. ئەگەرچی ئەو دوو سەرکردەیە لە تەمەندا زۆر جیاوازبوون، هەڵوێستەکانیان لە یەکتریش جیاوازبوون، بەڵام کەنەدی‌و ماکمیلان زۆر هاوڕێ بوون، باسی زۆر مەسەلەیان کردووە، تا گەیشتۆتە بابەتی ژنیش، بۆیە رۆژێکیان لە ماکمیلانی پرسیوە، من تێناگەم چۆن تۆ بێ ژن دەحەوێیتەوە، من ئەگەر سێ رۆژ بێ ژن بم ژانەسەر دەمگرێت. رۆژێکیان خروشۆف بە شێوە هۆڤیانەکەی خۆی وتبووی:

بەرلین بۆ خۆرئاوا وەك گون وا بوو، هەر دەمێ خۆرئاواییەکان ویستیان هاوار بکەن، ئێمە دەیگوشین.

بەڵام لە بەڵگەنامەکاندا وادیارە خروشۆف (١٧ی ئەپریلی ١٨٩٤ ـ ١١ی سێپتەمبەری ١٩٧١) مەبەستی شەڕ نەبووەو حەزی بە نائارامی نەکردووە، بەڵکو ئارامی ئەوروپای ویستوە تا دان بە کۆماری ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا بنێن. کۆبوونەوەی لووتکەیی نێوان کەنەدی‌و خروشۆف لە ڤییەنا خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ سەرۆکی ئەمریکی، پاش

قەیرانەکەی دورگەی بەرازەکان کەنەدی گلەیی لە کەسانی تر دەکرد، بەڵام پاش ئەو کۆبوونەوەیە هەستیکردبوو ئەو هەڵەی کردووەو کەسی تر دەستی لەو قەیران و تەنگژەیەدا نییە، خۆی تەنها بەرپرسە. کەنەدی بەشانازییەوە دەیگوت من سروش لە ئەبراهام لینکۆڵن وەردەگرم، کە وتوویەتی:

من دەزانم خودا هەیەو بەر لە زریان هەڵکردن من هەستی پێدەکەم، ئەگەر بوارێکم دەستکەوت من ڕووبەڕووی دەبمەوەو بەربەرکانێی دەکەم.

بەڵام کەنەدی نەیتوانی بە ڕووی ئەو باهۆزە بوەستێت کە لە هاوینی ساڵی ١٩٦١ هەڵیکردبوو، لە ڕووی هۆش و جەستەش ئامادەیی تێدا نەبوو، کە دەرزییەکانی دکتۆر جاکۆبسۆنیشی وەردەگرت مەبەستی هەبووە.

خوگرتن بە مادده سڕکەرەکانەوە

کۆشکی سپی دانی بەوەدا نابوو کە کەنەدی ژانەپشتی هەبووە، بۆیەش لە ڕۆژی ٨ ی یونیۆدا ڕایگەیاندبوو کەوا سەرۆك بۆ پشوودان و حەوانەوە دەچێتە پالم بیتش لە فلۆریدا، بەڵام باسی ئەوەیان نەکردبوو چ جۆرە چارەسەرییەکی دەدەنێ، بۆیەش سەرۆك تا ڕۆژی ١٢ ی مانگی یونیۆ هیچ کارێکی ڕەسمی نەکردووە، لە ڕۆژی ١٦ ی مانگی یونیۆدا سەرۆك گەڕاوەتەوە کۆشکی سپی، بەڵام بۆی نەدەکرا بەسەر

پەیژەکانــدا ســەربکەوێت، تــا بگاتــە نــاو نووســینگە هێلکەییەکــە، ســـەرۆکیان بـــە بەرزکەرەوەمیـــەکی چـــاکردنەوەی ماکیتـــەی فرۆکـــە بەرزکردەوە.

خورانی قوورگ

لە رۆژی ٢٠ ی یونیۆدا سەرۆك هەستیکردووە قوورگی ژان دەکات، ترافیل لە رۆژی ٢٢ی ئەو مانگەدا وتبووی رەوشی سـەرۆك زۆر خـراپ بوو، ئەو رۆژە لـە رۆژە ناخۆشـەکانی ئـەو بـوو لـە نـاو کۆشـکی سـپیدا، پلەی گـەرمیی جەسـتەی زۆر بەرزدەبێتـەوە، بـۆ چارەسـەرییش چـەند دەرزی پەنسلینیان لێداوەو گەرماوێکی ساردیان بۆی کردووە.

ژان و خەواڵوو بوون

لە مانگی ئۆگۆستی ساڵی ١٩٦١ کەنەدی هەست دەکات ژانـی زۆرەو بەردەوام خەواڵوو دەبێت، بۆیە دکتۆر ترافیل دەرزی پرۆکاینی لێداوە، رۆژانــە پێــنج تــا شــەش دەرزی وەرگرتــووە، لەگــەڵ ئەوەشـدا دەرزی ئارامکردنەوەکـەی دکتـۆر جاکویسۆنیشـی وەرگرتـووە، ئـەو وتبـووی کەوایـــە رۆژی ٢٨ی ئۆگۆســـت لـــە ماساشوشـــتس دەمێنێتـــەوەو بـــە

ڕێکه‌وتیش ده‌گاته سه‌رۆك له شاری هایانیس، ده‌ڵێ که سه‌رۆکم بینی، هه‌ستمکرد تووڕه‌یه‌و که چاره‌سه‌رم کردووه نارام بۆته‌وه، بۆ جاری دووه‌میش له ڕۆژانی ١٨و ١٩ ی مانگی سپته‌مبه‌ر ئه‌و ده‌چێته‌وه نیویۆرك، له ڕۆژی ٢٥ ی سپته‌مبه‌ردا پێش ئه‌وه‌ی وتاره‌که‌ی له نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان پێشکه‌ش بکات که‌نه‌دی هه‌ست ده‌کات قوڕگی هه‌وی کردووه.

حاڵه‌تێکی ترسناك

له پایزی ساڵی ١٩٦١ ڕه‌وشی خراپ ده‌بێت، دکتۆره‌که‌ی هێزه ده‌ریاوانییه‌که (جۆرج بیرکل) ده‌ڵێت: زۆر ناخایه‌نێت سه‌رۆك له پێ ده‌که‌وێت، بۆی ناکرێت ئه‌و به پێیان بڕوات‌و ناچاریش ده‌بین کورسی بۆ دابنێین، به‌ڵام ئه‌و ڕه‌وشه‌و ڕاستی هه‌واڵی ته‌ندروستی سه‌رۆك هه‌مووی له چاوی میدیاکان ده‌شارنه‌وه. هه‌ردوو دکتۆر بیرکلی‌و کۆهین دوا ده‌رفه‌تیان بۆ ترافیل دانابوو، که‌وا چیتر دکتۆر هانس کراوسی پسپۆڕ له نه‌خۆشییه‌کانی پشت پشکنین چاره‌سه‌ری نه‌کات، ئه‌وان خۆیان ڕاسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ سه‌رۆك قسه ده‌که‌ن، چونکه هه‌ردووکیان هه‌ستیان به‌وه کردبوو که‌وا ته‌ندروستی سه‌رۆك به‌ره‌و شپرزه‌یی ده‌ڕوات، ئه‌گه‌ر به‌و شێوه‌یه بڕوات ته‌نها ئه‌وه‌ی بۆ ده‌مێنێته‌وه به ده‌رمانه‌کان بژیت‌و ژیانی سنووردار ده‌بێت.

تەنها میدیا نەبێت

سەرەتا ترافیل ویستبووی رێگا نەدات کراوس بانگ بکرێت، ئەو وتبووی سەرۆك ناخوازێت چیتر دکتۆری تر بهێننە ناو کۆشکی سپی، ئەو قسەیەش سەرنجی میدیای راکێشابوو، رەنگە کراوس هاتبوایە ئەو لەو کارە دوور دەخرایەوە، کە لە رۆژی ١٧ ی ئوکتۆبەر کراوس لەو نزیك کراوەتەوە، پێگەی ترافیل و کارەکەی شلۆق بووەو ناوی ئەو کەمتر هاتووە. پاش ئەو ژنە دکتۆرە لە ساڵی ١٩٦١ دکتۆر بیرکلی دەبێتە ئەندامێکی تیمی چارەسەری ئەو لە کۆشکی سپی، ئەگەرچی ئەو گۆڕانە سەرەتا باس نەکرا، بەڵام ترافیل وەك ئەندامێکی تیمی تەندروستی سەرۆك دەمێنێتەوە. کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦١ دەرمان و چارەسەریەکانی کەنەدی کەم دەکرێتەوە هەستدەکرێت رەوشی باشتر دەبێت، باشترو وردتر بیردەکاتەوەو بڕیارەکانی بەئاراستەتر دەبن، دەبوایە زووتر دەرمانەکانی ئەو نەخۆشە کۆنترۆڵ بکرێت، بەرنامەی چارەسەرییەکەی سەرچاوەکانی یەك بخرێت، لە هەمان مانگدا سەرۆك کۆرسێکی چارەسەری ژانەپشت وەردەگرێت، کەواتە ساڵێك پێش قەیرانەکەی مووشەکەکانی کوبا، لەو کۆرسەدا سوودی زۆر دەبینێت.

ماسولکە لاوازەکان

کە دکتۆرەکان چارەسەری پشتی سەرۆکیان دەکردو ئەنجامی باشی لێدەکەوتەوەو لەکاتی قەیرانی مووشەکەکاندا باش بوو، لە رۆژی ۱۷ی ئوکتۆبەردا دکتۆر هانس کلاوس سەرۆك دەپشکنێت دەبینێ ماسولکەکانی پشتی سەرۆك لاوازن، ماسولکەکانی هەردوو قاچەکانیشی لاوازن.

تارمایی ئیفلیجبوون

دکتۆرەکەی کەنەدی بە روونی بە سەرۆك دەبێژێت ئەگەر هەفتانەو بەردەوام پێنج رۆژ راهێنانی وەرزشی نەکەیت ئەوە دووچاری ئیفلیجبوون دەبیت، کە دکتۆرێکی نوێ دەگاتە ناو کۆشکی سپی، سەرۆك لەوە دەترسێت میدیاکان لە راستی نەخۆشیەکانی ئەو تێبگەن. لەو دەمانەش رێکدەکەون لەسەر ئەوەی دکتۆر کراوس بۆ سەرپەرشتیکردنی راهێنانەکانی سەرۆك بێتە کۆشکی سپی، تا هیچ چرپەو پروپاگەندەش لە کۆشکەوە دەرنەچێت، رێورەسمی زۆر وریایانە دادەنێن تا قسەکانی ناو کۆشك دەرنەچێت، ناچار دەبن گوێ لە ناخاوتنەکانی دکتۆرەکەش رابگرن، کۆشکی سپی زۆر گومان لە دەزگای ئێف بی ئای دەکات، کە بەردەوام دەیویست راستی رەوشی سەرۆك تێبگات. کراوس ۳۳ جار لە ماوەی چل هەفتەو لە نێوان رۆژی

١٧ ی ئوکتۆبەرو ٢٤ ی یەنایەری ساڵی ١٩٦٢دا سەردانی کۆشکی سپی کردووە، ئەو مەساجی بە پشتی سەرۆك کردووەو لەبەر رۆشنایی‌و ئاگاداری ترافیلەوە دەرمانیشی پێداوەو حوقنەی لێداوە، بەڵام سەرۆك حوقنەکانی پێ خۆش نەبووەو بەباشی نەزانیوە. مەساجی بە ئاوی گەرم‌و راهێنانەکان دەرخستەی باشی هەبووە، بەڵام کە سەرۆك لە شەوی جەژنەکانی میلادی ساڵی ١٩٦١ کە لە پالم بیتش بووە ژانی زۆری هەبووە، دووبارە ناکۆکیەکانی نێوان کراوس‌و ترافیل سەر هەڵدەداتەوە، کە ترافیل لە دانیشتنێکی دەستەی پزیشکەکان ئەوی بانگ نەکردووە، بۆیەش کراوس راستەوخۆ قسەی لەگەڵ سەرۆك کردووە، لەوێ هەڕەشە دەکات ئەگەر ئەو ژنە دکتۆرە زۆر دەست لە کاروبارەکانی وەربدات، ئەو دەست لەکار دەکێشێتەوە، سەرۆکیش رەزامەندی لەسەر داواکەی ئەو دەکات. کە ترافیل حوقنەیەکی ئارامکردنەوە لە سەرۆك دەدات بێ رەزامەندی‌و ئاگاداری کراوس، ئەو یەکسەر دەگاتە سەرۆك‌و هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی لێ دەکات ئەگەر جارێکی تر ترافیل بەبێ ئاگاداری ئەو حوقنەی لێ بدات، سەرۆکیش بەڵێن دەدات ئەوە دووبارە نەکاتەوە.

مانگه خۆشه‌كان

لــه مــانگی یه‌نایــه‌ری ســاڵی ١٩٦٢ ته‌ندروســتی كه‌نــه‌دی بــه‌ره‌و چاكبوونه‌وه ده‌چوو، ئه‌و مانگه‌ی ژیانی سه‌رۆك باشترین ماوه‌ی ژیانی بوو، له كۆتایی ئه‌و مانگه‌دا هه‌ردوو دكتۆر كراوس‌و كۆهین وتبوویان له‌وه‌تــه‌ی ئێمــه هاتووینه‌تــه نــاو كۆشكی سپی، هه‌ست ده‌كه‌ین ژیانی كه‌نــه‌دی هــه‌رگیز وا خــۆش نــه‌بووه، لــه مــانگی ئــه‌پریلیش وتبویــان ته‌ندروستی ئه‌و نایابه، له مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٢و پاش چه‌ندین پشكنین دكتۆری ئێسك دكتۆر ویدو كراوس وتبوویان ئه‌نجامه‌كان ئیجابین. له گه‌ڵ هاتنی مانگی مایۆی ساڵی ١٩٦٢دا ده‌یانویست دكتۆر ماكس جاكویسۆن له سه‌رۆك دووربخه‌نه‌وه.

لــه مــانگی نۆڤه‌مبــه‌ری ساڵی ١٩٦١دا كۆهین نامه‌یه‌ك بۆ سه‌رۆك ده‌نووسێت‌و هوشیاری ده‌كاته‌وه كه‌وا ده‌رزییه ئارامكه‌ره‌وه‌كانی دكتۆر جاكویسۆن ترسناكه‌و بۆ ته‌ندروستی خراپه، به‌ڵام كه‌نه‌دی گوێ له‌و قسانه راناگرێت، له‌ناو تۆماری سه‌ردانه‌كانی كۆشكی سپیدا دیاره كه‌وا تا ئه‌و كاته‌ی له مانگی یونیۆی ساڵی ١٩٦٢ سه‌ردانه‌ی جاكویسۆن راده‌گیرێت، ئه‌و ٣٤ جار سه‌ردانی كۆشكی سپی كردووه. جاكویسۆن ده‌بێژێت ئه‌و له كاتی قه‌یرانه‌كه‌ی مووشه‌كه كوبییه‌كان به‌رده‌وام سه‌ردانی سه‌رۆكی كردووه، دكتۆر كراوسیش سه‌رۆكی له ده‌رزییه‌كانی جاكویسۆن ئاگاداركردۆته‌وه. به‌وه‌ش دیاره كه‌وا سه‌رۆك به‌رده‌وام رێنماییی‌و ده‌رمانه‌كانی جاكویسۆنی به‌كارهێناوه، به‌ڵام بۆ كه‌س ئاشكرا نییه ده‌رمانه‌كان چه‌ندن، به‌ڵام ده‌ركه‌وتووه كه‌وا سه‌رۆك كه‌نه‌دی به شێوه‌یه‌ك له شێوه‌كان هوشیاركردنه‌وه‌كانی كراوسی به هه‌ند وه‌رگرتووه.

بەختیاری

بەو شێوەیە سەردان‌و چارەسەریەکانی جاکویسۆن تا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو، لە وێنەیەکدا دیارە کەوا دکتۆر جاکویسۆن لە دیار سەرۆك کەنەدی دانیشتووە کە لە فبرایەری ساڵی ١٩٦٣ لە پالم بیتش گیراوە. ئەگەرچی ئەو دکتۆرە لە رۆژی ٢ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٣و لە یونیۆی هەمان ساڵدا سەرۆکی بینیوە، بەڵام بەڵگەیەك نییە کەوا سەرۆك دەرزی ئارامکردنەوەی لێ درابێت، بەڵام کە سەرۆك ژانی زۆر دژواربووە ئەو دەرزیانەی وەرگرتووە. کە لە رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر قەیرانی مووشەکە کوبایەکان پەیدا دەبێت، سەرۆك بەوە بەختیار بووە کەوا ژانەپشتی باشبووەو ئامادەیی بەرگری‌و رووبەڕووبوونەوەی هەیە، بەڵام وەنەبێت تەندروستی باش بووبێت‌و نەخۆشی تری نەبووبێت، وەك نەخۆشیەکانی میزەڵدان‌و ئەدیسۆنی هەر هەبووە، بۆیە لەو ماوەیەشدا دەرمانی ئارامبوونەوەی وەرگرتووە. لە رۆژی دەی مانگی نۆڤەمبەرەوە دەرمانی لەسەر پێشنیاری دکتۆرەکان لە کاتی پێویست وەرگرتووە، بەڵام کە حەساسیەی زۆرتربووە دەرمانەکانی گۆڕیوە، جا ئەو دەرمانانە لەلایەن دکتۆر جاکویسۆنەوە بووە یان دکتۆرەکانی ترەوە. لە کاتی قەیرانی مووشەکەکان ردوشی لە کاتی بەستنی کۆنگرەکە لەگەڵ خرۆشۆف باشتر بوو، دیارە کەوا تەندروستی وەك کاتی پەلاماردانەکەی دورگەی بەرازەکان نەبووە، کە بڕیاری سەرکەش‌و خێراو توندی زۆری دەرکردووە.

ئەگەر سەرکەشی کەنەدی لە کاروبارە سیاسیەکانیشی دووربخەینەوە، ئەوە لە رۆژانەو کارە تایبەتیەکانی دوور ناخرێتەوە،

بە تایبەتی لە وەرگرتنی حەبی هەوەس بۆ پەیوەندییە سێکسییەکانی، دیارە کەوا ئەو رەوشت و هەڵسوکەوتی سەرۆکە ئەمریکییەکان و هەتا درۆکردنیش لەو رووەوە زۆر باندۆری لەسەر کەسایەتی سەرۆکی ئەمریکی نەبووە، وەك چۆن لە کۆتایی نەوەدەکان سەرۆکی ئەمریکی بیل کلینتۆن لە پێش کۆنگریس کردبووی.

ناکرێ پەیوەندییەکانی کەنەدی بە ژنانەوە پشتگوێ بخرێت، بەتایبەتی لەگەڵ (مارلین مۆنرو) و (جودیت کامبڵ)، کە دەزانرا ئەویان هاورێ و دۆستی سەرکردەی مافیا (سام گیانکانا) یش بووە، ئەوەش بە هەڵەیەکی سیاسی کوشندەش دەزانرێت.

کە ئیدارەی کەنەدی کۆششی دەکرد تاوانی ئەو رێکخراوە بنەبڕ بکات، بەرێوەبەری دەزگای ئێف بی ئای (ئادگار هۆڤەر) سەرۆکی لەسەر پەیوەندی لەگەڵ کامبڵ ئاگادار دەکاتەوە، بەلام ئەو پەیوەندییەکەی بەو ژنەوە تا مانگی ئۆگستی ساڵی ١٩٦٢ نابرێت.

لە مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٦٣ بەرێوەبەرایەتی دەزگای ئێف بی ئای سەرۆك ئاگادار دەکاتەوە لەو ژنە دوور بکەوێتەوە کە ناوی (ئالین رومستیش) بوو، چونکە ئەو لە ئەڵمانیای خۆرهەلات گەورەبووە، بۆیە گومانی جاسووسی لەو ژنە دەکرا. بەلام ئەو ژنە چەند جارێك هاتۆتە ناو کۆشکی سپی و لە چەندین ئاهەنگی رووتبوونەوەش بەشداربووە و لەگەڵ کەنەدی سێکسیشی کردووە. کەنەدی ئەو ژنەی بە هۆی کەسێکەوە ناسیبوو کە بەردەوام ژنی بۆ ئەندامانی کۆنگرێس بۆ کاری سێکسی هێناوە، کە ناوی (بوبی بیکر) بووە. ئەگەرچی پەیوەندی کەنەدی بەو ژنانەوە کاریگەری لەسەر کەسایەتی خۆی هەبوو، لەسەر

ئاسایشی نەتـەوەیی ئـەمریکی بانـدۆری خـراپو ترسناکیشـی هـەبوو. هۆڤـەر لـەلای رۆبـرت کەنـەدی بـرای سـەرۆك لەسـەر پەیوەندییـەکانی سەرۆك بە ژنانەوە گلەیی‌و قسەی کردبـوو کـەوا پەیوەندییـەکانی ئـەو لەگەڵ رومسیتش بووە، بۆیەش هەمووڵایەك کار بۆ ئەوە دەکەن، ئـەو ژنـە لە ٢١ی ئۆگۆست بۆ ئەڵمانیای خۆرئاوا دووربخرێتەوە.

ژنەکەش وتبووی من نە جاسووسم‌و نە سەردانی کۆشکی سپیشم کردووە، ئەو درۆیەش بۆ ئەوە کراوە تا سەرۆك کەنەدی لە پۆستەکەی بمێنێتـەوە. پرسـیاریش ئەوەیـە ئایـا بـەکارهێنانی زۆری دەرمانـەکان رۆڵی هەبووە کەوا کەسایەتی ئەو پیاوە بەرەو ژنان ببـات، لـەو بـوارەدا سەرکێشی بکات، وەڵامەکەش رەنگە لە هەموو شتەکان تێکەڵ بێ.

بەشی دوازدەهەم

بۆش و بلێر لوتیان بەرزبوو

لوتبەرزیو نەزانین جۆرج بۆشیان بەرەو گیانبازی دەبرد تا کێشەو قەیرانی زۆر گەورە لەو جیهانەدا بنێتەوە، کە ناکرێ رووبەڕوویان بووەستینەوە. (ستیڤن گروبارد)

تۆنی بلێر لە پەیکەرێك دەچێت، نیوەی یولیوس قەیسەرەو نیوەکەی تری بەڕێز مەسیحە، بلێریش وەك لوید جۆرجو مارگرێت تاتشەری سیاسیەکانی پیش خۆی تێگەیشتبوو کەوا رۆڵی ناپلیۆن بگێڕێت هیچ سوودی نییە. (لۆرد مورگان)

بلێرو بۆش

ئەو شەڕەی هەردوو سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆشو سەرۆك وەزیرانی بریتانی هەڵیانگیرساندو شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ رەوشەکە، هێمای لوتبەرزییان دەگەیەنێت. ئەو زانیاریانەی لەو مەسەلانەی بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا کراوەو زانراوە هەموو وردەکاری بڕیارەکانی تێدا نییە، کە لەوێ چۆن ئەوان مامەڵەیان کردووە، بەتایبەتی هەڵسوکەوتی تایبەتی بلێر لەنێوان ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٣.

هەڵوێستو دژە هەڵوێستەکان

ئەگەرچی شەڕەکەی عێراق بە پلەی یەکەم بڕیارێکی ئەمریکی بوو، وەنەبێ لە سەر ئەو پێشهاتە بۆچوونەکانی بلێر وەرنەگیرابێت، چونکە ئەو لە مانگی مایۆی ساڵی ١٩٩٧ەوە دەسەڵاتداربووە، واتە سێ ساڵ پێش سەرۆك بۆش. کە بلێر سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن بوو لە ڕۆژی ١٥ی یولیۆی ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ ئەودا یەکەمین دەمەتەقێی زۆر گەرمیان بە یەکەوە لە ماڵەکەی ئەودا بووە، بە یەکەوە قسەمان لە سەر مەسەلە هەنووکەییەکانی بەردەم حیزبی کرێکارانی نوێی بریتانی بوو. یەکەم دانوستانمان لەسەر عێراق لە ڕۆژی ١٥ی یۆلیۆی ساڵی ١٩٩٨ لە داونینگ ستریت بوو، لەو دیمانەیەدا کتێبەکەی نووسەر (جوناپان ڕانداڵ) م پێشکەشکرد، کە لەسەر ژانو چەرمەسەری کوردەکان بە ناوی (تراژیدیای کوردان) نووسیبووی، نووسەرەکەی ژوورنالیستە لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، ئەو یەکێك بوو لەوانەی لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو. من ئەو هەڵوێستەی خۆم لە نامەیەکدا بۆ بلێر دەربڕیبوو لە ڕۆژی ١٢ی نۆڤەمبەر بۆم ڕەوانەکردبوو، ئەو لە وەڵامدا بۆی نووسیبووم:

ئێمە کۆشش بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام دەکەین، ئیشی ئێمەش نییە پاشان کێ حوکمی عێراق دەکات، ئەگەرچی ئێمە ئەوە بە باش دەزانین حکومەتێکی تر حوکمی عێراق بکات.

تاقیکردنەوەیەکی دەولی

ئەگەر ماوەیەکی کەمێکیش بووبێت ئەوا شەڕەکەی کۆسۆفۆ باندۆری لەسەر بلێر، لەسەر ئاستی خۆهەڵدان و بڕوا بەخۆبوون و مەزنبوونی هەستەکانی (من) و دەسەڵاتی تاکە کەسی لەسەر بڕیارەکان هەبوو، ئەوەش نیشانەی هەژموونی بلێرە لەسەر سیاسەتەکانی دەرەوەدا، کۆسۆفۆ یەکەم تاقیکردنەوەی دەولی بوو بۆ بلێر، لەوێوە نیشانەکانی لوتبەرزی تێدا دیاردەکەوێت، ئەوەش لە ئاکارەکانی بە چاو دەبینرا. کە سەردانی ئوردوگای پەنابەرانی کردبوو وەك پاڵەوانێك پێشوازی کرابوو، بۆیەش کلینتۆن ڕۆژێکیان بە بلێری وتبوو، واز بێنە و چیتر ئەو نمایشانە مەکە.

بلێر زۆر شانازی باوەڕ بەخۆبوون لە هەڵسوکەوتەکانی دەردەکەوت، بۆیەش یاریدەدەرەکانی کلینتۆن گاڵتەیان پێ دەهات، کە کۆششی دەکرد لاسایی ڕەوشت و هەڵسوکەوت و قسەو کارەکانی تشرشڵی دەکردەوە. بلێر شۆخی بەوە دەهات کە لە دەسەڵاتدا شێوازی تاتشەری پێوە دیارە، بەڵام ئەوەیان ڕاست نەبوو، چونکە لەوەیاندا هەڵەبوو چونکە ئەو لە هەموو لایەکەوە هەر لە بوونی فەلسەفەیەکی سیاسی و هەبوونی ئەزموون لە پێش وەرگرتنی پۆستەکەو بایەخدان بە وردەکارییەکان هیچی لەو نەدەکرد، چونکە بلێر پێش وەرگرتنی ئەو پۆستە لە هەموو سەرۆکەکانی تری بریتانی لە پاش ڕامزی ماکدوناڵد لە ساڵی ١٩٢٤ بێ ئەزموون تربوو، کەمی ئەزموونەکەشی بوو تۆمارەکانی تۆنی بلێری رووخاندبوو.

دەسەڵاتی بەرپرس یان دەسەڵاتی دەزگاکان...؟!

تاتشەر بە بەهێزکردنی دەزگاکانو وەزیرەکانی دەسەڵاتەکەی بەهێز کردبوو، بەڵام بلێر دەسەڵاتەکەی لەسەر حیسابی وەزیرەکان بوو، سکرتێرەکەی (ئەلیستر کامیل) لە هەر یەك لە وەزیرەکانی حکومەتەکەی دەسەڵاتدارتر بوو، بلێر دەسەڵاتی حکومەتە گشتکارەکەی لاواز کردبوو، لە ئاهەنگی دووەم بردنەوەی دەسەڵاتو بە بێ ئاگاداری پەرلەمان حکومەتەکەی لە ناو بازنەی دەرەوەو بەرگری چڕ دەکاتەوە، ئەو سیاسەتەش لە ڕۆژانی شەڕی یەکەمی جیهان ڕەنگی داوەتەوە، کە دوور لە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە باوی نامێنێت. ئەوەش بە هیچ شێوەیەك دادوەری تێدا نییەو جۆرێکە لە لوتبەرزی، بەرپرسی یەکەمیش لەوەدا بۆ سیاسەتەکەی بلێر دەگەڕێتەوە.

جۆرج بۆش

جۆرج بۆشی کوڕ لە یەنایەری ساڵی ٢٠٠١ بەبێ ئەوەی زووتر هیچ دەسەڵاتی هەبووبێت باڵاترین دەسەڵاتی حوکمی لەسەر ئاستی نەتەوەیی وەردەگرێت، ڕاستە ئەو زووتر حاکمی ویلایەتی تکساس بووە، بەڵام حاکمی ئەو ویلایەتە تەنها دەسەڵاتی تەنفیزی هەیە، کە دەسەڵاتەکەش لە هەموو دەسەڵاتەکانی تری ویلایەتەکانی تری ئەمریکی کەمترە. کە بۆش دەسەڵاتەکە وەردەگرێت بەڵێن دەدات دەسەڵاتەکان بداتە دەست کەسانی لێزانو کارامەو بۆ دەزگاکانی

داراییش لەسەر بنچینەی ئەنجامەکان حیساب بکات. ئەوەشیان دووره لە لوتبەرزی، بەڵێنی دابوو سیاسەتی دەرەوە لەسەر ئاستی هەموو جیهان بەهێز بکات، بەهێز، بەڵام بەڕێز. بەڵام لە رۆژی ١٦ی مانگی فبرایەری ساڵی ٢٠٠١ رەزامەندی دەربڕیوە هاوکار لەگەڵ بریتانیا سەنتەرێکی رادارو سەرکردایەتی هێزەکانی عێراقی بۆردومان بکات، هەر لە رۆژی ١٠ی ئۆگۆست چەندین مۆڵگەی سەربازی عێراقی بۆردومان کردووە.

ئەوەش مێژوو بڕیار دەدات ئەگەر ئەمریکا لە بن دەسەلاتی بۆش لەسەر ئاستی دەرەوەدا بەڕێزبووە، بەڵام بۆ هیچ سەرۆکێکیش پاش هێرشەکەی یازدەی سێپتەمبەر ئاسان نەبووە ئەوە نەکات، بۆش خۆی وەك Decider (بڕیاردەر) ێك لێکردبوو، پاشان ئەو دەبێتە (سەرۆکی کاتی شەڕەکە). لەو پێشهاتەدا ئەو وای دەزانی کاری یەکەمی ئەو ئەوەیە هەڤاڵبەندییەك پەیدا بکات بۆ هێرشێکی سەربازی، بۆیە شەڕ دژی تیرۆرەکەی زۆر وردبینیانە نەبوو، بەڵکو مەبەستی هەبوو، بەڵام ئەوەی باس دەکرا کەوا شەڕەکە دژ بە رێکخستنەکانی رێکخراوی (القاعده) یە. گرفتەکەش ئەوەبوو کەوا رەوشتی (مـن) لە ناو خودی سەرۆك گەورە دەبوو، بۆیەش بەڵێن دەدات، ئەوان (بنبڕ بکات)و (وایان لێدەکات لە ترسانا رابکەن)و هەروەها بەڵێنی دابوو (جیهان لەو بەدکارانە پاك بکاتەوە)، ئەوانەش نەك تەنها قسەی سەر زارەکی بوون و بەس، بەڵکو کارەکان بەپێچەوانەی رێبازەکە دەکەوتەوە، شەڕەکە بووە شەڕێکی چەکداری وەك شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهان.

بەرەو پێشچوونی لوتبەرزییەکان لەلایەن بۆش و بلێرەوە

کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی توانی لە دوو شاری گەورەی ئەمریکی زەبری کوشندەو خوێناوی بووەشێنێت، بۆش و بلێر ناچاربوون بانگهێشتی ئەوە بکەن کەوا لە مێژوودا ڕووبەڕووبوونەوەی وا ترسناک نەبوونەتەوەو ئاسایشی جیهان لە مەترسیدایە، بۆیەش هەموو لێدوانەکانی پاش پەلامارەکەی یازدەی سێپتەمبەر بۆنی توندیی و تووڕەییان پێوەبوو. داگیرکردنی ئەفغانستان بیانووی گونجاوی هەبوو، بەڵام لوتبەرزی بۆش و بلێر پەیدابوونی نیگەرانییەک بوو بۆ سەرهەڵدانی هەڵمەتێکی سەربازی لە ئەفغانستان. زۆر ئامۆژگاری بلێرو بۆش کرا، کەوا شەڕکردنی تیرۆر بەو شێوەیە نابێت، بەتایبەتی مامەڵەکردنی گیراوەکان، ئەوانە هەموو قەیرانەکەیان ئاڵۆزتر دەکرد، ئەوانەش بە جۆرێک لە جۆرەکان دیاردەی لوتبەرزییەکەیانی دەگەیاند.

هێما مەترسییەکان

یەکێك لە مەترسییەکان ئەوە بوو کە سەرۆك بلێر لوتبەرزی بیگرێت، چونکە ئەو وتارەی لە کۆنگرەی حیزبی کرێکاران لە پاش پەلاماردانەکەی یازدەی سێپتەمبەر پیشکەشی کردبوو، لەوێدا بەڵێنی بە گەلی ئەمریکی دابوو، کەوا ئێمە لە سەرەتاوە لەگەڵتان بووین، بەردەوامیش لەگەڵتان دەبین. کە ئەو زۆرتر هاوکاریی لە

یاریدەدەرەکانی دەخواست، بۆیەش بڕیارەکانی دووربوون لە لایەنی بابەتیانەو لێپرسینەوەو دەستەبەندی، ئەوەش حیساباتەکانی بلێری بەرەو هەڵەکاری و وەرنەگرتن و هەرس نەکردنی ئەنجامەکانی داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق لێکەوتەوە. لە مێژوودا زۆر سەرکردە هەبووە لە کارنامەی خۆیدا شکستی خواردووە، بەڵام شکستەکەی بلێر شێوازێکی تر بوو، وەك شکستەکەی بۆش، کە رێك سێ ئاکاری پێوە بووە، وەك زۆر بڕوابوون بە کەسایەتی خۆی، نیگەران و دوودڵی بەردەوام، بایەخ نەدانیش بە باسکردنی وردەکارییەکان. بڕوابوونی زۆری سەرکردە بە خودی خۆی، ئەوەش وا دەکات بڕیارەکانی بە تەنها دەربکات، بۆیەش گوێ لە ئامۆژگارییەکانیش ناگرێت.

گرنگیدانی زۆر بە راگەیاندن

بلێر و بۆش زۆر شانازییان بە سیاسەتی خۆیانەوە دەکرد، بەرنامەیان لەسەر بەرجەستەکردنی (وێنە گەورەکە) بوو، ئەوان نەك تەنها لە بازنەی ئەفغانستان و عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو جیهان نیگاکانیان لە بینینێکی نوێ و بنەماکانی بنچینەیی ترەوە رووماڵ کردبوو. ئەو دوو سەرۆکە چەندین ساڵ وتارە سیاسییەکانیان دژ بە دوژمنەکانیان پەرە پێ دەداو بەردەوام حکومەتی بریتانی دەستەواژەی شەڕی دژە تیرۆری تا ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٧ دەوتەوە. هەردوو حاکمەکە بایەخیان بە وردەکارییەکانی مەسەلەکان نەدەداو رێزی راستییەکانیان نەدەگرت، بایەخی سیاسی بلێریش ئەوەبوو

بـڕواو مەبەسـتەکانی بۆشـی پـاش شـەڕەکەی ئەفغانسـتان پـەیڕەو کـردووەو سـازکاربووە بـۆ شـەری دژ بـە عێـراق، ئـەو دووانـە پەیوەندییـەکی شـێتانەیان لەنێوانـدا هـەبووە، بـەوەش یـەکتریان تونـد دەبەستایەوە.

چەقی ڕووداوەکە

یەکێك لە سیماکانی لوتبەرزی بلێر ئەوەبوو، ئەو بە لێدوانـەکانی بەردەوام خـۆی دەخستە چەقی ڕووداوەکـان، ئـەو پـەیامێکی لـە سـاڵی ۲۰۰۰ پێشـکەش کردبـوو کـە تێـدا ئاراسـتەی دەسـتەی کارمەنـدەکانی کردبوو، ئـەو چـەند برگانـەی لـە وتارەکەیدا زانرابـوو هانیـان دەدات، کۆشش بکەن تا سەرنجڕاکێش‌و باڵکێش بن، ئێوە بەردەوام پەیوەنـدیم پێـوە بکـەن، ئەگـەر یارمـەتی‌و ڕێنماییتـان گـەرەك بـوو، نووسـەری بیرەوەریـەکانی سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووتر (رامـس ماکدوناڵد) بـەو شێوەیە باس لە بلێر دەکات:

کێشـەی سـەرەکی بلێـر لەوەدایـە کـەوا کەوتۆتـە نـاو گێـژاوە کولتوورییەکـەوە، کـە لـەو ڕۆژانـە بۆتـە کولتـوورێکی میللی ناشیرین. رەنگـە (نمایشـکردن) یـش دیـارترین ڕووکـار بێـت، ئـەو ئـارەزووی بریقەداری زۆرەو حەزیش دەکات زوو زوو بلێـت، بریتانیـای نوێمان‌و حیزبـی کرێکـاری نـوێ‌و وڵاتـە گەشـاوەکەمان، هـەروەها ڕێزنـەگرتنی حیکمەت‌و زانایی پسپۆڕەکان، ئەوانەش هەموو سیمای لوتبەرزییەکەی بلێرە.

جیاوازییەکان

پاش پەلامارە تیرۆریستییەکەی یازدەی سێپتەمبەر بوار بۆ بلێر ساز دەبێت بەرنامەڕێژی بکات بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی، ٥٤ دیمانەی لەگەڵ سەرکردە بێگانەکان هەبووە، ماوەی ٦٠ هەزار کیلۆمەتر فڕیوەو ٣١ گەشتی لە سەرانسەری جیهاندا کردووە، بەڵام لەوماوەیەدا بۆش نارامتربووە زۆرتر خۆی ڕاگرتووەو ماوەیەکی باشیشی بۆ نووستن داناوە، لە لێدوانەکانیدا نارامترو نەرمتربووە.

بلێر بۆ ئەوەی خۆی وا دەربخات کەوا کەسێکی زۆر کاریگەرەو ڕۆڵی دیاری لە شەڕەکەی ئەفغانستاندا هەیە، لە سەرەتای مانگی یەنایەری ساڵی ٢٠٠٢ داو هەشت هەفتە لە پاش شکستی تاڵیبانەکان بە زەبری هێزەکانی هەڤاڵبەندی باکوور دەگاتە کابوڵ. بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٢و چەند مانگێك بەرنامەی وا بووەو بڕیاری داوە لە ناو چەقی ڕووداوەکان بێت، ئەوەشی بۆ میدیای بریتانی دەرخستووەو ئەوانیش ڕووماڵێکی بەرچاویان بۆ کردووە، ڕای گشتی ئەمریکیش ئەو ڕەوشتو نمایشانەی ئەویان بە ئاسانو لێزان وەسفکردووە، بۆیەش بۆ سەرۆك بۆش گرنگ بوو لە مەسەلەکەی عێراقیش ڕۆڵی بلێر وا بەرجەستە بکات. لە کۆنگرەی هەشت وڵاتە پیشەسازییەکە، کە لە شاری پترس بۆرگ لە ساڵی ٢٠٠٦ بەسترابوو بلێرو بۆش بەیەکەوە بوون، بەبێ ئەوەی ئاگاداربن مایکرۆفۆنەکەیان بەستراون بەیەکەوەو لەسەرخۆ قسە دەکەن، لە قسەکانیاندا دەردەکەوێت کەوا بلێر زۆر گوێڕایەڵی بۆشەو فەرمانەکانی ئەوی قبووڵە، ئەوەش بێگومان بە سوکایەتی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی بریتانی دەگەڕێتەوە.

پاش پەلاماردانەکەی ئەفغانستان بۆش بیری لەوە کردۆتەوە رژێمی سەدام بڕوخێنێت، بۆیەش لە رۆژی ٢١ ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بۆش داوا لە وەزیری بەرگرییەکەی دۆناڵد رامسفیلد دەکات هاوکار لەگەڵ سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەش تۆمی فرانکس بەرنامەڕێژی بکەن. ئیدارەی بۆش کار دەکات رژێمی عێراق بە رێکخراوی القاعدە ببەستێتەوەو رووی ئەمریکاش وا دەردەخات کەوا حکومەتێکە هەموو کارێکی لە دەست دێ، کۆشش دەکات لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی مامەڵە بکات، بۆش و تشینی و رامسفیلد بەو رێبازەوە کەوتوونەتە بەرنامەڕێژی.

بەشی سیازدەهەم

پاوڵ: پرسیبووی کەسی مەعقول هەیە بەدیلی سەدام بێت...؟

جۆرج بۆش دوو هاوڕێی خاوەن ئەزموونی لەگەڵدابوو، هەردووکیان لەسەردەمی باوکیدا کە سەدام حوسێن کوێتی داگیر کردبوو، ئەوان وەزیربوون، کۆلن پاوڵ و دیك تشینی، ئەو دوو وەزیرە یارمەتی زۆری بۆشیان دەدا. سەدام کە کوێتی گرت، مەبەستی سەرەکی ئەوەبوو قەرزەکانی کوێتی کە دەگەیشتە ۳۰ ملیار دۆلار لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، ئەو لە جیاتی ئەوەی کێڵگە نەوتییەکەی رومێلە داگیر بکات، هەموو وڵاتەکەی داگیرکرد، بەوەش نەوەستا هەڕەشەی لە خوارەوەش دەکردو ترسی دژواریش گەیشتە مەملەکەتی عەرەبی سعودییە. لە سەرەتاداو لە کۆبونەوەی دووەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لە رۆژی ۲ ی ئۆگستی ساڵی ۱۹۹۰ لەگەڵ سەرۆکدا باس لە رەوشی تایبەتی سەدام کرابوو، ئەودەمانە پاوڵ پۆستی سەرۆکی هەیئەی ئەرکانی هێزە هاوبەشەکانی هەبوو، لەوێ پرسیبووی:

لەو شەڕەدا رۆڵی تایبەتی سەدام حوسێن وەك تاکێك چ دەبێت...؟ ئەگەر سەدام نەما، کەس هەیە ببێتە بەدیلی ئەو.

وەڵامی ئەو پرسیارە لەلایەن (برنست سکوکروفت)ی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەوە دەدرێتەوەو دەڵێت:

وڵاتی عێراق پارچە پارچە دەبێت.

راوێژکاری سیاسی دەرەوە (ریتشارد هاس) وتبووی:

من بڕوا ناکەم کەس لە خۆپەرستیدا بگاتە سەدام.

تا سەرۆك دەستی بە سەر هەموویاندا بشکێت، دانوستانەکان لەو پێشهاتەدا بەردەوامو کراوەبوو، ئەوەش دەستپێکی هەڵمەتەکەی گەردەلوولی بیابان بوو لە ساڵی ۱۹۹۱دا، واتە وەدەرهێنانی هێزەکانی عێراقی لە کوێت، بە بێ ئەوەی پایتەختەکەی عێراق داگیربکەن.

هەنگاوێکی هەڵە

جۆرج بۆشی باوك هێزێکی فرە رەگەزی لە چەندین وڵات پێکەوەنابوو، هێزەکە بە ژمارەو بە چەك فرە مەزن بوو، بەشی گەورەو دیاری هێزە بەشداربووەکەش بریتانیاو فەرەنساو سعوودیەو میسر بوون. ماوەی شەش هەفتەی بەردەوام لە ئاسمانەوە بۆردومانی هێزە عێراقییەکانیان لە کوێت کردبوو، ئەوەش بوو سەرکەوتنی سەربازی مەیسەرکردبوو، پاش ئەو بۆردومانە لە رۆژی ٢٤ی فێبرایەردا هێرشێکی فراوانیان بە تانکی زۆر نوێو پێشکەوتوو بە فڕۆکەی هیلیکۆپتەری گەورە کردبوو، بە رازیبوونی هەر یەك لە پاوڵو تشینی شەڕەکە راگیرا، بەڵام ئەو شەڕ وەستانە بە بۆچوونی تشینی هەنگاوێکی هەڵەبوو، ئەو وتبووی دەبووایە هەر لەو هێرشەدا سەدامیش بڕوخێنین. لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونەدا مەسەلەی رووخانی سەدام پاش دوازدە ساڵ باسکراوە، بۆیەش دەبوایە ئەوەیان لە ناو هزری جۆرج بۆشی کوڕی هەبووایە، چونکە رەنگە ئەوان بیریان لەوە کردبێتەوە ئەگەر سەدام بڕوخێنن، ئەگەری ئەوە هەیە چەند کێشەی گچکەیان بێتە پێش، بۆیەش بۆش و بلێر مەسەلەکەیان بە سادەیی و بە ئاسان وەرگرتبوو، وەك چۆن ژەنراڵ (تۆمی فرانکس) وتبووی:

من دەزانم ئەو سەرهەڵدانەی پاش شەڕەکەی کوێت بەرپابوو، بەرنامەو پلانی سەدام حوسێن خۆی بووە، ئەوەشیان بە دروستی وەرگرتبوو.

ئەو ڕێگایانەی بۆش هەڵیبژاردن

یەکێك لەو ڕێگایانەی لە پاش ساڵی ٢٠٠٢ لە پێش جۆرج بۆشدا بوو، کەوا پاش داگیرکردنی بەغدا ڕێکەوتنێکی سیاسی بکات و دەسەڵاتەکە رادەستی عێراقییەکان بکاتەوە، بەوەش هێزەکانی ئەمریکی بەپەلە لە عێراق بکشێنەوە، یان پرۆسەی داگیرکردن پەیڕەو بکەن، بەرنامەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقیش دابڕێژن، دیارە ئەوەش هێزەکانی ئەمریکی زۆرتر لە ناو عێراق دەهێڵێتەوە تا کارو بەرنامەکە جێبەجێ دەکەن. دەبوایە هەر یەك لە بۆش و بلێر یەکێك لەو ڕێگایانە هەڵبژێرن، لەوەشدا لە ناو راوێژکارەکانیدا دوو نیگا هەبوون، بۆیەش بڕیاردان لەسەر پەیڕەوکردنی کام لەو بژارانە تا دوای پرۆسەکە دواخرا، بلێر بەوەیان رازی دەبێت، پێش داگیرکردنەکەی عێراق و لەبەر رۆشنایی کارنامەکەیان لە ئەفغانستان، تشینی و رامسفیلد لەگەڵ ئەوەدا نەبوون دەوڵەتەکە دامەزرێننەوەو خۆیان تووشی ئەو کێشە ئاڵۆزە بکەن.

باڵادەستەکان لە ناو دەستەی پارێزگارەکان لەوانە جێگری وەزیری بەرگری (پۆڵ وڵفۆفیتش) و هاوڕێیەکەی لە وەزارەتی بەرگری (دۆگلاس فایپ) لەگەڵ ئەوەدا نەبوون ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاش داگیرکردنی عێراق ئیدارەی ئەو وڵاتە بکەن. بەرنامەکەش ئەوە بوو وڵاتەکە لە لایەن عێراقییەکانی دەرەوەو دوورخراوەکان لەوانە کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی ئیدارە بکرێت، بە زووترین کاتیش هێزەکانی ئەمریکی لەناو عێراق بچنە دەرەوە. لە بریتانیاش لەو دیکۆمێنتە رەسمیانەی نەخشەسازی بریتانی پاش

داگیرکردنەکە نیشانی تۆنی بلێر دراوە، دیارە کەوا ئەوو بەرپرسەکان لە زۆر بۆچوونەکان ئاگادارنەبوون. ئەوەی پەرۆشی زانینی بڕیارە هەڵەکان و جێبەجێکردنی نادروستی سیاسەتی بریتانییە، دیکۆمێنتەکان زۆر بە ئاشکرا دیاربوون کە هەموویان گەنجینەیەکن لە زانیاری زۆر بەسوود.

لە مانگی ئەپریلدا بلێر بۆ دیمانەی بۆش دەچێتە کرافۆرد لە ولایەتی تکساس، لەوێ بەیەکەوە باس لەو بەرنامەیە دەکەن لە مێشکی ئەو دایە، سەبارەت ئەو شەڕەی بەنیازن بیکەن. جاك سترۆی وەزیری دەرەوە لە رۆژی ٢٥ ی مارسدا وتبووی:

دەبێ ئێمەش وەڵامی ئەو پرسیارە سەبارەت بەو مەسەلەیە بدەینەوە...؟ دیارە لەومیاندا لارییەکی گەورە هەیە. زۆربەی ئەو شرۆڤانەی لە ئەمریکاوە دەگەیشتن، لەگەڵ ئەوەدا بوون کەوا رژێمەکە بە بیانووی چەکە کۆمەڵکوژیەکەوە بگۆڕن، چونکە ئەومیان هەڕەشە دەنێتەوە. بەڵام بوارو بژارەکانی گۆڕینی رژێمەکە دڵخۆشکەر نەبوون، چونکە دەبوایە ئەوە بزانن کەوا بەدیلەکەی ئەو رژێمە لەومیان باشترە.

راپۆرتێکی رەسمی

لە رۆژی ٢١ ی یولیۆدا راپۆرتێکی رەسمی سەبارەت بە رەوشی عێراق، بە ناوی (مەرجی کارە سەربازییەکان) دەدرێتە وەزیرەکان. من لەوێدا ئاگادارم کردنەوە، کەوا بواری سازکردنی ئەگەری سیاسی بۆ پرۆسە سەربازییەکە کەم کراوەتەوە، یان ئەوەش لەخۆ ناگرێت کەوا لەودەمانەو پاشانیش بۆ دامەزراندنەوەکە چ بکرێت. کە بلێر لەگەڵ جۆرج بۆش لە کرافۆرد لە مانگی ئەپریل قسەیان کردبوو، لەوێ بلێر وتبووی:

بریتانیا پشتیوانی لە کردەوە سەربازییەکە دەکات بۆ گۆڕینی رژێمەکە، چەند مەرجێکیش هەبوو تا جێبەجێیان بکات، بۆیەش کۆشش زۆر کرابوو بۆ سازکردنی هەڤاڵبەندییەك، بۆ پەیداکردنی کەشێکی گونجاو بۆ رای گشتی پشتیوان و ئارامکردنەوەی قەیرانەکەی ئیسرائیلی فەلەستینی. چ بکرێت چەکە کۆمەڵکوژیەکان لە رێگای پشکێنەرانی چەکە کۆمەڵکوژیەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە سوودیان نەمابوو دامالْن. داگیرکردنی وڵاتێکی وەك عێراق و دامەزراندنەوەکەی ماوەیەکی زۆری دەویست، زۆریش گران لە سەریان دەکەوت، ئەوەش زوو زانرا کەوا بەرنامە جەنگییەکانی ئەمریکی لەو خاڵەدا بێدەنگ بوون.

رووداوە جۆراوجۆرەکان

پاش تێپەڕبوونی دوو رۆژ بلێر ئاگادار کراوەتەوە کەوا زانیارییە هەواڵگریەکانی واشنتۆن جیاوازییان تێدایە، پاش ئاگادارکردنەوەکە لە مانگی مارسدا دووبارە وەزیر سترۆ سەرۆك وەزیران هوشدار دەکاتەوە، پاش دوو ساڵ لە داگیرکردنەکەی عێراق راپۆرتێك لە بەرواری ٢٣ ی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٢ لە شەڕەکەی عێراق لە میدیاکان بڵاودەبێتەوە، لە راپۆرتەکەدا نووسراوە کەوا سێ ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، لەوانە سەرۆك وەزیران‌و وەزیری دەرەوەو وەزیری بەرگری‌و جێگری گشتی بەشداردەبن، کە وەزیری دارایی (گۆردون براون) ی تێدا نەبووە، تێیدا سەرۆکی مەڵبەندی زانیارییە هاوبەشەکان (جۆن سکاریت)و سەرۆکی هەواڵگری دەرەوە سیر (ریتشارد دیرلوف) باسی دانوستانەکانی واشنتۆنیان گێڕاوەتەوە. سەبارەت بە پرۆسە سەربازییەکە دیرلوف وتبووی:

ئێستا ئەوەیان وەك کارێکی حەتمی سەیر دەکرێت، بۆش بە بیانووی چەکە کۆمەڵکوژیەکان‌و کارە تیرۆریستەکان دەیەوێت سەدام حوسێن لەناو ببات، بەڵام راپۆرتە هەواڵگریەکان‌و راستییەکان شتەکان بە پێچەوانە نیشاندەدات، دووریشە لەو سیاسەتە، لە واشنتۆن لەسەر کردەوە سەربازییەکان کەمترین باس‌و دانوستان هەیە.

گوێ پێنەدان

بە پێی ئەو زانیاریانەی بڵاوبوونەتەوە ماکینەکەی حکومەت لە پاش مانگی یۆلیۆی ساڵی ٢٠٠٧دا، ئەومیان دەزانی کە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی کاتێکی زۆری دەوێت. ئەوەی شایانی باسە دەزگاکانی هەواڵگری و هێزەچەکدارەکان بێزارن لەوەی زانیاریەکانیان سەبارەت بە قۆناغی دوای شەڕەکە لە واشنتۆن کەم دەگاتە دەست.

بلێر گوێی نەدەدایە ئەو ئاگاداریانەی کە جێگرو راوێژکارەکانی پێشکەشیان دەکرد، بۆ رۆژی دوایی لەسەر خوانی ئێوارەدا، بلێر ئاماژەی بە هەبوونی کێشەو هیچ گرفتێك نەکردبوو، ئەو وتبووی:

هەموو مەسەلەکان بە باشی دەڕوات، هەموو گرفتەکان چارەسەرکراوە. ئەوەش نیشانەی بێ ئەزموونی ئەوی دەگەیاند، کەوا ئەو کەسێکی لەخۆباییەو لوتبەرزییشی پێوە بووە، وەلام و بیانووی ئامادەشی بۆ هەموو ئەگەرو کێشەکان سازکردبوو. لەوانەی روونکردنەوەو هۆکارەکانی لە بلێر ویستبوو، ئەو لە وەلامدا وتبووی:

تۆ (نیفیل تشامبریل) یت، منیش وینستۆن تشرشلم، سەدامیش هیتلەرە. بۆیەش ئاسان نییە لەگەڵ ئەو جۆرە سەرکردەیە بەو شێوە سۆزدارییە سادەیە بیربکەیتەوەو گفتوگۆ بکەیت.

نایەوێ گوێ لە هیچ رابگرێت

بلێر رەوشی بیرکردنەوەی بەو شێوە بوو، کە لەگەڵ راوێژکارەکانی مامەڵەی دەکرد، ئەو دڵی بە قسەکانی بۆش دەکرایەوەو هیوای زۆر بوو کە هەڵمەتە خاچپەرستییەکەیان بۆ بنبڕکردنی شەڕخوازو خراپەکارەکانەو جیهان لەوانە پاك دەکەنەوە. ئەوانەی داکۆکی لە بڕیارەکانی بلێر سەبارەت بە شەڕەکەی عێراق دەکەن، هەموو گلەییەکان دەخەنە ئەستۆی ئەمریکییەکان، بەڵام ئەومیان جێگەی بڕواکردن نەبوو، چونکە بریتانییەکان زۆرترو باشتر شارەزای ئەو وڵاتە بوون، چونکە بریتانیا چەند ساڵێکی دووروودرێژی سەدەی رابردوو لە عێراق بوون، هەردوو وەزیری دەرەوەو بەرگرییان زانیاری زۆریان هەبووە، کە چۆنو بە باشترین بوار مامەڵە بکەن، بەتایبەتی لەو هەڵانەی پاش شەڕەکەی ساڵی ۱۹۹۱ روویاندا. بەڵام سیاسەتەکە خزمەتی بلێری نەدەکرد. لە وەزارەتی دەرەوەدا لێکۆڵینەوەیەکی ستراتیژی هەبوو، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی کۆششی دەکرد چنگی بکەوێت، بەڵام بنتاگۆن سۆراغی نەدەکردو گوێی لێ نەبوو، بۆیەش لێکۆڵینەوەکەیان نەگەیشتە دەست. لەبەرئەوەی بارەگای سەرۆکایەتی وەزیرەکان بەرپرسی سیاسەتەکەی سەبارەت عێراق بوو، بۆیەش هەموو کۆششەکانی وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ ئەمریکییەکان هیچ ئەنجامی نەبوو. ئەنجامەکە ئەوە بوو کە سەرۆك بلێر خۆی ئیدارەی هەموو بەرنامەی سازگارییەکانی شەڕەکەی دەکرد، پرسی بە وەزارەتی دەرەوەش نەکردووە، بایەخیشی بە گلەییو تەحەداکانی وەزارەتی سوپاو دەزگاکانی هەواڵگری نەدەدا. لەو رەوشە ترسناكو

چارەنووسسازە کە دەبێ دانوستان و بەرنامەڕێژی وردیش لەسەر بابەتە بنچینەییەکانیش لە نێوان سەرۆك بوش و سەرۆك بلێر هەبوایە، بە تایبەتی باسە گەرمەکانی پاش شەڕەکە و پلانی دواتری. رامسفیلدیان لە رۆژی ٢٠ی یەنایەر راسپاردبوو بۆ پلانی پاش شەڕەکە، ئەگەرچی دەبوایە ئەو بەرنامەیە پێش ئەو بەروارە و لەسەر ئەو بابەتە لە واشنتۆن و لەندەن هاوکاری کرابوایە.

سوپا دەشکێت

هەردوو سەرۆك لە رۆژی ٣١ ی یەنایەری ساڵی ٢٠٠٣ بەیەکەوە بۆ شرۆڤە و بەرنامەڕێژیەکە دانیشتبوون، پاشان ناوەرۆکی ئەو دیمانەیە لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز بڵاودەکرێتەوە، کە تێدا راپۆرتێك بڵاوکراوەیە کە لە کۆبونەوەکەدا باس کرابوو، یەکێك لە راوێژکارانی سەرۆك وەزیران (دیڤیدماننگ) نووسیبووی:

لەوێدا ئاگاداری بلێر دەکرێتەوە کەوا بۆردومانەکە رێك لە رۆژی ١٠ ی مارسی ساڵی ٢٠٠٣دا دەکرێت.

دیارە نە بۆش و نە بلێریش نەیاندەزانی دوارۆژی وڵاتەکە بە چ دەگات، سەرۆکی ئەمریکی زووتر لە کۆبونەوەکەی کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە، سەبارەت بە سوپای عێراق وتبووی (زوو دەڕوخێت). نووسەری کتێبی (متمانە تەواوەکە) نوسیبووی:

ئەو سیاسەتەی بڕیاربوو سوپاکە بپارێزێت، جێبەجێ نەکرا.

بەڵام نووسەرەکە نەینووسیوە ئەگەر ئەو سیاسەتە سەبارەت بە

دواڕۆژی سوپای عێراق جێبەجێ نەکرا، چ ڕوو دەدات کاردانەوەی ئەو سیاسەتە چ دەبێت. بەڵام یەکێك لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی دەستەی پارێزگارانی ئەو دەمانە بە منی وتبوو، کەوا سوپای عێراقی هەمووی دەچێتە پاڵ هێزە هاوپەیمانەکان، ئەوەش یاساو ئارامی پاش داگیرکردنەکە دەپارێزێت. لە کۆبوونەوە لوتکەییەکەی نێوان بۆش و بلێر ئەوە کۆتایی پێ هاتبوو کەوا سەرکەوتنەکە لە عێراق زۆر بەپەلەو بەیەکەوە چەند هزرو بۆچوونیان گۆڕیوەتەوەو باسی حکومەتی پاش شەڕەکەیان کردبوو، لەوێدا بلێر وتبووی:

خەڵکەکە زۆر سەرسام و نیگەران دەبن، ئەگەر ئێمە دووبارە دەسەڵاتەکەی عێراق رادەستی دیکتاتۆرێکی تر بکەینەوە.

بیانوویەکان

لەبەر ئەوەی هەردوو سەرۆکی ئەمریکی و سەرۆك وەزیرانی بریتانی هیچ ڕاوێژکاریان لە وەزارەتی دەرەوەو بەرگری نەبووەو پرسیان بە کەس نەکردووە، بۆیە لوتبەرزییەکە بەردەوام بووەو لە کۆبوونەوەکەی مانگی یەنایەر بەو بەرنامەیە پلانەکەیان داڕشتووە، لەو کۆبوونەوەیەدا تەنها ڕاوێژکارە تایبەتییەکانی کۆشکی سپی و داونَنگ ستریتیان لەگەڵدا بووەو بەس، ئەو دەستە لەزگەیەش بەردەوام چەپڵەیان بۆ گەورەکانیان لێداوەو بڕوایان بە سیاسەتەکانیان دووپاتکردۆتەوە. ئەو دیاردەیەش زۆر ترسناکەو ئاگادارەکان ناویان لەو دەستە ڕاوێژکارانە ناوە، بیرکردنەوەی گردبوونەوە، شیکردنەوەی

تێ نەگەیشتنە سەربازییەکە زووتر چوار بیانووی دووبارەکراوەو زانراویان هەبووە، لەوانە بە هەدەردانی وزەو توانای مرۆیی، بڕوا بوونە تەزییەکان، نزمکردنەوەی ئاستی دوژمن و ئاگادار نەبوون لە راپۆرتە هەواڵگرییەکان.

لوتبەرزییەکەی بۆش پاش داگیرکردنەکە

لە رۆژی یەکەمی مانگی مایۆی ساڵی ۲۰۰۳ دا جۆرج بۆش بە بەرگە پەڕەشووتیە جەنگییەکەی وەك ئەکتەرێکی هۆلیوۆد، کە لە هیلیکۆپتەرێکەوە لەسەر فڕۆکەهەڵگری ئابراهام لینکۆڵن لە بەرامبەر کەناری ولایەتی کالیفۆرنیا لەسەر سەکۆی ئاهەنگی سەرکەوتنەوە دادەبەزێت، لەوێ بە ئامادەبووان دەڵێت: (نەبەردییەکە کۆتایی هات.!).

ئەو دەرچوون و دەرکەوتنە پلەیەکی بەرزی لوتبەرزی پێوە دیاربوو، ئەوەش بۆ سوپا شەڕکەرەکەیان لە مەیدانەکە زێدەڕۆیی پێوە بوو ئەگەر بە مەبەستیش نەبوو بێت، هەروەها جۆرێکیش بوو لە دروشم گووتنەوەو خۆدەرهێنان.

دوناڵد رامسفیلد ویستبووی سەرۆك بۆش ئیقناع بکات لەوەدەمەدا ئەو دەستەواژە بەکارنەهێنێت، کە بۆش لە وتارەکەیدا وتبووی:

لە شەڕەکەماندا لە عێراق ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سەرکەوتن. بەلام بلێر وەك بۆش ئاوا دوور نەڕۆیشتبوون، قسەکانیان بۆنی سەرکەوتنی پێوەبوو.

بەشی چواردەهەم

فشارە بەهێزەکەی رەوشی عێراق بلێری دووچاری نەخۆشی دڵ کردبوو

ئەو ئاستە نزمەی پاش داگیرکردنەکەی عێراق لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پەیڕەو کرا، لە داهاتوودا دەبێتە جێگای باس و لێپێچینەوەی مێژوونووسان، بەوەش سەرسام دەبن. سەیرە کەوا چۆن ئەمریکییەکان لە بواری سیاسی و سەربازی ئاستی ڕێکخستنیان ئەوەندە لاواز و کاڵفام بوون...؟

یەکێك لە سیماکانی لوتبەرزییش ئەوەیە کەوا وەڵامەکانیان کورتە و بایەخ بە وردەکاری بۆ بەرامبەرەکانیان نادەن، ئەوەش زۆر لە ڕەوشتی بۆش ڕەچاو دەکرا، وەزیری خەزێنەی پێشوو (بۆل ئونیل) کە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٢ وەزیر بووە، لە سەرەتاوە لەسەر بۆش ئەو قسەیەی هەبووە، ئەو ڕەچاوی ئایدلۆژییەکی نەگۆڕی کردووە، کە باش و وردیش شرۆڤەی نەدەکرد، ئەو جۆرە ئایدلۆژیانە حیساب بۆ بیرکردنەوە ناکات، دوا ئەگەریشە ئەو جۆرە کەسانە ڕەچاوی بکەن.

نەهێشتنی حیزبی بەعس

پێش داگیرکردنەکەی عێراق، بۆش لەگەڵ ئەنجومەنی شەڕەکە، لە ڕۆژی ١٠ ی مارسدا قسەیان لەسەر نەهێشتنی حیزبی بەعس کردبوو، ئەگەرچی دانوستانی زۆریان کردبوو، بەڵام نەگەیشتبوونە ئەنجامێکی دیاریکراو، یەکێك لەوانەی بەشداری ئەو دانوستانە بووە وتبووی:

تێڕوانینەکە ئاشکراو ڕوون بوو، ئەوان مەبەستیان بوو لەگەڵ بەعسییەکان هاوکار بن‌و مامەڵەی لێبوردەییان لەگەڵدا بکەن. دەڵێن ئەو بەڵگەنامەی ناونرابوو نەهێشتنی بەعس، کە لەلایەن (پۆڵ برێمەر) دەرچووبوو، پرس بە کۆندۆرالیزا رایس‌و کۆلن پاوڵ نەکرابوو، لە نووسینگەی دۆگلاس فایپ داڕێژرابوو، کە چارەسەری هاوسەنگ‌و چارەسەرە مامناوەندییەکەی ئەنجومەنی نیدارەی شەڕی پشتگوێ خستبوو. یەکێك لەو هەڵانەی لە سەردەمی رایسی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ڕوویاندا هەڵەی مەزن بوون، کە تێیدا بڕیار دەدرێت ئەو جۆرە بەڵگەنامانە ڕاستەوخۆ لە پنتاگۆنەوە دەربچێت، بەبێ ئەوەی لە نووسینگەکەی ئەو ڕاوێژی لەسەر بکرێت. وەزیری بەرگری بریتانی (جیف هۆن) لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠٠٧ دا وتبووی بەرنامەو پلانی نەهێشتنی بەعس هەڵەبووە.

مەندوبی سامی

بڕیارەکەی برێمەر لە هەڵسوکەوتدا لە سەردەمی مەندوبی سامی پاشایەتی دەچوو، ئیدارەی کاتی بڕیاری ژمارە ١٢ی پاش یازدە رۆژ لە گەیشتنیان بە بەغدا دەرکردبوو، بەپێی ئەو بڕیارە حاکمی عێراق برێمەر، هەموو هێزەکانی ئاسمانیو دەریاوانیو وەزارەتی بەرگریو دەزگاکانی هەواڵگری هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆشو ئەنجومەنی ئیدارەی شەڕەکە لە رۆژی ١٢ی مانگی مارس رەزامەندی لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوپای کۆماری دەردەبڕن، بەڵام رازی دەبن هێزە ئاساییەکانی سوپا وەك خۆی بمێنێتەوە، دیارە کەوا برێمەر لەو کارەدا پرسی بە وەزارەتی دەرەوەو ئاژانسی موخابەراتی ئەمریکی نەکردووە، یان لەسەر بەندەکانی ئەو بڕیارە پرسی بە (رایس) یش نەکردووە، هەروەها بۆچوونی سیاسەتمەدارانی عێراقیشی وەرنەگرتبوو، دیارە کەوا راوێژکارەکانیشی ئاگادار نەبوون، ئەو باش دەیزانی بڕیارەکەی هەڵەیەکی مەزن بوو، بەڵام رازیش نەبوو بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوەو لە بڕگەکانی پەشیمان ببێتەوە، کە راوێژیشیان بۆ کردووە، هیچی بە هەند وەرنەگرتووە، لەو بڕیارەشدا پرسیشی بە راوێژکارو پسپۆڕە ئەمریکییەکانی ناو بەغدا نەکردووە، بۆیەش سەرۆکی نووسینگەی ئاژانسی موخابەراتی ئەمریکی لە بەغدا بە برێمەری وتووە:

بەو کارەتان، شەوانە ٣٠ تا پەنجا هەزار کۆنە بەعسی، بۆ چالاکییەکانی دژ بە ئێمە دەنێردرێتە ژێرزەمینو ناچارن کاری نهێنی دەکەن. کە دیمانەیەکمان لەگەڵ بلێر کردبوو، ئەو سەبارەت بەو دۆسیەیە وتبووی:

من وادەزانم بە کارکردن دەتوانین سوپایەکی عێراقی نوێ لە خاڵی سفرەوە دامەزرێنینەوە.

پاش شەڕەکە

بە پێی قسەکانی کۆلۆنێل (لۆرنس ویلکرسۆن) سەرۆکی فەرمانبەرەکانی نووسینگەی کۆڵن پاوڵی پێشوو، سەبارەت بە کێشەی عێراق، بۆش بۆ دواڕۆژی عێراق لە پاش کۆتایی شەڕەکە، بایەخێکی زۆری پێ نەداوەو هیچ بەرنامەو پلانێکی وردی دانەناوە. دەسەڵاتدارەکانیشی لە وردەکارییەکانی خۆیان دوور رادەگرن، بۆش وەك بەردی شەترەنجێك بەکاری هێناون، کە بەرنامەسازییەکەش دەکات هەندێ جاریش رەوشی سەر تەختەی شەترەنجەکەش نازانێت، بەدەگمەن ئەگەرنا پرس بە پاوڵیش ناکات، بەڵام هەندێ جار ئامۆژگارییەکانی تشینی و رامسفیلد بە هەند وەردەگرێت، ئەو تەنها خۆی بڕیاری لەسەر هەموو هەنگاوەکان دەدا.

هەڵەکانی سوپا

بۆش پرسی بە کەسایەتی ژەنەراڵ (تۆمی فرانکس) سەرکردەی هەرێمایەتی ئەفغانستان و عێراق کردووەو بەردەوام مامەڵەی لەگەڵدا هەبووە، ئەویش هاوولاتییەکی تەکساسییە. پەیامێنری پێشووی بنتاگۆن (تۆماس ریکس) لە رۆژنامەی وۆل ستریت ژوورناڵ و پەیامنێری بنتاگۆنی ئێستایە بۆ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست، ئەو وتبووی، هەڵەکان رەنگدانەوەی لەسەر دامەزراوەکان هەبووەو سوپاش لە شەڕەکەی عێراق زۆر لوتبەرزی پێوەبووە. بە ئامادەبوونی هەردوو هاوسەرەکانیان، لە رۆژی ٢٤ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٣ بۆش و برێمەر لەسەر خوانێکی ئێواراندا لە واشنتۆن بە یەکەوە دانیشتوون. کە بۆش سەیری کارنامەی ئەو دەکات، کە بە هۆی بیست راوێژکارەوە دەگەیشتنە دەستی، لەوێ بۆش وتبووی:

من دەزانم تۆ کارگێڕیت خوێندووە، منیش کارگێڕییم خوێندووە، بەلام دیارە تۆ ژمارەیەکی زۆری راپۆرتت دەگاتە دەست.!

کە لەگەڵ بۆش بە یەکەوە برێمەر لە کلوپی سپۆرتی کۆشکی سپی پیاسەی دەکرد، لەوێ بۆش لەو دەپرسێت، ئایا رامسفیلد لە کاری رۆژانەی خۆیدا، چاودێری و سەرپەرشتی راستەوخۆی کارەکانی تۆ لە نووسینگەکە دەکات، ئاگاداری هەموو شتەکانە، برێمەر وەلام دەداتەوەو دەڵێت، گرنگ نییە سەرۆک بۆش سەرسام دەبێت. دیارە کەوا بۆش و ژمارەیەکی کەم لە واشنتۆن دەیانزانی ئەومیان رەوشتێکی رامسفیلدەو لەو دەوەشێتەوە.

گۆڕانی ڕێگای کاروانەکە

لە ڕووی سیاسییەوە بڕیار دەدەن کەوا لەبەر دژواری بەرگری و بەرهەڵستی زۆر ناتوانن خۆڕاگرن، ئەوە دەبێتە مایەی نیگەرانی و بۆچوونی چاوەڕوان نەکراو. پاش دە ڕۆژ لە سەرکەوتنی دووهەم جاری بۆش بۆ سەرۆکایەتی ولایەتێکی تر، ڕێك پاش دووەم پلان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوشی شاری فەلووجە، کۆڵن پاوڵ هەر یەك لە بۆش و بلێر لە ڕۆژی ١٢ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٤ لە کۆشکی سپی دەبینێت، لەوێ پاوڵ وتبووی:

هێزەکانمان ژمارمیان کەمە و ناتوانین کۆنترۆڵی سەرزەمینەکە بکەین. ئەو بۆچوونەی کۆڵن پاوڵ هاوسۆزی بۆچوونەکانی بریمەر دەبێت. بۆش و بلێر لەگەڵ ئەوەدا بوون ڕێڕەوی کاروانەکەیان بگۆڕن، بڕیارێك بدەن هێزەکانیان زۆرترو چڕتر بلاوبکەنەوە، ئەوەش پاشەڕۆژی باش نەبوو، بەلام هەردووکیان دەستەوەستان بوون، دەسەلاتیان نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعەکە. لەبەرئەوەی هەردوو سەرۆك تووشی لوتبەرزی هاتبوون، بۆیە ئاسان نەبوو بڕیارو کارنامەیان بە ئاسانی بگۆڕن، چونکە بەوە دانیان بە هەڵەکانیاندا دەناو شکستیان لەسەر دەبووە ماڵ. بلێر شانازی بەوەوە دەکرد کەوا ئەو هەنگاوە پاشەکشەی تێدا نییە. بلێر ئەو قسەیەی لە بەردەم کۆنگرەی حیزبی کرێکاران کردووە، ناکرێ بانگەشەی زۆرتر لە عەبەسییەت لەوە زۆرتر بکات. بۆش بەوە ناسراوە کەوا زۆر کەللەڕەقە، گاڵتەشی بەوە دەهات هاوکارو پشتیوانی زۆر بێت، تا شەڕە ناوخۆییەکە لەناو عێراق گەرم و گەورە نەبێت، ئەو هەر بە

شانازییەوە دەستەواژەی (سەرکەوتن) ی دەوتەوە. بەلأم کە لە هەلبژاردنە تەواوکەرەکەی سالی ٢٠٠٦ شکست دەخوات، رازی دەبێت ٢١ هەزار سەرباز رەوانەی بەغدا بکات، لەوەدەمانەش بلێر زۆر تەنگاو کرابوو، بۆیە بە باندۆری ئەو هەژموونە پێگەکەی لە ١٠ دوانسنگ ستریت چۆل دەکات، بڕیاریش نادات هێزەکانی لە عێراق زۆرتر بکات، یان بڕیار بدات لە شاری بەسرای خواروی عێراق هێزەکانی بکێشێتەوە.

لوتبەرزییەکەی پاش داگیرکردنەکە

سەبارەت بە بۆچوون و ئاگاداری بلێر لە رەوشی پاش داگیرکردنەکەی عێراق، ئەو بەرنامەرێژیی نەکردبوو، ئەوەش باش لە لێدووانەکەی جۆرج بۆشەوە دەردەکەوێت کە لە پێش ئامادەبووەکانیدا لە رۆژی ١١ ی مایۆی سالی ٢٠٠٣ داو دە رۆژ پاش رووداوەکان وتبووی:

نەبەردییەکە کۆتایی هات.

بلێر کۆنە سەفیری خۆیانی لە میسر (جۆن ساورز) بۆ کارێکی بایەخدار ناردبووە بەغدا، کە پێشتر لە بارەگای سەرۆک وەزیران کاری کردبوو، ئەو لەوێ بە نووسینی راپۆرتێك بە ناوی (عێراق و چۆنیەتی ئەو هەلأنەی کە روویاندا). لەوێ بە کورتی بەو شێومیە باس لە تیمە ئەمریکییەکە دەکات، کە پاش داگیرکردنەکە بە سەرۆکایەتی ژەنرال (گای گارنر) کە کورتکراوەکەی بەو شێومیە بوو، (لە نەبەردییەکەدا سەرکردایەتییەك نەبوو، ستراتیژییەك نەبوو، لەگەل یەکدا

هاوئاهەنگی نەبوو، لەگەڵ هاووڵاتییە ئاساییە عێراقییەکانیش هاوکاری نەبوو).

ئەوەی لە بۆچوونەکانی ساورز دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کەوا ئەوان پێویستییان بە ژمارەیەکی زۆری هێزی تر هەبووە، بۆیە پێشنیار دەکات:

بیر لەوە بکرێتەوە کەوا هێزو چالاکییە بریتانییەکان بچنە ناو شاری بەغداش، ئەگەرچی کێشەی زۆری سیاسیش لە ئارادا بوو، چونکە بڵاوبونەوەی کەتیبەیەکی ئێمە لە شەقامەکاندا باندۆری باشی دەبێت.

یەکێك لە پلەدارە سەربازییە ئەمریکییەکان ژەنراڵ (ئەلبێرت ویتلی)، کە پلەدارێکی بەرزی سوپابوو، هاوسۆزی ئەو بۆچوونەی کردبوو، ئەو لە بارەگای سەرکردایەتی ئەمریکییەکان ژەنراڵ (دیڤید ماکیرنان) کاری کردووە، مەسەلەکەش ئەوە بوو کەو' پێویستە تیمی هێرشبەری ئاسمانی ١٦ لە عێراق ئاراستە بکرێت بۆ کارکردن لەناو بەغدا، کە بڕیاربوو ئەو تیمە بگەڕێتەوە وڵات. راپۆرتەکەی ساورز بۆ سەرۆك وەزیران زۆر جدی بووە، کەوا ئەوان هەزارەها سەربازیان لە بەسرا هەیەو مەترسییان لەسەرەو رەوشیان ترسناکە، چونکە ئەگەر مەترسییەکان لەسەر بەغدا بەردەوام بێتو گوشارەکە هەر هەبێت، کاریگەری لەسەر بەسراش دەبێت، بۆیە پرسیارەکەش ئەوەبوو ئایا راپۆرتەکەی ساورز چ کاریگەرییەکی لە داونەنگ ستریت دانابوو...؟

(ئەنتونی سیلدۆن) دەگێڕێتەوە:

کە بلێر گوێی لەو بەرنامەیە دەبێت، بە هەموو شێوەیەك

دژایەتی دەکات، بەڵام هیچ روونادات، لەلایەن (مایکل ووکر) ەوە کە لە پاش ئەدمیرال سیر (مایکل بویس) کرابووە سەرۆکی هەیئەتی ئەرکان، بە توندی دژایەتی کراوە. ئەنجومەنی ئیدارەی شەڕەکە دەیتوانی چاو بە بەرنامەی بڵاوەپێکردنی هێزەکاندا بخشێنێتەوە، ئەگەر ئەوەشیان کردبوایە سەرۆك بۆش موستەحیل بوو دژایەتی بکات.

ئەوەی پرسیارەو جێگای سەرسوڕمانە بۆچی هێزەکانی بریتانی پاش داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستان ژمارەی هێزەکانیان کەمە، ئەوەش بەپێچەوانەی کاتی هێرش و شەڕەکان بووە کە ژمارەیان زۆرتربووو، ئەوەش لە رووی سەربازییەوە بەنهێنی ماوەتەوە. مەسەلەکەش بە شێوەیەکی زۆر پەیوەندی بە میزانیەو ئاستی ژمارەی هێزەکانی دواڕۆژ هەیە لەو ناوچەیەداو، بەندە بە هەڵسەنگاندنی پیشەیی بۆ زانینی پێویستییەکان لەو جۆرە هەنگاوو شوێنانەدا. لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی سەربازانی ئەمریکی کە لە عێراقدا لە ژێر خزمەتدا بوون دەگەیشتە ١٤١ هەزار سەرباز، هاوشانی ئەوانەش ژمارەی سەربازانی هێزە فرە رەگەزەکانیش ١٦٥٠٠ سەربازبوون، کە لە ٢٧ وڵاتەوە هاتبوون، لەوانەدا سوپاکەی بریتانی لە هەموویان زۆرتربوو، کە ژمارەکەیان ٧٢٠٠ سەربازبوو. کە لە مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی سەربازانی ناو عێراق زیاد دەکات، ژمارەی سەربازە ئەمریکییەکان دەگاتە ١٦٠ هەزار سەرباز، ئەوەش نەدەگەیشتە ئەو ژمارەیەی کە ژەنراڵ شینسکی پێشنیاری کردبوو، کە ژمارەیان بگاتە ٢٠٠ هەزار سەرباز.

بە کۆتایی هاتنی پلانی داگیرکردنەکە ژمارەی سەربازە

بریتانییەکان لە ساڵی ۲۰۰۳ لە ۳۰ هەزار سەرباز کەم دەکرێتەوە بۆ ۱۸ هەزار سەرباز، لە ماوەی تەنها یەك ساڵیشدا ژمارەکە هەر کەم دەکرێتەوە تا دەبێتە ۸٦۰۰ سەرباز، بەڵام لە کۆتایی مانگی ئۆگستی ساڵی ۲۰۰۷ دا ژمارەکە دەگاتە ۵۵۰۰ لە نێوان فڕۆکەخانەو کۆشکی بەسرادا دەمێننەوەو ژمارەیان زۆر ناکرێن. لە سەردەمی بلێر ژمارەکان بەرامبەر هێزەکانی ئەمریکی کەم دەکرێتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی ژمارەکە وەك ژمارەیەکی رەمزی هاوشانی ئەمریکییەکان دەمێنێتەوە، وەك چۆن بلێر بەڵێنی دابوو.

بەشی پازدەهەم

بۆش و بلێر لە نەفامییەوە تووشی لوتبەرزی هاتن

تێوەگلانێکی مەترسیدار

لە ساڵی ٢٠٠٧ بە ئاشکرا روون دەبێتەوە کەوا هێزەکان لە ئەفغانستان ژمارەیان کەمە، بۆیەش ئارامکردنەوەی ناوچەکە کاتێکی زۆری گەرەکە، هەروەها هەمان رەوشیش لە عێراق رەچاو دەکرا، ئەگەر ئارامیش دابین بکرێت، ئەوا پارێزگاریی کردن لەو ئاشتیو ئارامییەش ئاسان نییە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ تالیبانەکان لە خوارووی وڵات کەوتنەوە جموجۆڵو چالاکی. بریتانیا لەناو چوارچێوەی هێزەکانی ناتۆ داواکاربوو ژمارەی سەربازەکانو هێزەکانی زۆرتر بکات، حکومەتیش نەیدەویست لە مەترسییەکانی دوارۆژی ئەو کارە هاووڵاتیانی ئاگادار بکاتەوە، لەودەمانەدا وەزیری بەرگری حکومەتەکەی بلێر، (جۆن رید) ئامازەی بەوە کردبوو کەوا هێزە بریتانییەکان بە سەلامەتیو بەبێ ئەوەی یەك تەقەش بکەن، پاش سێ ساڵی تر دەگەڕێنەوە وڵات. بریتانیا مێژووییەکی دووری هەیە لە دەستێوەردان لە وڵاتی ئەفغانستان، لە گەرمەی هێزو دەسەڵاتدا هێزەکانی ئیمپراتۆریەت شکانێکی مەزنی بەسەرهاتووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە شەڕێکی دژوارو بەدرێژایی وەرزی هاوین ، لە خوارووی ئەو وڵاتەدا شکاون، لەوەشدا دیارە کەوا هێزەکانی ناتۆ پێویستی بە هێزی زۆرتر هەبووە، بۆیەش ناتۆ لە شاری ریگا لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ کۆبوونەوەیەك دەبەستن، بەڵام لەوێدا ناگەنە ئەنجامێك کە هێزەکانیان زۆرتر بکەن.

کەلێنێك ... بۆ تێکدەرو تاوانبارەکان

جیرمی گربینستۆك سەفیری پێشووی بریتانیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی لە ساڵی ۲۰۰۳ دا ڕەوانەی بەغدا کرابوو، سەبارەت بە بۆچوونەکانی ساورز وتبووی:

دیارە سەرەتا کەس بۆ ئارامکردنەوەی ڕەوشی بەغدا ئاراستە نەکرابوو، کار بۆ ئەوە نەکرابوو ئارامیو یاسا لەو شارەدا بپارێزرێت، دیارە کەوا سوپایەکی ئامادەو پۆلیسی سازکار نەبوو، تەنها سوپا سەرکەوتووە داگیرکەرەکە هەبووە. لەو ڕەوشە نالەبارەدا ژەنراڵێکی ئەمریکی نەبوو، کار بۆ سەقامگیری ئارامیو هێمنی بکات، کەس ئەوەی بە ئەرکی خۆی نەدەزانی، لە سەرەتاوە هەستکراوە کەلێنێك هەیەو لەو بۆشاییەدا زوو تاوانبارەکان، تێکدەرەکان، یاخیبووەکان کەوتنەخۆو زیانی زۆریان بە ڕەوشەکە گەیاند.

خاڵی وەرچەرخان

لە ڕۆژی ۲۹ی ئۆگۆستی ساڵی ۲۰۰۳ لە ناو مزگەوتی ئیمام عەلی لە نەجەف پیرۆز دەستدرێژی کرایە سەر ئایەتوڵا باقر ئەلحەکیمو کوژرا، ئەو پیاوە سەرکردەیەکی دەسەڵاتداری میانڕەوی شیعەکان بوو، بۆیەش بلێر هیوای بەوە نەما کەوا ڕەوشی عێراق لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ئارام بێتەوە، لە ڕۆژی ۱۹ی ئۆکتۆبەر لەبەر ئازاری دڵی، بە خێرایی بلێر دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە. ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری

ڕەوش و بەرنامەو ژیانی تایبەتی بلێر بوون، دەیانزانی ئەو لە ساڵانی ٢٠٠٣و ٢٠٠٤ زۆر ماندوو پەریشان دەبێت، بۆیەش زۆر بڕوای بە خۆی نامێنێت. لە ئاهەنگی ساڵانەی دبلۆماسی کۆشکی باکنگهام لە ڕۆژی ٤ ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٣دا ماوەیەکی کورتم بۆ سازبوو، کەمێک بە یەکەوە باسی عێراق بکەین، بۆیەش ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی لە هۆڵی ئاهەنگێڕانەکە من لە تەنیشتییەوە دانیشم، تا زۆر بە جدی باس لەو مەسەلەیە بکەین، لەبەر گەرمی باسەکە ئەو ئاگای لە کەسە دبلۆماسە بێگانەکانیش نەمابوو.

من لەگەڵ تۆنی بلێر لەسەر ئێوارە خوانێک لە مانگی یۆلیۆ بە یەکەوە بووین، لەوێ هەستم دەکرد من لەگەڵ سەرکردەیەکی دڵسۆز دانیشتووم، بەڵام لەو دیمانەیەدا هەستم دەکرد ئەو کەسایەتییەی جارانی نەماوەو کەمتر بڕوای بە خۆی ماوە. دیارە کەوا ڕووداوەکان کاریان لەو کردبوو، بە تایبەتی کە لە عێراق هیچ جۆرە چەکی کۆمەڵکوژییان نەدۆزییەوە، ئەومیان زۆری هەژاندبوو. من لەوێ خەمم بۆی خواردو هاوسۆزیم لەگەڵیدا نیشاندا، من ویستم کەمێک ئازارەکانی سووک بکەم و دڵی خۆش بکەم، بەڵام دەترسام هەڵەیەک ڕووبدات، چونکە کە تێگەیشتم ئەو کەسێکی بێ ئەزموونە بەوەیان تووڕە ببووم، بۆیە خۆم لەو مەسەلەیە دوور ڕاگرت.

دڵتەنگیو وازهێنان

لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کەوا بلێر دەسەڵاتی لە دەستداوەو میسداقیەتی نەماوە، بۆیە وا باش بوو بە زووترین کاتو نزیکترین وێستگەش دەست لەکار بکێشێتەوەو وازبهێنێت، کارێکی تر بۆ ئەو باشترو گونجاوترە. لە رۆژنامەی سەندای تایمزدا لە رۆژی ٤ ی مانگی یەنایەردا وتارێکم لە ژێر ناونیشانی (دەسەڵاتە خۆییەکەی، قەیرانی ئەلسویس بۆ بلێر بە میرات دەهێنێتەوە)، من ئێستاو ئەودەمانەش لەگەڵ روخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن بووم، ئەو پرۆسەیەشم بە شەرعی زانیوە، بەڵام من پێشنیارم کرد بلێر دەست لەکار بکێشێتەوەو پێش کاتی هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٠٥و لە پۆستی سەرۆك وەزیران دووربکەوێتەوە. بلێر نەیدەتوانی بڕوای هاووڵاتیانو پەرلەمان دووبارە وەربگرێتەوە، کە سەربازەکانی لە گۆڕەپانی جەنگدا دەکەوتن، دەبوایە ئەو بڕوایەی پێ هەبووایە. ئێمە هەموولایەك باشمان دەزانی لە پاش جەژنی پاك (فسح) ساڵی ٢٠٠٤ دا سەرۆك وەزیران، فشارێکی توندی لەسەرە، ئەوانەش هەموو لە ئەنجامی مەسەلە ناوخۆییەکانی ناو عێراق هاتنە پەیدابوون، ئەو وەك سەرۆك وەزیران لەو قەیرانەدا کەمتەرخەم بوو، ئەرکی خۆی وەك سەرۆك وەزیران رانەدەپەڕاند. هەموو رۆژنامەکان لە ئاستێکی باڵاوە بێدەنگ بوون، زۆر بە دیسپلین بوون، لەوەشدا لەسەر حەق بوون، مەسەلەکەیان وەك بابەتێکی یەك خێزانی تایبەتی وەرگرتبوو.

بلێر بەراستی لە کۆتایی مانگی مایۆو سەرەتای مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٤ دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێت، بەڵام نازانم ئەوەیان لەبەر

ئەوەبوو کەوا لە پۆستەکەیدا فەشەلی هێنابوو، یان ماندوو ببوو، یان دڵتەنگ و بێزاربوو، رەنگە هەموو ئەگەرەکانی وازهێنانەکەی ئەو لەو پۆستەدا راست بێت. هەندێ لە برادەرەکانی دەڵێن دڵتەنگی و بێزارییەکانیشی رەنگدانەوەی روودانی هەڵەکانی بوو بێت.

پاش ئەوەی جاک سترۆ هانی بلێر دەدات، لەناکاو بەبێ ئەوەی پرس بە وەزیرەکانیش بکات، پاش جەژنی پاک بڕیاردەدات ریفراندۆم لەسەر ریکەوتنامەی یەکێتی ئەوروپی بکرێت. چەند برادەرێکی خۆی هانی دەدەن نیستیقالە نەدات، لەوانەی لە ئەنجوومەنی وەزیران لەو نزیکبوون، بەڵام وەزیری دارایی گۆردن براون حەزی دەکرد ئەو واز لە پۆستەکەی بهێنێت تا شوێنەکەی ئەو بگرێتەوە، بەڵام دوایی رازی دەکات دەست لە کار بکێشێتەوە، چونکە بۆ وڵاتەکەیان و حیزبی کرێکارانی بریتانی وا باشترە ئەو لە وەرزی پایزی داهاتوو کە دەکاتە پێش بەستنی ساڵانەی کۆنگرەی حیزب وازبهێنێت.

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۲۰۰۳ بلێر کێشەی دڵی بۆ پەیدا بووە، لەگەڵ هاوسەرەکەی سەردانی دورگەی سردینیایان کردووە، دووبارە کێشەکەی دڵی سەری هەڵداوەتەوە، کە لە ماڵی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵی (سیلفیو بیرلسکۆنی) ماوەتەوە. هاوڕێی بنەماڵەکەی بلێر لۆرد (میلفین براگ)، پاش ماوەیەک ئەو هەواڵە رادەگەیەنێت. ئەو هاوینە بلێر فشارێکی زۆری لەسەر بووە، لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ۲۰۰٤ وتبووی:

فشارەکانی ناو خێزانەکەیان و کێشە تایبەتییەکان بلێری تەنگاو کردبوو. لەو ماوەیەدا بلێر کە وەک سەرۆک وەزیران لە پێش

پەرلەماندا لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردبوو، دوو جار لێدانی دڵی زۆر ببوو.

کە کاتی بەستنی کۆنگرەکەی حیزب نزیک دەبێتەوە بلێر بە هاورێیەکانی لە ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بە وازهێنانەکەی دەبێژێت، ئەو تا کاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پێشڕەوییان دەکات، ئەوەشی لە رۆژی ٣٠ی مانگی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٤ راگەیاندبوو. بەڵام هەر لەو بۆنەیەدا وتبووی بەشداریمان لەو هەڵبژاردنەدا دوا پرۆسەی کارکردنمە، ئەوەشی وەك لێدوانێك نەوتبوو، بەڵکو ئەنجامی بیرکردنەوەو سازکردن بووە، چونکە لەو دەمانەدا لە لەندەن خانوویکی بۆ بەسەربردنی کاتی خانەنشینیەکەی کڕیبوو. ئەو لێدوانەشی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو قسانە بوو کە لەسەر تەندروستیو نەخۆشییەکانی ئەو دەکرا. بەڵام بۆ بەیانی کە لێدانی دڵی ئاسایی نەبوو سەردانی کلینکی نەخۆشخانەیەکی کردبوو، لەوێدا دکتۆرەکان پێیان وتبوو، دڵت لاوازی لە لێدانی گوێچکەکانیدا هەیە، لەو دەمانەش ئەو لە هەموو دەمێك زۆرتر لە تەنگژەی عێراقو سیاسەتەکانی نوێ، بیرکردنەوەو کاری گەرمی ویستبوو. دووبارە بریتانیا دووچاری سەرۆك وەزیرانێك دەبێتەوە کەوا نەخۆشی هەیەو لە خەڵکەکەی دەشارێتەوە، بە ئاشکرا ئەو رەوشەی تەندروستی دەشارێتەوەو خۆی وا دەردەخات کەوا تەندروستیو فۆرمی جەستەیی زۆر سەلامەتە.

هەرچەند دەزانرا تەندروستی بلێر بەرەو باشی ناڕواتو قسەی لەسەر دەکرا، دەنگۆی ئیستیقالەکردنەکەی دەهاتەوە باسکردن. بەڵام ئەوانەی دووچاری دیاردەی لوتبەرزی دەبن، وا دەزانن کەس نییە

جێگەیان بگرێتەوەو پۆستەکەیان تەنها لەوان دەوەشێتەوە، کەواتە ناکرێ دەسبەرداریان بن. لە رۆژی ١٤ ی یولیۆو بە ئیمزای بتلەر راپۆرتێکی هەوالگری بلاودەکاتەوە، تێدا هاتبوو کەوا زانیارییە هەوالگرییەکانمان پێش داگیرکردنەکە شکستی هێنابوو. ئەگەرچی خۆی بنچینەکانی ئەو راپۆرتەی دارشتبوو، کە دەزانێت دمایشەکە هیچ گۆرانێك دروست ناکات، تووشی شۆك دەبێت. کە وەزیرێکی کۆنی وەك لۆرد بتلر بۆ لێکۆڵینەوەکە دادەنێن، سەرۆك وەزیرانیش وەزیرێکی هاورێی خۆی لە لیژنەکە دادەنێت، بلێر دەزانێت کەوا رۆژەفی لێکۆڵینەوەکە بەرەو ئەوە ناچێت، داوا لەو بکەن ئیستیقالە بدات. بەلام راپۆرتەکەی بتلەر سەبارەت بە لاری لایەنی هەوالگری پێش شەرەکە زۆر لایەن باس دەکات. بەو شێوەیە کارنامەی تۆنی بلێر هەڵدەسنگێنێت، بەتایبەتی لە نەرم نواندنی لە برپارە گرنگەکاندا:

کە هەستمان کردبوو سیمایەکی نارەسمیو بێ سنوور لە چالاکییەکانی حکومەتدا هەیەو مەترسییەکانیش کێشەکان ئاسان دیار دەدا، دیارە کەوا کۆی ئەحکامە سیاسییەکان، پابەندبوون بوو لەسەر لیستێك لە زانیاری، ئەوانە هەموو بێزاری کردبووین. راپۆرتەکە ورد دارێژرابوو، کاریگەریەکی زۆریشی دەبوو ئەگەر ماکینەی راگەیاندنی بلێر شوێنەوارەکانی سارد نەکردبوایەوە.

پێش وادەی هەڵبژاردنەکە بلێر ویستبووی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بە تەنها بکات و رۆڵی گۆردن براون کەم بکاتەوە، بەلام ئەو سیاسەتە لەلایەن رای گشتییەوە هەرەسی هێنابوو، بەتایبەتی لەلای هەوادارانی حیزبی کرێکارانەوە، بۆیە بە پەلەو بە هێزەوە

گۆردن رۆڵی سەرەکی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە دەگریتەوە ئەستۆ، بەوەش حیزبی کریکاران هەڵبژاردنەکە دەباتەوە، بەلام زۆرینەکەی کەمیك کەم دەکاتەوە، کە تییدا ٣٦٪ لە کۆی دەنگەکان بەدەست دەهینیت، بەوەش حیزبی کریکاران کە تەنها ٩،٦ ملیۆن دەنگ دەهینن و دەسەلاتِ بەدەست دەهینن، کە پیشتر لە سالی ٢٠٠١دا (١٠،٧) ملیۆن و لە سالی ١٩٩٧دا (١٣،٥) دەنگیان هەبووە، بۆیەش بەنهینی هەستیکردبوو ئەوەیان هەرەسیکی گەورەیە بۆ حیزبەکەیان، دیارە کەوا شەرەکەیان لە عیراق یەکیکە لە هۆکارەکانی شکستەکەیان. سەرەرای ئەو شکستەش بلیر خۆی دەست بە پۆستەکەیەوە دەگریت و واز ناهینیت، ئەگەرچی دەنگەکان، کورسیەکانیش کەم دەبیتەوە، بەلام ئەو بروای زۆری بە خۆی دەبیت، هەرگیز باس لەوە ناکات بۆچی ولاتەکەی مەسەلەی عیراقی لە کۆڵ نابیتەوە، دووبارە لە سالی ٢٠٠٥ دیاردەی لوتبەرزییەکەی دەگریتەوە، بەلام وەك سالانی ٢٠٠١و ٢٠٠٢ نەبوو. ئەو کە لە بارەگاکەی خۆیدا لە ١٠ داونـنگ ستریتەوە وای دەزانی تەنها ئەو دەتوانیت بەرنامەکانی حکومەتەکەی کە برگەکانی بریتین لە چاکسازی پەروەردەو تەندروستی جیبەجی بکات، وەك چۆن لە کاروبارە سەربازییەکان دەستی دەرەکییەکان بوارەکەی لار کردبوو، بەوەش خزمەتگوزارییەکان و گیانی کارکردنی کارکەرەکانی لاواز کردبوو، بۆیەش قازانجی سامانە تایبەتییەکان لەو بوارەدا دیتە خوارەوەو زۆریش کەم دەکات. پیش سالی ٢٠٠١ بەرپرسەکانی هەڵبژاردنەکانی وایان دەزانی کەوا بلیر زۆرتر لە ئەنجامی بریارەکانی رادەگەیاند، جا چ لە سەرەتای جڤینەکە بوایە یان لە کۆتاییەکەیدا.

یەکێك لە وەزیرە کۆنەکان کە لە دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٤ کێشەیەکی لەگەڵ ئەودا هەبوو وتبووی:

لەو حکومەتەدا دەسەلاتی مەرکەزی کاری زۆر بۆ دەکرا، کەمیش دانوستانی لۆژیکی لەسەر هەموو ئاستەکان لەبار بوو. ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو رۆژەش وا دەزانم خراپ نییە، بڕیاریش دەر ناکات، ئەوانەش هەموو نیشانەی نالەباری حکومەتەکەیە لەو ولاتەدا. بلێر هەر لە ساڵی ٢٠٠٢وە دەسەلاتەکانی لە بن دەستی خۆیدا بووە، کەم گوێی لە ئامۆژگارییەکان راگرتووەو پرسی بە وەزیرەکان نەکردووە، تا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی بایەخی بە بۆچوونەکانی هەردوو وەزیری دەرەوەو بەرگریش نەداوە، ئەوەش لەوەدا رەنگی دایەوە کەوا نەیتوانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دووەم وەرگرێت. دەڵێن گوایە کە جاك سترۆ لە دوورگەی ئازور لە رۆژی ١٦ی مارسی ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوەو رۆژمێکەی بە سەرۆك وەزیران نیشانداوە، سترۆ لەو کاتەداو لە گەرمەی شەڕەکەدا نیازی بوو بە بلێر بسەلمێنێت هێزە بریتانییەکانی ناو عێراق کە بەغدا گیرا تەنها کار بۆ ئاشتی بکەن، پشتیوانی سیاسیو مەعنەوی تەواوی داگیرکردنەکە بکەنو بەس. دۆناڵد رامسفیلد بەئاشکراو بەروونی وتبووی:

ئێمە بە تەنهاش بین، دەچینە ناو عێراق، سوپاکەمان ئامادەیە ئەو ولاتە بگرێت، هیچ پێویستمان بە یارمەتیو کۆمەکی بریتانییەکانیش نییە.

بلێر ئامۆژگاریو راسپاردەی سترۆی بە هەند وەرنەگرتووە، بۆیەش لەوەدەمانەدا سترۆ دەست لەکار دەکێشێتەوەو ئەوەش

کاردانەوەی نێگەتیڤی لەسەر کارنامەی بلێر هەبووە، لەسەر ئاستی ناوو پێگەی بریتانیا بەرامبەر ئەمریکاو وەستانیان لە رووی قەیران و پێشهاتەکان لاوازیش بوو. یەکێك لەو رەوشتەی بلێر هەیبوو کەسەکانی بەرامبەری بە سووك سەیر دەکرد، کەسێکی ئاگادار لە بارەگای سەرۆك وەزیرانەوە دەگێڕێتەوە، کە وەزیری دەرەوەو سەرۆك وەزیران پاش دەرچوونی ریفراندۆمەکەی فەرەنسا لەسەر دەستوورەکەی یەکێتی ئەوروپی، کە ئەنجامەکەی نەخێریان بۆ دەستوورەکە دابوو، بە یەکەوە قسەیان کردبوو، بلێر بە سووکییەوە سەیری کردووە. سترۆ لەگەڵ نەخێردا بوو بۆ دەستوورەکە کە لە ساڵی ١٩٧٥ رای گشتی لە ریفراندۆمێکەوە دەنگیان بۆی دابوو، بۆیەش ئەو دەرئەنجامەکەی فەرەنسای پێ خۆش بووە، دەڵێن کە بەیەکەوە لەسەر ئەو ئەنجامە قسەیان کردووە، بە نزمبینین و بە رقەوە وتوویەتی (قەحبە)، کە قسەکە بڵاودەبێتەوەو زوو بە نادروستێ دوور لە راستی بە رەسمی وەڵامی دراوەتەوە، بەڵام چیرۆکەکەو قسەکە زۆرو خێرا بڵاودەبێتەوە. سترۆ ئەگەری لێدانی سەربازی پێشوەختی مەڵبەندە ناوەکییەکەی ئێران بە (شێتی) پێناسە کردبوو. لەسەر ئەو بۆچوونانە بلێر پێگەی جاك سترۆ دادەبەزێنێت، لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠٠٦ (مارگرێت بیکێت) ی ناشارەزا لە بواری دەرەوە لەو پۆستەی ئەو دادەنێت، هەروەها بۆ وەزارەتی بەرگریش وەزیرێکی نوێ دەستنیشان دەکات، جیف هۆن ئەو وەزیرەی لە کاتی شەڕەکاندا پشتیوانی بلێری کردووە دەیگۆڕێت.

قەیرانەکەی لوبنان

لەگەڵ پەیدابوونو سەرهەڵدانی قەیرانەکەی لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، پەلاماردانەکەی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، بلێر دوو وەزیری دەرەوەو بەرگری لاوازو کەم ئەزموونی هەبووە، هەردووکیان نەیانتوانی بەرگری رووبەڕووبونەوەکەی بوّشو بلێر بگرن بۆ شەڕ راگرتنەکە، چونکە هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر پێگەکانی حیزبولاّ بەردەوامو دژوار بوون، لە هەموو لایەکیش رەخنەیان ئاراستە دەکرا. ئەو بوردمانە دژوارە لەسەر ژێرخانی لوبنانی هیچ کاریگەری نەبوو لەسەر راگرتنی مووشەکەکانی ئەو حیزبە لەسەر ئیسرائیلو توانا سەربازییەکەی لاوازو شکست نەکردبوو. بلێرو بۆش بە یەکەوە ئیمزای بەیانی لوتکەی هەشت وڵاتە گەورەکەیان لە سانت پترسبۆرگ کردبوو، بۆ ناردنی خێرای هێزە فرەڕەگەزەکان بۆ ناوچەکە تا بە زووترین کات شەڕەکە راگیرێت.

هەڵوێستێکی بەدڕەوشتانە

لە نمایشی پرێس کۆنفرانسێك کە لە رۆژی ٢٨ ی یولیۆ لە واشنتۆن بەسترا، هەردووکیان رازی نەبوون فشاری دبلۆماسی بکرێت بۆ ئاگربەستەکە. تەنها ئەو دوو سەرکردەیە لە هەموو جیهان وایاندەزانی بە پێکانی پێگەکانی لوبنانو بۆردومانی باڵەخانەکان لە ناوچە نیشتەجێیەکان (حزب اللە)ی لوبنانی دەشکێنن. لەناو ئیسرائیلیش

رەخنە لەسەر ستراتیژیەتی ئیسرائیل دەبیستر‌ا، بۆیە قسەکانی ئەوان لەسەر بەهاکان بە ڤالآیی دەمایەوەو سەدای نەبوو، نەدەکرا لەسەر هەڵوێستەکانی بلێر لە رووی ئەخلاقییەوە بەرگری لێ بکرێت، ئەو هەڵوێستە لە سەرەتاوە شکستی سەربازی دەگەیاند. ئەو لە لوس ئەنجلوس وتبووی:

کەوانەی توندڕەوی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرین دەبێتەوە.

لەگەڵ بۆش خۆیان لە شکستەکەی ناو عیراق دوور دەگرت، بەوەش زیاتر ناوچەکەیان گڕدارتر کرد، ئەوەی جێگای رامانە لوبنان نابێتە عێراق، بۆیەش پەرلەمانتارە میانڕەوەکانی حیزبی کرێکارانی بریتانی لە پەرلەماندا هاواریان لێ هەڵساو وتیان (بەسە...!)، بلێریان ناچارکرد بەئاشکرا لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ دا بڵێت من ئەوە دوا جارە لە کۆنگرەی حیزب بەشدار دەبم.

شوێنەوارە کارەساتبارەکە

کە گۆڤاری لانسیتی پزیشکی لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٦ لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی جۆنز هۆبکر بڵاودەکاتەوەو دەنووسێت کەوا ٦٥٠ هەزار کەسی سڤیلی عێراقی لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٣ دا لەناوچوون، ئەوەش شوێنەوارێکی ترسناك‌و کارەساتباری لەسەر بلێر دروستکردبوو. لەسەر ئەو ئامارەش وەك هەموو کارێکی ئاساییان قسەکەرێك بە ناوی بلێرەوە ئەو ژمارەیەی بە نادروست وەسفکردبوو. بەڵام ئێستا بۆمان رووندەبێتەوە کەوا راوێژکارە زانستکارەکان لە

وەزارەتی بەرگری ئەو لێکۆڵینەوەیان بە (دروست)و (هاوسەنگ) پێناسە کردبوو، داواش کرابوو بە ئاشکرا رەخنە لەو لێکۆڵینەوە نەگرن‌و لەوەیاندا ئاگادارو هوشیاربن. بەرپرسێك لە وەزارەتی دەرەوە وتبووی پێویستە حکومەت لە بایەخی لانسیت کەم نەکاتەوە، کە حیزبەکەی جۆرج بۆش دەسەڵاتی لە ئەنجومەنی نوێنەران‌و پیرەکان لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ لە دەستدەدات، هەستدەکات دەبێ بەشێك لە سیاسەتەکانی بگۆڕێت، کە جاران زۆر بە لاملی کاری پێوە دەکرد، بۆیەش دوناڵد رامسفیلد لە پۆستی وەزارەتی دەرەوە دووردەخاتەوەو لە شوێنەکەی ئەو کەسێکی عاقڵی وەك (رۆبەرت گیتس) دادەنێت. هەر لەو پلانەدا دەسەڵاتی جیگری سەرۆك دیك تشینی لە ئاست وەزیری دەرەوە کوندالیسا رایس کەم دەکاتەوە. کوندالیسا بۆش بەوە رازی دەکات کەوا دانوستان لەگەڵ هەردوو وڵاتی سوریاو ئێران ساز بکات، بەڵام تەنها لە بواری ئەو کۆنگرە لۆکاڵییە هەرێمایەتیەدا کە سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراوی عێراق نوری ئەلمالیکی داوای سازکردنیان دەکات. لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٧ دا بۆش لە هەنگاوێکی دواکەوتوو ژمارەی هێزە ئەمریکییەکان لە بەغدا زۆرتر دەکات، بەڵام بریتانیا هێزەکانی لە چواردەورەی بەسرا کەم دەکاتەوە.

#ساڵی کۆتایی

ساڵی ۲۰۰۷ بۆ تۆنی بلێر ساڵی کۆتایی بوو، ئەو بە دەنگی زۆرینەی ۱۷۹ کورسی پەرلەمان گەیشتبووە ئەو پۆستە، وا دەسەڵاتەکەی جێدەهێڵێت پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەی مایۆی ساڵی ۲۰۰۷ دا لە سکۆتلەنداو ویلزو لە هەڵبژاردنە لۆکاڵیەکانی ئینگلترا شکستی زۆری بەردەکەوێت، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنە تەواوکەرەکاندا سیماو دەنگی باشتری دەبێت، بەڵام بلێر دەڕوات‌و میراتێکی وایان بۆ جێدەهێڵێت کە زیان بە هەموولایەکیان دەگەیەنێت. بۆیەش بە کۆتاییەکی ناخۆش دوماهی بە دەسەڵاتی بلێر دێت، لە رۆژی ۲۷ی یۆنیۆی ساڵی ۲۰۰۷ بلێر دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە، لە ئەنجامدا گۆردن براون ئەوەی لە پاش ئەو دێت دەکەوێتە مانگی هەنگوینی زۆر خۆش، بۆیە لەو خۆشیەدا داوا دەکات لە مانگی سێپتەمبەردا هەڵبژاردنی پێشوەخت ساز بکرێت. لەو دەمانەدا جەماوەرەکە وا هەستدەکەن قەیرانەکەی عێراق کۆتایی هاتووەو ئەو کێشانەی لە سەردەمی بلێر هەبوون نەمان. لە ناو عێراقیش هێزە بریتانیاییەکان لە بەسرا دەکشێنەوەو براونیش لە سازکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختیش پەشیمان دەبێتەوە، پاش ئەوەی هەستدەکات لە ریفراندۆم‌و راپرسییەکاندا پێشکەوتنی گەورە بەدەست هاتوون.

بەشی شازدەهەم

بۆش و بلێر لەرووی سیاسییەوە گەمە بە کارتی ئایین دەکەن

نووسەری کتێبی (ئیمپراتۆریەتی لووتبەرزی) کە بابەتێکە لەسەر عێراق، لە لایەن سەرۆکی یەکەی بن لادن لە وەکالەتی هەواڵگری ئەمریکی (مایکل شیور) ەوە نووسراوە، دەڵێت:

(لوتبەرزی رووخسارێکی زۆر خراپ نییە بۆ ئەمریکا کە دیموکراسی فەوری بنیات دەنێت، خراپیەکە لەوەدایە کە لوتبەرزییەکە لە نەزانینەوە سەرچاوەی گرتبێت).

یەکێك لە رۆژنامەنووسە هەر نزیکەکانی بلێر، فیلیپ ستیفنز کە لە رۆژنامەی فایننشال تایمز لە رۆژی ١٤ی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٦ دا وتاریکی لەژێر ناونیشانی (لوتبەرزیی ئەو داومیە کە هەموو گرفتەکانی بلێری پێوە بەستراوەتەوە) نووسیبوو. ئەزموونەکەی منیش لەگەڵ بلێر هەر لە ساڵی ١٩٩٩ەوە دەستپێدەکات، ئەویش لە کاتی قەیرانەکەی کۆسۆفۆ، لە قەیرانەکەی سیرالیۆنیش زۆرتر دەبێت، لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی ساڵی ٢٠٠١ تا هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١ی سپتەمبەر زۆرتر دیار دەکەوێت. سەبارەت بە جۆرج بۆشیش دیارە کەوا دیاردەی لوتبەرزییەکەی پاش هێرشەکەی ١١ی سپتەمبەر زۆر بە خێرایی زیاد دەکات، لە ماوەی بەشداریکردنەکەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لە ئامانجە سیاسییەکانی دەرەوەدا گەشە دەکات، ملی لەوە دەنێت بەرەو تەنهایی بڕوات، نەك دەستێوەردان،

ئەوانە بۆ لوتبەرزی دەیانگرێت

پرسیارەکەمان ئەوەیە، بۆچی هەندێ لە سەرکردەکان ئەو نەخۆشییە دەگرن، هەموویان ئەو دیاردەیە ناگرن...؟

من وا دەزانم فاکتەرەکە دەگەڕێتەوە سەر چەند رەوشی دەرەکی تایبەتیو تایبەتی ناوەوەش بۆ هەموو تاکێك، سەبارەت بە لوتبەرزییەکەی بۆشو بلێر هەردوو فاکتەرەکە بە یەکەوە هۆکاری ئەو دیاردەیەن. سەبارەت بە بوونی فاکتەری دەرەکی بۆ لوتبەرزی سەرکردەکان زانای کۆمەڵناسی (دانیال بیل) وا دەزانێت ئەو دیاردەیە پابەندە بەو سەردەمە، بۆیە ئەو وتوویەتی:

لوتبەرزی ئەو سەردەمە هەموو کۆتو ئیلتزامەکان بە بەردەوامو گەیشتنەکان رەفز دەکاتەوە. جیهانی نوێش مەزندە دەکات چارەنووسەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی (لە پاشان دێت). ئەوەی لە پاش ئەخلاقو لە پاش کارەساتو لە پاش کولتوور. جا ئەگەر ئەودەمانە مەزاجەکە وا بووبێت ئەوا زەحمەتە سەرکردەش خۆی لەبەر ئەو مەزاجە راگرێت، بەڵام من وادەزانم بۆچوونەکەی بیل لەسەر ئەمریکا زۆرتر دەبێتە ماڵ، نەك لە سەر بریتانیا. دیارە کەوا چەمکی (لە پاشاندا) بەردەوام لەگەڵ ئەمریکییەکان تەریب بووە، ئەوەش بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە کە سنوورەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکان بەرەو خۆرئاوای کیشوەرەکە دەرباز دەبوون. کە فراوانبوونەکە بەرجەستە بووە سنووورە نوێیەکە کە بۆی دەرباز دەبوون، دەبێتە فەزا دەرەکییەکە. لە کولتووری میللی ئەمریکیدا بیری هەبوونی دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێك هەیەو دەبێ ئەوەش بمێنێت، ناکرێ

رەخنەشی لێ بگیرێت، ئەوەش پێگەیەکی ناوەندی لە کولتووری ئەمریکیدا هەیە. پاڵەوان دەتوانێت جیهان لە هەموو بەدکارەکان پاک بکاتەوە، ئامادەشە بۆ نەبەردییەکە هێزی ئاگرین پەیڕەو بکات، ئەوەش لە زۆر لە فیلمەکانی هۆلیودو لە زۆربەی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکاندا بوونو هەن، هەر لەو بوارەدا ئەوەیان لەناو کولتووری گەنجەکانیاندا هەیە، کێشەکەش لەوەدایە کە مەسەلەکە بەرەو لوتبەرزی بڕوات.

شانۆو ئەکتەر

لەبەر ئەوەی بریتانیا کولتووری ئەمریکی وەردەگرێتو پێشوازی لێدەکات، بۆیە زۆر ئاساییە بەشێك لەو کولتوورە بە خۆشییەوە بقۆزێتەوە، دیارە ئەو کولتوورەش لە بریتانیا لە چاو ئەمریکا کەمترە، دیارە کەوا کولتووری بریتانی کۆنترەو زۆرتر ئەوروپی ترە، ویستو پاوانخوازییە ئیمپریالییەکانیان بۆتە بەشێك لە مێژوو. فاکتەری زۆر روونی ئەوەی کەوا روو لە دیاردەی لوتبەرزی دەکرێت ئەوەیە کەوا ئەو دوو وڵاتە بڕوا دەکەن، ئەوانە هێزی گەورەنو دەتوانن کار بۆ بەرژەوەندی هەموو جیهان بکەن، ئەوەش تەنها بەوان ئەنجام دەدرێت، ئەوەش وا دەکات سەرکردەی لوتبەرزو هەوابەرز ببێتە کەسێکی موجاهیدو دەتوانێت بە بازوو هێزەکەی جیهان لە هەموو گرفتەکان پاك بکاتەوە. سیماکانی بلێر زۆر لەوە دەوەشێتەوە کەوا ئەو کەسێکە ئامادەیی تێدایە کە کەسێکی لوتبەرز بێت.

یەکەم، وەك لە هەموو ئەو نووسینانەی لەسەر ئەو نووسراون، دەردەکەوێت ئەو لە سەرەتای ژیانیدا ئارەزووی ئەنجامی کاری هونەری هەبووە نەك سیاسەت، کە لە قوتابخانە بووەو لەکاتی ئەوەی لە قۆناغی زانکۆی ئوکسفۆرد بووە، ئەو زۆر شەیدای شانۆ بووەو نمایشی هونەری بەرزبووە وەك ئەکتەرو ئەندامی تیپێکی مۆزیکای رۆك کارکەربووە. بەوەش دیارە کەوا ئینتیمای سیاسی ئەو بە قەناعەتێکی ئایدۆلۆژی نەبووە. کە لە قوتابخانە بووە لەگەڵ پارێزگارەکاندا بووە، ئەو نەیتوانیوە فەلسەفەیەکی سیاسی دیاری هەبێت، دیار نییە ئەو رەگی قووڵی لە ناو حیزبی کرێکاراندا هەبووبێ، ئەو لە ناو سیاسەتدا بواری بۆ رەخساوە شانۆیەکی گەورەی بۆ ساز ببێت تا نمایشەکانی تێدا بەرجەستە بکات، لەوێ دەردەکەوێت کەوا بلێر توانای نمایشی زیرەکانەی بەرزی وەك سیاسییەکی هەمەجۆر تێدایە.

کە سیاسەتمەداران بایەخیان بە وردەکارییەکان نەدا، دیارە کەوا مەیلی نەرجسیەتیان هەیە، ئەگەر ئەکتەری سیاسی کەسێکی نەرجسی بوو، سەنتەرو بڕیارەکەی دەبێتە ئاوێنەی هەڵوێستە سیاسیەکەشی، لەسەر شانۆش رەنگ دەداتەوە، بۆیەش هەموو چاوەکان روو لەو دەکەن. بلێر ئارەزوویەتی زانیاریەکان تەنها لە یەك یان لە دوو لاپەڕە وەرگرێت، زۆر جار زانیارییە سەرەکیەکان ناخوێنێتەوە، کە باس لە رووی پشتەوەی بابەتەکە دەکات، بۆیەش سەیر نییە ئەگەر ئەو جۆرە سیاسەتمەدارانە ئوسلوبی نمایش‌و بەرێوەبردنی راگەیاندن بایەخی گرنگیان هەبێت. نەرجسیەت بۆ ئەکتەری سیاسی ئەوەیە کەوا وەرگرتن‌و گێڕانی رۆڵی پاڵەوان قسەی لەسەر نییە.

درۆ بووەتە عادەت

سیمای دووەم لە کەسایەتی بلێر لەسەر رامانەکانی خۆیەتی، ئەو بەردەوام وا دەزانێت ئەو کاردەکات رۆڵی باش بگێرێت، نووسەرو رۆژنامەنووس جیفری ویتکروفت دەڵێ من ئەو خەسڵەتە بە روونی لە کەسایەتی بلێردا دەبینم، ئەویش بە رەوشتی ئەو کەس و رێبازانە دەچێت کەوا لە سەدەی شازدەهەم پەیدابوون کە دەیانووت، (بۆ تاکە خاوێنەکان هەموو شتێک خاوێنە)، واتە ئەوەی ئەوانە دەیکەن پاك و بێگەردە. ئەوەی هەستدەکات، یان وا بیردەکاتەوە کەوا هەرگیز هەڵە ناکات، ئەوە کۆنترۆڵی لەسەر رەوشتی نامێنێت، ئەوانەی وا دەزانن درۆ ناکەن و بەردەوام راستی دەبێژن، ئەوە راستییەکان زۆر بەئاسانی و بەسادەیی دەشارنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بلێر زۆر بە شانازی و بە شکۆوە وتبووی:

توانیمان چوار زۆردارو دیکتاتۆر لە وڵاتانی کۆسۆفوو سیرالیۆن و ئەفغانستان و عێراق لەناو بەرین.

ئەوەی شایانی باسە کەوا پرۆسەکەی کۆسۆفۆ لە ساڵی ١٩٩٩ دوە لەلایەن هێزەکانی پەیمانی ناتۆوە بووە، لەو پرۆسەیەشدا پشتیوانی دبلۆماسی روسیشیان هەبووە، بەڵام بلێر تەنها لە سیرالیۆندا رۆڵی زۆر کاریگەرو سەرکەوتووی هەبووە، هێزەکانی بریتانی بە بەرنامە لەگەڵ هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کارکەر بووە، سەبارەت بە ئەفغانستانیش پرۆسەکە لەلایەن هێزەکانی موخابەراتی ئەمریکییەوە بووە کە لە ساڵی ٢٠٠١ بە هاوکاری هێزە تایبەتییەکانی ئەمریکی ئەنجامیاندا. سەبارەت بە عێراقیش دەسەڵاتەکە ئەمریکی بووە،

ئەگەرچی بریتانییەکان وەك هاوبەشێکی گەورەی سەربازی بەشداربوون، لەو شەڕەدا بلێر رووبەڕووی بوش بۆتەوە بە توندی قسەی لەگەڵدا کردووەو ئەو نەرمی کێشاوەو پاشگەز بۆتەوە. ژەنەراڵ کۆڵن پاوڵ کە ئاگاداری نزیکی پەیوەندی نێوان بوش و بلێر بوو، ئەو بە (ئەنتۆنی سیلدون) ی وتووە، ئەوەی کتێبێکی یاداشتنامەی دۆستانەی لەسەر بلێر نووسیوە دەڵێت:

من نازانم بۆچی لە کۆتایی هەموو کارنامەکاندا بلێر پشتیوانی لە بوش کردووە، من ئەوە بە کارێکی شۆك دەزانم، ئێستاش تێ ناگەم بۆچی ئەو لە هەموو شتەکانی بوش هاوسۆزو هاوکارە.

ئەگەر سەیری رووداوەکانیش بکەیت ئەوا میللەتی بریتانی وەك ئەمریکییەکان لە رۆژی ١١ ی سپتەمبەر هێرشی تیرۆریستی نەکراوەتە سەر، نازانم ئەو دوو کەسە چۆن گەیشتنە ئەو قەناعەتە کەوا سەدام حوسێن مەترسی لەسەر ئارامی جیهان هەیە...؟ بلێر مەترسی هەبوو، بەڵام هەرگیز کاردانەوەی نەبووە، من و جاك سترۆ دەمانویست ئەو پیاوە بوروژێنین، بەڵام ئەو بە قسەی ئێمە دەجوڵاو ئامادە دەبوو، بەڵام کە سەرۆکی دەبینی ئەو وزەیەی نەدەما، سارد دەبۆوە.

کارتی ئایین

کە بیر لەو کارە دەکرێتەوە هەستدەکەین لاوازییەك هەیە، بەڵام رەنگە مەسەلەکە هەر ئەوەندە بێت کەوا ئەو دوو کەسە لەسەر بەرنامەیەك حەماسیان هەیەو گەرمن لەسەر کارەکەو بە گرنگیشی دەزانن، دەیانەوێت لایەنە ئاسانەکانی ببینن و چاو لە ئاڵۆزیەکانی بپۆشن. بلێر باوەڕە ئایینییەکانی بەو پەیوەندییە دەبەستێتەوەو بوونی خوا لەلای ئەو رۆڵی هەیە، بلێر کەسێکی کریستیانی بە باوەڕەو بایەخی زۆریش بۆ ئیمامە کاسۆلیکیەکەی دادەنێت، بەڵام ئەوەیان لە رووکاردا بە سووکی نیشاندەدات، چونکە ئەگەر هەر سیاسەتمەدارێك بە کارتی ئایین گەمە بکات و ئەو کارتە نیشان بدات، ئەوە ئەستەمە لە خولی تری هەڵبژاردندا بباتەوە، دیارە ئەوەش لە ئەمریکادا هەیە.

لە رۆژی ٤ ی مارسی ساڵی ٢٠٠٦ دا لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا، رەنگە دڵنیابووە لەوەی کەوا لە پۆستەکەی وەك سەرۆك وەزیران نامێنێتەوە، لەوێدا بلێر لە بڕوا ئایینەکانیدا بە پارێز نەبوو، سەبارەت بە عێراق وتبووی:

ئەگەر بڕوات بەو جۆرە کارانە هەبێت، دەبێ بزانیت ئەحکامەکان سەرچاوەیان خەڵکەکەیە، ئەگەر بڕواشت بە خودا هەیە، ئەوە سەرچاوەکە هەر خودایە.

ماناکەش ئەوەیە کە لێپرسینەوەو ئیعتبارەکەش سەرچاوەکەی دەنگدەرەکان نییە، بەڵکو خوایە. ئەو جۆرە بڕوایەش هەستکردن بە لوتبەرزی کەم ناکات، بەڵکو بەرزو زۆرتری دەکات.

سەبارەت بە حاڵەتی ئیدمان لەلای بۆش وەك لایەنی کەسایەتییە ئاینییەکەی گرنگو پڕ بایەخە. ئەو لە ساڵی ۱۹۸٦ دا کە لەگەڵ قەشەی موبەشر (بیلی گراهام) لە خانووە هاوینەکەی بنەماڵەکەیان لە ولایەتی مین کە باوکی جێگری سەرۆك بووە کۆبۆتەوە، لەوێ لەسەر دەستی ئەو پەیمانی بە کریستیانیەت داوە.

بۆشی کوڕ وا دەزانێت کەوا خالیق نەك تەنها هێزێکەو لەگەڵ هەموو هەنگاوەکاندایەو بەس، بەڵکو هێزێکە بەرەو پێشەوەشمان دەبات، من هیچ گومانم نییە کەوا هێرشەکەی ۱۱ ی سپتەمبەر دەبوایە رووبدات، چونکە وڵاتەکەی ئەو پێویستی بەو ئەزموونە هەبووە. جارێکیان بە وەزیرێکی فەلەستینی وتبوو:

من لەلایەن خالیقەوە پشتیوانی دەکرێم، ئەو بە منی وتووە، جۆرج برۆ بەرەو عێراق تا ئامێری زوڵمو زۆرداری نەهێڵێت، منیش دروست وام کردووە.

جیفری بیریت، مێژوونوسی ژیاننامەی چەند سەرۆکێکی ئەمریکی وتوویەتی:

ئەو زمانە هیچ کام لە سەرۆکە ئەمریکییەکان لە مێژووی ئەمریکادا بەکاریان نەهێناوە. لە جیهانی بۆشو بلێر خالیق هێزێکە پاڵەوانەکان بەرەو رووبەڕبوونەوەی واقیعیان دەبات. لوتبەرزی مەسەلەیەکە ناکرێ بایەخی پێبدرێت، دوژمن کەسێکی بێ بەختەو بۆیەش پاڵەوانەکە دەبێ لە قۆناخێك لە قۆناخەکاندا، رووبەڕووی ببێتەوە. ئەوانە وا هەست دەکەن جەزای ئەو کارمیان خودا لە بەهەشت پاداشتیان دەداتەوە.

ڕەوشی تەندروستی

بۆش و بلێر ڕای گشتیان سەبارەت بە حاڵەتی تەندروستییان چەواشە کردووە، هەموو دەمێک ئەو دوو سەرۆکە وا دیاربوو کەوا فۆرمیان جوانەو تەندروستیان باشە، بەڵام ناتوانین وردو باش بزانین ئەوانە چ و چەند جۆرە دەرمانیان بەکارهێناوە، ئەوەش نازانین ئەو دەرمانانە چەند ڕۆڵیان هەبوو ئەوانە لوتبەرز بکات، خۆیان بە مەزن بزانن. لە هیچ لیست و تۆمارێکدا دیار نییە کەوا ئەو دوو سەرکردەیە خەمۆکییان هەبووە، خۆ ئەگەر لوتبەرزیشیان هەبووبێت ئەوا لە جۆرە بێگەردەکە بووە، کە لە پۆستە ناسک و گەورەکاندا دەردەکەوێت. ئێمە زۆر بە وردی باسی تەندروستیمان کردن، ئێستا پێویست دەکات سەیری وردەکارییەکان بکەین تا دڵنیابین ئەوانە نەخۆشی لوتبەرزی و خۆ بە زل زانینیان هەبووە.

تەندروستی بلێر

لە ڕۆژی ١٩ ی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٣ دا هەواڵێک بڵاودەکرێتەوە کەوا بلێر دەچێتە نەخۆشخانەی (ستۆک ماندیفیل) ی نزیک بارەگاکەی لە تشیکرز بۆ بەسەربردنی پشووی کۆتایی هەفتە. پاشان لەلایەن حکومەتەوە ئەو هەواڵە پشتگیری دەکرێت، پاشان بلێر دەگوازرێتەوە نەخۆشخانەی (هەمەر سمیپ) لە خۆرئاوای لەندەن بۆ وەرگرتنی چارەسەری دڵ، چونکە حاڵەتی لێدانی دڵی زۆرتر بووە. کە

بلێر هەر ئەو شەوە گەڕاوەتەوە داونینگ ستریت، لەوێ پێیان وتووە ڕەوشی زۆر باش بووەو هیچ سیمای ئەوەی دیار نەبووە کەوا نەخۆشی دڵی هەیە، بەڵام ڕایانگەیاندبوو کەوا ئەو لە نەخۆشخانەی هەمەر سمیپ چارەسەری دڵی کرابوو، لەو پرۆسەیەش زاراوەیەکی پزیشکی نادیارو نەزانراو بەکارهاتووە، بۆیەش گومان لەوە دەکرێت کەوا بلێر نەخۆشییەکی ترسناکی هەیە، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کە بیل کلینتۆن وتبووی:

کە ئەوەم زانی یەکسەر بۆ دڵنیابوون لە ڕەوشی تەندروستی پەیوەندیم بە بلێرەوە کردبوو، دیارە سەلامەتەو ڕەوشی جێگیرە، کە قسەشمان بە یەکەوە کرد. دەرکەوت ڕەوشی باشە، من زووترو لە مێژە دەزانم‌و ئاگادار بووم کەوا ئەو کێشەیەکی هەیە، خۆی چەند ساڵێك دەبێت پێی وتووم.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کلینتۆن ئەو بە منی وتبور:

بلێر دەیوت من ئەو حاڵەتەم لە نەنووستن‌و زۆر کارکردن‌و بەکارهێنانی ئاستی زۆری کافیین تووش بووە. ئەوەش گومانەکەی زۆرتر کردبوو کەوا بلێر نەخۆشە.

لە ڕۆژی ٢٧ی ئۆکتۆبەر پەیڤدارێك لە بارەگای سەرۆك وەزیرانەوە لەسەر قسەکانی کلینتۆن وەڵامی داوەتەوەو وتویەتی:

سەرۆك وەزیران کێشەی دڵی نییە، ڕۆژانەش تووشی هیچ گرفتێك نەبووە. هەروەها بلێر خۆشی بەو شێوەیە لە دیمانەیەك لەگەڵ ئیستگەی بی بی سی وەڵامی کلینتۆنی داوەتەوە:

ئەوە یەکەم جارە من تووشی ئەوەیان بم، منیش وتبووم،

ئەوەیان ئاساییەو چارەسەرکردنی نۆرماڵەو هەموو کەس تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت. لە بیرەوەریەکانی وەزیرێکی پێشووی حکومەتەکەی (دیڤید بلونکیت)ەوە دیارە کە وتوویەتی:

پاش دوو رۆژ لە پرۆسەی چارەسەرکردنەکە تۆنی بە تەلەفۆن بە منی راگەیاندبوو کەوا ئەو گرفتی هەیە، لەو ماوەیەش هەستدەکەم ژانەکەم زۆرە، من ئەوە پازدە ساڵە ئەو گرفتەم لە دڵدا هەیە، دیارە کەوا ئەو جارە ناچاربووە بچێتە نەخۆشخانە، ئینجا من بەراستی زانیم ئەو نەخۆشی دڵی هەیە.

من لە رۆژی ٤ ی نۆڤەمبەر لە ئاهەنگی پێشوازی دبلۆماسیدا قسەم لەگەڵدا کردبوو، لەوێ هەستم کردبوو ئەو نیگەرانە، دیارە بە تەمەنیش گەورە بووەو گەورەبوونەکەی پێوە دیارە، لەو رۆژەدا دیاربوو دەموچاوی گۆڕابوو، هەروەها کێشیشی کەمی کردبوو، بۆیەش من دەپرسم دەبێ نەخۆشی دڵەکەی پەیوەندی بە زۆربوونی جوڵەی غودەی دەرقیەوە هەبووبێت، چونکە لە کەمبوونی کێشەکەی و لە جووڵە کەوتنەکەی ئەوەی نیشاندەدا.

دکتۆرێك لەسەر پاسکیلەوە

لە مانگی دیسەمبەردا هەواڵێك بلاودەبێتەوە کەوا دکتۆرێك زۆر بە پەلەو بە ماتۆرسکیلێکەوە گەیشتۆتە بارەگای سەرۆك وەزیران، دیارە کەوا رەوشی خراپی بلێرە ئەوی بە پەلە گەیاندۆتە بارەگاکە، وتیان گوایە بلێر ژانە گەدەی هەبووەو دکتۆرەکەی چارەسەری

کـردووه، بـه بۆچـوونی رۆژنامـەکان، گوایـه ئـەو تووشـی هـەوکردنی ریخۆڵە کوێرە بووه. دکتۆرەکانی دڵیش لـه رەوشـی دڵـی بلێـر ئاسـووده نـەبوون، هەسـتیان بـه نیگـەرانی کردبـوو، چـونکه ئـەو دووچـاری رەوشێکی زۆر نائاسایی ببـوو، بـەڵام بـەوه بـەختیاربوون کـەوا لێدانی گوێچکەکانی دڵ ژانه سك پەیدا دەکات، بەڵام بەوەش بەختیاربوون که ئەوەشی نەبووه. هەر لەو رۆژەی رۆژنامەی دیلی میرور له ۲۰ ی مانگی نۆڤەمبـەری سـاڵی ۲۰۰۳ دا راپـۆرتێکی لەسـەر تەندروسـتی بلێـر بڵاودەکاتـەوه، مەسـەلەی دڵـی ئـەو بـەنهێنی ماوەتـەوه، کـەم بـاس دەکرێت، بەڵام شاژن ئیلیزابێت ئاگاداری نەخۆشیەکەی ئەو بووه، بۆیه ئەو وتبووی:

ئەو به منی وتبوو، کـەوا لـه مێـژه بـه دەست ئـەو نەخۆشـییەوه دەناڵێنێت. ئەوەش لەلایەن بیل کلینتۆنـەوه بـاس کرابـوو. پەیڤدارێك لـه نووسـینگەی سـەرۆك وەزیرانـەوه رادەگەیـەنێت کـەوا بلێـر هـیچ کێشەی تەندروستی نییەو دڵی زۆر باشه، پێشتریش کێشەی نەبووه، بۆ دڵنیابوون ئەوەش دووباره بڵاودەکەینەوه.

بەڵام له رۆژی یەکەمی مـانگی ئوکتۆبـەری ساڵی ۲۰۰٤ راگەیانـدرا کـەوا سـەرۆك وەزیـران دەبەنـه نەخۆشـخانەی هەمـەر سمیـپ، دکتۆرەکەش وتبووی هاتنەکەی ئەو تەنها له نارێکی لێدانی دڵی بـووه. بـەڵام لـه نەخۆشـخانەکەوه وتبوویـان کـەوا حاڵەتەکـه دڵەکوتـەی گوێچکەکانی دڵی بووه. چەند ساڵه قسەیەك هەیـەو دەگوترێـت کـەوا بلێر بۆ هاوسەنگیو راگرتنی دڵی دەرمـان وەردەگرێـت، مـن لـه یـەکێك لەو زانایانەم پرسی که زانیارییان لەسەر ئەو دەرمانه هەیـه، ئایا ئـەو

دەرمانە کاریگەریی لاوەکی لەسەر بلێر هەیە، ئەو دەرمانەی تووشی لوتبەرزیو خۆ بە گەورە زانینی بکات. ئەو وتبووی هەمان داوام لەسەر ئەو دەرمانەو کاریگەریەکانی لە وەزارەتی دەرەوە لەسەر سەدام حوسێن لێکرابوو، بەڵام هەندێ کەس قسەی وا دەگێڕنەوە کەوا ئەو دەرمانە کاریگەریی لەسەر ئەو رەوشە هەیە. یەکێك لە دکتۆرەکان نامەیەکی بۆ نووسیبوم کەوا ئەو گومانی لەسەر دەرمانەکان هەبوو، بۆیە بەردەوام لە تەلەفزیۆنەوە چاودێری سەرۆك وەزیرانم کردبوو، ئەو بۆی دەرکەوتبوو کەوا پێشەوەی قژی لە پشتەوە هاتبوونە پێشتر، کە زانراوە چارەسەری دڵی بۆ دەکەن، هەستکراوە قژەکەی دووبارە گەڕاوەتەوە پشتەوە. بۆیەش دکتۆرەکە پرسیبووی رەنگە بلێر دەرمانی (ریغین) وەردەگرێت کە یارمەتیی گەشەکردنی قژ دەدات، کە کاریگەریی لاوەکی پێوە دیارە وەك خێرایی لێدانی دڵ یان دڵەکووتە. کە دکتۆرەکان زانیوویانە ئەو دەرمانی ریغین وەردەگرێت، زوو بە پەلە پێیان وتووە، دەرمانەکە راگرەو چیتر بەکاری مەهێنە. بەڵام ئەوەی گرنگە کەوا راستی کەسایەتی بلێر سەبارەت بە لووتبەرزییەکەی پەیوەندی بە نەخۆشی دڵەوە نییە. بلێر بەردەوام رەوشی تەندروستی خۆی لە دەنگدەرەکان شاردۆتەوە، بۆیەش رۆژنامەنووسێك ئەومیان بە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن دەزانێت. بلێر یەکەم سەرۆك حکومەت نییە، رەنگە دوا سەرۆکیش نەبێت ئەوە بکات، بەڵام ئەو لەو ماوەیەی لەو پۆستەدا بووە ئەوەی کردووە، ئەوەش بەشێکە لە لوتبەرزیو لەو رێگایەشدا فێڵی لە هاووڵاتیان کردووە.

بەشی حەڤدەهەم

دەڵێن گوایە سەرۆک بۆش گەڕاوەتەوە سەر مەی خواردنەوە

لە هەفتەی یەکەمی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٠ دا رۆژنامەکان نووسیبویان گوایە جۆرج بۆش لە تەمەنی سی ساڵیدا بە سەرخۆشی گیراوە کە ئوتومبێلی لێ خوڕیوە. تا ئەو هەواڵە بڵاونەبێتەوەو کاردانەوەی خراپی لەسەر رەوشی هەڵبژاردنەکە نەبێت، زوو وتیان بۆش هەر لە ساڵی ١٩٩٩ دەزانرا کەوا ئەو لە کاتی گەنجیدا مەشروبی خواردۆتەوە، بەوەش مەسەلەکەیان تێدا بزرکردووەو مەسەلەکە ئاسایی بۆتەوە. بەڵام هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە روونبۆتەوە کەوا بۆش بەردەوام مەشروبی خواردۆتەوە، ئەوەش تا پێوەی دیار نەبێت باش چاودێری کراوەو سەرپەرشتی کراوەو مەشروبەکەی زۆر بەنهێنی خواردۆتەوەو بەردەوامیش ئینکاری کردووە.

بۆش دەڵێت من لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە کحولم نەخواردۆتەوە، بەڵام بە قسەی رۆژنامەکان دیارە قسەکە راست نییە، ئەو لە رۆژی ١٣ ی یەنایەری ساڵی ٢٠٠٢ بە سەرخۆشی‌و بە مەستی بینراوە کە سەیری گێمێکی یاری فوتبۆڵی ئەمریکی کردووە، لە ئاکامدا بەر بۆتەوەو سەری بەر زەوی کەوتووە، لە بەربوونەوەکەیدا ئێسکێکی زامدار بووەو لای نێوچەوانی چەپی رووشاوە، ئەوەش لە رۆژانی داهاتوودا تەندروستی ئاڵۆز کردووە، بۆیە بە شێوەیەکی نادروست پسکویتی سوێری خواردووە، بەڵام دکتۆرێکی بریتانی کە سەردانی زانکۆی جۆنز هوبکنزی کردبوو، پەیوەندی بە من کردبوو، بە منی وتبوو کە ئەو پەیوەندی بە دەستەیەك دکتۆری گەنج کردبوو، ئەوان وتبوویان ئەگەرچی سەرۆك رەوانەی نەخۆشخانەی (والتر رید) کرابوو، بەڵام

نموونەی خوێنیان رەوانەی نەخۆشخانەی (جۆنز هوبکنز) کردبوو، لەوێ دەرکەوتبوو کەوا رێژەی کحول لە خوێنیدا گەیشتبووە ٢٠٠ ملگم، بەلام ئەو جۆرە قسانە لەلایەن کۆشکی سپییەوە نکوڵی لێکراوەو هیچ نیشانەیەکیان نەدۆزیوەتەوە کەوا سەرۆك گەرابێتەوە سەر مەشروب خواردنەوە.

ئەو ناخوێنێتەوەو کەسێکی رۆشنبیریش نییە

جاران وا دەزانرا کەسایەتی تاك رۆڵی هەیە لە تووشبوون بە خولیابوون بە کحول، بەلام ئێستا دەڵێن ئەو کەسایەتییە رۆڵی کەمترە لە فاکتەرەکانی تری ئارەزووکردنی خولیابوون بە کحول.

ئەوەی روونو ئاشکرایە کەوا کەسایەتی هەندێ کەس، بەشێکی دانەبراوە لە عادەتی ئیدمان، ئەگەر بتوانن لەسەر ئەو خووە زاڵبن. بوش نکوڵی لەوەدا ناکات کەوا کەم دەخوێنێتەوەو وتوویەتی من کەسێکی رۆشنبیریش نیم، ئەوەش مانای ئەوە نییە وەك هەندێ کەس دەبێژن ئەو کەسێکی دەبەنگە. ئەگەرچی ئەو خوێندکاربووەو خوێندوویەتی، بەلام دەڵێنماڵەوەو دەسەلاتی بنەماڵەکەیان رۆڵی هەبووە بگاتە زانکۆی بیل. ئەو لە کۆلێژی یاسای زانکۆی بیل دەرچووەو خوێندنی ئابووریشی لە زانکۆی هارفارد تەواو کردووە، دیارە تەواوکردنی ئەو دوو بوارەش لە خوێندن بەبێ بەشێك لە زیرەکیش ئەنجام نەدراوە.

ئاستی زیرەکی

ئەوانەی دیمانەیان لەگەڵ جۆرج بۆشدا بووە، دەڵێن ئێمە بە ئاستی کەمی زیرەکییەکەی ئەو سەرسام بووین، دیارە ئەوەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا ئەو زوو زوو بیری دەڕوات و تەرکیزی نامێنێت و سروشتی زۆرتر وەرگرتنی نییە، لە دەربڕیندا زۆر باش ناتوانێت مەبەستەکەی بپێکێت و بیگەیەنێت، بە کورتی ئەوانەش هەموو هێمای ئەوەن مێشکی ئەو ئەرکەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی جێبەجێ ناکات.

فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی جۆرج بۆش لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا دەنگدەرەکان وا دەزانن ئەو خۆی وەك کەسێکی ئاسایی نیشاندەدات، ئەو وێنەیەی ئەو ڕۆڵی زۆری هەبووە لە سەرکەوتنەکانی، چونکە ئەو زۆر دەڵێ، من کەسێکی ئاسایم. جارێکیان ژورنالیستێك لە بۆش دەپرسێت، تۆ دەتوانی بە زمانی فەرەنسی قسە بکەیت، ئەو لە وەڵامدا وتبووی:

نەخێر.. نا... من بە زەحمەت دەتوانم بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەم.

ڕوخۆشیەکەی بۆش و گاڵتەکردنی بەردەوامی بۆشی لە زۆر هەڵەو زمان کەوتن ڕزگارکردووە، هەر ئەوەش ڕۆڵی هەبوو هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٤ دەنگی پێ بدەن.

یەك جار دواكەوتووە

لەوەتەی بۆش پۆستی سەرۆكایەتی ئەمریكای وەرگرتووە، ساڵانە راپۆرتی رەوشی تەندروستی بڵاودەكرێتەوە، بەڵام یەك جار ئەو بڵاوكراوەیە دواكەوتووە. ئەنجامی هەموو راپۆرتەكانی خاڵێكی وای تێدا نییە جێگەی بایەخ و سەرنج بێت، تەنها ئەو ماوەیە نەبێت كە ماوەیەك هەست دەكرا لێدانی دڵی ئاسایی نییە. بۆش ماوەیەك بوو قسەی نادروستی لە دەم دەردەچوو، ئەوانەش بووەتە مایەی گاڵتەپێكردن، ماوەیەكیش دكتۆرەكان سەرنجی ئەوەیان هەبوو كەوا رەنگە سەرۆك بۆش جۆرێك لە دیسلكسیای پێوەبێت، واتە خوێنلنەوەی زەحمەت، دەڵێن (نیل) ی براشی هەمان كەماسی لە خوێندنەوەدا هەیە. هەندێ گومان هەیە كەوا بۆش نەخۆشی A.D.H.D پێوەبێت كەوا تەركیزكردنی لاوازەو جوڵەشی لاری پێوەیە، ئەوەش تایبەتە بە كەسانی تەمەنی پێگەیشتوو، ئەو ئاڵۆزییەش لەگەڵ تەمەندا دەمێنێتەوە، كەوا بەردەوام جوڵەكانی ساز نین و تەركیزی تەواو نییەو تواناكەشی كەمە. ئەوەشیان یەكێكە لەو چوار ئاڵۆزییە نەفسییانەو سێیەمیشیان خەمۆكییە، لەگەڵ شێواوی لە پاش شۆكەوە دێتە پەیدابوون، هەروەها فاكتەری دابڕانیش هۆكارێكە كە لە ئاكامی مەستی و خواردنەوەی زۆری مەی سەر هەڵدەدات.

ئەو دكتۆرە دەروونیانەی بواریان سازبووە پشكنین لەسەر تەندروستی بۆش بكەن، دەڵێن ئەو تووشی حاڵەتێكی كلاسیكی كەسایەتی نرجسیەت هاتووە، ئەوەش حاڵەتێكی ئاڵۆزی دەروونی زۆر زەحمەتە. مێژووی دەستنیشانكردنی ئەو جۆرە ئاڵۆزییە دەروونییە

بەو دواییە لەلایەن کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکییەوە بڕیار دراوەو سەرەتای کۆششەکەش بۆ ساڵی ۱۹۹۰ دەگەڕێتەوە.

ئەو حاڵەتەش بە ریزێکی نەگۆڕەوە پەیوەندی بە خۆ بەزل زانینەوە لە خەیاڵ و لە رەوشتدا هەیە، کە پێویستی بە راکێشانی سەرەنجدان و نەمانی گونجانی سۆزەوە هەیە، ئەوەش لە سەرەتای تەمەنی گەنجییەوە سەرهەڵدەدات، لەلای ئەو کەسانەی رامانەکانیان زۆر ئاسایی بێت پەیدا دەبێت، کە دەخوازن بە نازەوە مامەڵەی تایبەتییان لەگەڵدا بکرێت، یان یەکسەر رامانەکانیان قبووڵ بێت. ئەوانە بەئاسانی کەسانی تر بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستەمۆ دەکەن و ئارەزووەکانیان پێ سازو گونجاو دەکەن، توێژینەوە دەروونیەکانی لەسەر تەندروستی جۆرج بۆش کراون، نیشانەی حاڵەتی قووڵتر لەوەیان تۆمارکردووە. زۆر لە توێژەرە دەروونییەکان دەنووسن کەوا سەرکردە سیاسییەکان وەك نەخۆش لە بن دەستی ئەوانەوە چارەسەری وەرناگرن، سیمگوند فروید بۆ نموونە کتێبێکی لەسەر وۆرد ویلسون نووسیوە کە هاوڕێیەکی ویلسون هاوکاری کردووە، پەرلەمانتارێکی حیزبی کرێکارانی جاران توێژینەوەیەکی لەسەر بلێر نووسیوە.

شێتی خۆبەزلزانین

دکتۆر جسنین فرانك کتێبێکی توێژینەوەی لەسەر بۆش نووسیوە، تێدا هاتووە کەوا سیمای کەسایەتییەکەی لەوە دەوەشێتەوە کەوا ئەو دووچاری شێتی خۆبەزلزانین هاتووە، دیارە پێویستی بە روونکردنەوەش نییە کەوا حاڵەتی خۆبەزلزانین پەیوەندی بە خووی لوتبەرزییەوە هەیە. دیارە کەوا ئاسان نییە هۆکارەکانی تووشبوونی بلێرو بۆش بە خووی لوتبەرزی بزانین، دیارە چەند فاکتەرێکی پەیوەندیی بە تاکی کەسەوە هەیە کە بوار ساز دەکات ئەو کەسە روو لەو خووە بکات، رەنگە فاکتەری تەندروستیش رۆڵی هەبێت، بەڵام هیچ هۆکارێکی دیار نییە. من وا دەزانم پێویستە کارو توێژینەوە لەسەر ئەو حاڵەتە بکریت بۆچی سیاسەتمەداران لە هەموو بوارەکان نەك هەموویان تووشی ئەو رەوشە دەبن. دیارە ئەوەش وەك دیاردەیەکی چەسپاو نییە بە کەسەکە، ئەو حاڵەتەش نییە کە بە ئاسایی سەرکردەکان دەگەیەنێتە ئەو پۆستە، ئەو سەرکردانەی دەگەنە ئەو پۆستە باڵایە ماوەیەك تووشی دەبن.



وەرگێڕ لەچەنددێڕێکدا :

لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری دێرینی (هەولێر) لەدایکبووم.
ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.
تا لە وڵات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.
لە ساڵی ١٩٩٨ەوە لە وڵاتی سوید دەژیم.

چاپکراوەکانم ...

لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ساڵی ١٩٨٥ کتێبی (هەولێر)م بە قەبارەی ٣٦٥ لاپەڕە ئامادەو چاپکرد.
هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٤ دا، ١٢ ژمارەی رۆژنامەی(هەولێر)م دەرکرد.

کەلاوە... ساڵی ١٩٩١ ڕیپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.

دیوەخانی فلێن... ڕۆژانەو ڕیپۆرتاژە، لە ساڵی ١٩٩٩ لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی زەحمەتکێشان لە دە ئەڵقەی درێژ بڵاوکرایەوە.

هەولێر... تا دبلن... ساڵی ٢٠٠٠ ڕیپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.

بەغدا.... بۆ هەولێر!... ساڵی ٢٠٠٠ ڕیپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.

مەملەکەتی فارگۆنەکان... ساڵی ٢٠٠١ ڕیپۆرتاژ، سلێمانی.

کاکە، ئەبو ئیسماعیل... ساڵی ٢٠٠١ ، سلێمانی.

بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو ساڵی ٢٠٠١ ڕۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە ٢٥ی گۆڤاری (ئایندە)ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

دە ڕۆژەکەی هەولێرم، (١١) وتارو ڕیپۆرتاژ بوو لە گۆڤاری (گوڵان)ی هەولێرو ڕۆژنامەی (کورد) لە ئوستراليا بڵاوکرایەوە.

ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.

سارد، یان گەرم، (١٢) ڕیپۆرتاژ بوو، لە ڕۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی لە یۆلیوی ٢٠٠١ تا یەنایەری ٢٠٠٢ بڵاوکرایەوەو وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.

فارگۆنەکان، ڕیپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بەدرخان لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە.

مەملەکەتی کەلاوە، وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەك نامیلکە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.

کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە

هەولێر ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکرایەوە.
هولۆکۆست... کتێبێکە لەسەر قڕکردنی جولەکە لە ئەوروپا، وەرگێڕان سەنتەری نما هەولێر ساڵی ٢٠٠٧.
دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٨.
مارتن لۆسەر، وەرگێڕانو ئامادەکردن، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی، سەنتەری مەسەلە هەولێر ساڵی ٢٠٠٨.
بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراك، رویاڵ، سارکۆزی..و: خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨.
سێکسو پۆلیتیك، دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...و: دەزگای سەردەم ساڵی ٢٠٠٨
تەها حوسێن، نابینایەکی بینا، وەرگێڕانو ئامادەکردن.. دۆسیەیەك لە گۆڤاری نما ساڵی ٢٠٠٨
٩٥٥ دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە دەزگای نما ساڵی ٢٠٠٨
دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە....و : دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٨
مەحبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە... سلێمانی ساڵی ٢٠٠٨
من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩
مۆساد.. وەرگێڕان هەولێر .. بڵاوکراوەکانی ئاودێر ساڵی ٢٠٠٩
دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ .. لە بڵاوکراوەکانی ئاودێر هەولێر ساڵی ٢٠٠٩

ترێنە خێرایەکی خۆرهەڵات... وەرگێڕان دەزگای موکریانی ساڵی ٢٠٠٩
ئامادەی چاپە:
هەتان... چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی ١٩٨٨ەوە ئامادەیە.
کاکە ئەبو خەلیل ... بەسەرهاتو گێڕانەوە .. سوید ساڵی ٢٠٠٨
سیڤییەکان ١.. کۆمەڵە دیدارێکە ساڵی ٢٠٠٢ - ٢٠٠٩
سیڤییەکان ٢ کۆمەڵە بابەتو دیمانەیە ساڵی ٢٠٠٢- ٢٠٠٩
جیهانی لە دیدی کۆشنێر ... وەرگێڕان ساڵی ٢٠٠٩
برادەرە جوانەکە، رەشیدە داتی ... وەرگێڕان ساڵی ٢٠٠٩
بۆکسە رەشە نهێنییەکە وەرگێڕان ساڵی ٢٠٠٨
دەسەڵاتی دوو ژن... ئەنجیلا مێرکلو ئیلیزابێسی شاژن ساڵی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨
بەهەشتی زیندان... وتارو ریپۆرتاژە لە ساڵی ١٩٩٦ەوەو بەبەردەوامی دەینووسم، ئێستاش گۆشەی (برێف) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکانا لەوڵاتو دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.

بەرهەمەکانی خانەی وەرگێڕان

ژ	ناوی کتێب	نووسەر	وەرگێڕ
١	دانگایی سوکرات	ی.اف.ستۆن	نیاز محەمەد
٢	کوشتن بەبیانووی ناموس	د.هیمداد مەجید	حەسەن عەبدول کەریم
٣	ڕاپۆرت بۆ گریکۆ	نیکۆس کازانتزاکیس	دلاوەر قەرەداغی
٤	شکست	ئەلکساندەر فادایێف	حەمەکەریم عارف
٥	ڕاڕەوی مەرگ	کارل تشیسمان	عەلی محەمەد
٦	من ڕۆژنامەنووسم	کامیلیا ئەنتخابفردو فرانسوا نیکۆلۆو منی لطفی	شێرزاد هەینی
٧	لەمۆدێرنەوە بۆ پۆسۆدێرنە	کۆمەڵێك نووسەر	ڕێبین رەسول
٨	کۆمۆنیزمی ئەورووپایی	ڤۆلفگانگ لیۆنهارد	د. کوردۆ عەلی
٩	جەنگی هەواڵگریی نێوان دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا و ڕوسیا	سیلینا بلیدوسکا و جوناسان بلوتش	هێرش هەورامی
١٠	کوڕێك لەناودا	ستیڤن دۆبینس	پێشەوا فەتاح
١١	ژنانی شۆخ و شەنگی دنیاو ئەژدیهایانی ڕۆژگار	ئەحمەد شەنوانی	ئەحمەد سەلام
١٢	جەنگی هەواڵگریی نێوان دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا و ڕوسیا بەرگی (٢)	سیلینا بلیدوسکا و جوناسان بلوتش	هێرش هەورامی
١٣	زمان و عەقل و کۆمەڵگە	جۆن سێرل	عەبدولا مەحمود
١٤	چۆن لەبواری ڕاگەیاندندا سەرکەوتن بەدەستدەهێنیت	جەلال فەرحی	لوقمان غەفوور
١٥	سەرمایەداری یان دیموکراتی؟	مارك ڤاۆربایێ	ئیسماعیل کوردە
١٦	ڕۆمانی تەپڵی باران	ئیسماعیل کاداریە	دلاوەر عەبدولا
١٧	بیرەوەریەکانی جەنەراڵ دیگۆل	جەنەراڵ دیگۆل	خالید هەرکی
١٨	ئەمریکا لە بەردەم چوار ڕێیاندا	فرانسیس فۆکۆیاما	ناسر سەلاحی
١٩	نیچە	جیل دۆلۆز	ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل

٢٠	خۆشەویستیی و وزەی دەروونی	د.یوری ریوریکوف	سۆزان جەمال
٢١	عەتر	پاتریك زۆسكیند	ئەرخەوان
٢٢	ئەردۆغان كێیە؟	چەند نووسەرێك	زریان رۆژهەلاتی
٢٣	قومار لەسەر مەحاڵ	سلافۆی ژیژەك	مەنسوری تەیفوری
٢٤	ژیان جوانە	كۆمەڵێك گفتوگۆ	هیوا قادر
٢٥	پێشبینێكی ئەفرەتلێكراو	جەنگیز ئیتماتۆف	جەوهەر كرمانج
٢٦	نادیار	ئەوال ئەلسەعداوی	تریفە محەمەد
٢٧	تیرۆریزم و جەنگ	هاوارد زین	محەمەد سالح
٢٨	لەفەرهەنگی كەلەپوورەوە	هادی ئەلعەلەوی	تەیب عارف
٢٩	هەیئە	سەلام عەبدوللا	محسن حسین
٣٠	هەڵپەی ئیمپراتۆرییانە	نۆم چۆمسكی	كامیل قەرەداغی
٣١	میدیای نێودەوڵەتی	تۆماس ئێل ماكفیل	هەندرێن شێرزاد
٣٢	ئەوەیە مرۆڤ	فردریك نیچە	رێبین رەسول
٣٣	بونیادنانی دەوڵەت	فرانسیس فۆكۆیاما	ئیسماعیل كوردە
٣٤	سەدەكانی ناوەراست	كۆمەڵێك نووسەر	هەورامان وریا قانع
٣٥	پانتوركیزم	جیكوب لاندۆ	ئەبوبەكر خۆشناو
٣٦	عێراق وەك كۆمپانیایەكی وەبەرهێنان	پراتاپ چاترجی	ئەیاد خالد
٣٧	چارەنووسی شومی ئیمپراتۆرێك	پیرتزلف فرانسوی	هێمن جولا
٣٨	لەمۆدێرنەوە بۆ جیهانگەرایی	ج.تیمونز ڕوبیرتس ، ئەیمی هایت	محەمەد حسێن
٣٩	رۆمیۆ و جولێت	ولیەم شكسپیر	عەزیز گەردی
٤٠	دیالۆگەكانی كرتایی سەدە	ریچارد كیرنی	دیار عەزیز شەریف
٤١	قەرەج	جان ـ پول كلیبیر	نوری سەعید
٤٢	مەم و زین (بەئینگلیزی)	ئەحمەدی خانی	عەزیز گەردی
٤٣	كورتە مێژووی زەمان	ستیفن و. هاوكینگ	سامان عەبدوللا
٤٤	شەوكوتەكان	ئیبتسام ئەعیم	جەلال دەباغ
٤٥	سەرۆكی و ئەخۆشی	دیفید ئەوین	شیرزاد هەینی
٤٦	هاتا یۆگا	سوامی سڤان مارامـا	هاوبیر كامەران

من وا هەست دەکەم ناوەرۆکی ئەم کتێبە بابەتێکی زیندووەو کەم لە کوردستان‌و ناوچەکەمان ئازایانە ئاوڕی لێ دراوەتەوە، چونکە ماوەی حوکمڕانی سەرۆکەکانی ئەم ناوچەیە، تا مردنە لە کورسییەوە بۆ نەخۆشخانە، یان یەکسەر بۆ گۆڕستان بووە، لەو ماوەیەشدا کەس باسی نەکردوون‌و توێژینەوەی بابەتییانەیان لەسەر نەنووسراوە.

کتێبی دەسەڵات‌و نەخۆشی، کە لە لایەن وەزیری دەرەوەی بەریتانی پێشووتر (دیڤید ئۆوین) نووسراوەو لە ڕۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر باندۆری سەرۆکە نەخۆشەکانی جیهان . بابەتێکە لەسەر باندۆری نەخۆشییەکان‌و چارەسەرکردنەکانی بەدەنی‌و دەروونییان، لەسەر بەڕێوەبردنی دەسەڵات‌و دەرکردنی بڕیارەکان، کە ئەنجامی بڕیارەکان کوێرانەو گێژانەو گەوجانە بووە.

